تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

عەقڵگەرایی

عومەر میراودەلی

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

2005

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٣٦٦)

عەقڵ گەرایی

عومەر میراوەدەلی

سلێمانی ٢٠٠٥

عەقڵ گەرایی

نووسینی: عومەر میراودەلی

بابەت: لێکۆڵینەوە

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

هەڵەبڕی: نووسەر

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی ڕوون

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٦١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

www.roshnbiri . org

سەرەتايەك

لە كلتوری ئێمەدا ئەوەندەی قسە لەسەر ئەو دەق و گوتەزايانە كراوەو گوتراونەوەو لە بەر كراون، ئەوەندە قسە لەسەر بەعەقلانیبوونی ئەو دەق و گوتەزايانە نەكراوە. ئەو گوتەزاو قسانەی لە مێژووی ئێمەدا بەبێ دەستكاری كردن و تێپەڕاندن ماونەتەوە، شايستەی قسە لە سەر كردن و تێپەڕاندنن. ئەگەر كەسێكيش، قسەيەكی كردبێ و خاوەنی گوتارێكی ديكە بوبێ جيا لەو گوتارە باوەی لە مێژوودا بەبێ دەستكاری كردن ماوەتەوە، كەوا ڕوانين و بۆچونەكەی بەبێ پشتگيری كردنی گوتەو بيروڕاكانی پێش خۆی نەبووە. كەمتر لەكلتوری ئێمەدا كەسێك قسەيەكی كردووە، بيرو ڕايەكی دەربڕيوە، سێبەرو هەژموونی بيرو ڕاو ڕوانينی پێش خۆی بەسەرەوە نەبووبێ. ئەمە تەنيا بواری فكری نەگرتۆتەوە، بەڵكوو هونەرو ئەدەبيش ڕووبەڕوی ئەم گرفتە بۆتەوە. كاتێك پێناسەی ئەدەب و هونەر كراوەو پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری هەڵسەنگێنراوە، بەشێوەيەكی ديارو بەرچاو، چەندين پێناسەی دوبارەبۆوەو باو گوتراونەتەوە. گوتاری باڵا دەست لەلای ئێمە زياتر ئەو گوتارە بووە كەهەست و سۆزو لايەنی هەستی (الحسی) مرۆڤ دەجوڵێنن، ئەمەش زياتر پەيوەندی بەو هەل و مەرج و بارودۆخە سياسی و كۆمەلايەتی و ئابوورييەوە هەبووە، كە ڕۆڵی ديوە لە فورمەلە بوون و گەشەكردنی ئەم جۆرە گوتارەدا. چ گوتاری ئاينی، ئەدەبی، نەتەوايەتی و نيشتمانی، بەرەنجامی ئەم هەل و مەرج و بارودۆخانە بووە. بۆيە كەمتر عەقلانيەت و ڕەخنە ئامادەيی هەبووەو ئەم گوتارانە نەخراونەتە ژێر پرسيارو لە چوار چێوەيەكی عەقلانی و ململانێ ی فيكری و عەقڵی تەندروستدا گەشەی نەكردووە. ئەگەر ڕۆشنگەری

لەلایەك گومانی لەو عەقڵە باوو بیرو بۆچوونە سەپاوو دوگماییانەی سەردەمی خۆی کردبێ‌و یەکێك لەکارەکانی ئەوە بووبێ هەوڵی تێپەڕاندنیانی دابێ، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا متمانەو دڵنیایی بەرانبەر بەعەقڵ، بوو بەهۆی دووبارە بوونەوەی هەمان حاڵەتی پێش ڕۆشنگەری. ئەگەر پێش ڕۆشنگەری بیرو بۆچوون‌و ڕوانینە خەیاڵپڵاوییەکان(الوهم) مرۆڤیان دووچاری چەقبەستن‌و دوگمایی کردبێ، ئەوا ئەم جارە بەرانبەر بە عەقڵ ئەم پرۆسەیە دووبارەبۆوە. ئەگەر پێش ڕۆشنگەری بواری کارو چالاکی عەقڵ لە سنوورێکی تەسکدا هێڵرایەوە، ئەوا لەقۆناغی ڕۆشنگەری دا عەقڵ بواری بۆ کارو چالاکییەکانی دەرەوەی عەقڵ تەسك کردەوە. ڕۆشنگەری ئەو شوێنگەیەی بە عەقڵ بەخشی کە پێی وابوو، تەنیا لەڕێگەی عەقڵەوەو بەبێ هیچ هێزێکی دیکە دەتوانێ جیهان بخوێنێتەوەو نهێنییەکانی بوون‌و ژیان ئاشکرا بکا. ڕۆشنگەری پێویستی بەو گومانە هەبوو، کە لە بەرانبەر یاسا باوو بیروبۆچوونەکانی پێش ڕۆشنگەری بەکاری بێنا.

گومان ئەو میکانیزمەیە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ڕاستی‌و بەدیوێکی دیکەشدا بەرەو هەڵەی دەبا. هەندێ جار مرۆڤ ئەنجامی دڵنیایی‌و دوور لە گومان کردن، بۆچوونە هەڵەو ئەفسانەکان، وەك ڕاستییەك قبووڵ دەکاو بەپێچەوانەشەوە، گومانوالەمرۆڤ دەکا بڕوا بەڕاو بۆچوونی ڕاست نەکاو بە پێچەوانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا. گومان لەلای دیکارت ئەو پێدراوە بوو کە بنچینەی فکری خۆی لەسەر دارشت. ئەو لاپەڕانەی مێژوو کەم نین کە باسی ئەو ململانێیانەمان بۆ دەکەن، کە لەنێوان ئەولانەی خاوەنی عەقڵییەتێکی دوگما بوون‌و گومانیان لەو ڕاستیانەکردووە کە بە بەڵگە ڕاستییەکانیان سەلمێنراوەو ئەوانەی

هەلگری ئەو بەلگە سەلمێنرانە بوون. وەك چۆن بیرمەندو فەیلەسوفان لە لێكدانەوەی سروشتو دەورووبەرو بوون بەگشتی ڕووبەڕوی هەڵەو لێكدانەوەی جۆراو جۆر بوونەوە، بەهەمان شێوە هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی دەقەكانی ئاینیش، بەدەرنین لە هەڵەو خوێندنەوەی جۆراو جۆر. هەل و مەرج و بارودۆخی دژوارو سەختی كوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی، كارێكی وای كرد، كەنوسین و بابەتی فیكری و فەلسەفی پانتایەكی كەمیان بەربكەوێ. ئەمەش بواری بۆ گوتاری شیعریی ڕەخساند كە ببێتە گوتاری زاڵی ناو ڕۆشنبیری ئێمە. ڕۆشنبیرو خوێنەری كورد جگە لەزمانی كوردی زمانی عەرەبی سەرچاوەیەكی دیكە بووە بۆ فێربوون و شارەزا بوون لە فەرهەنگو ڕۆشنبیری گەلانی دیكە، لە عیراقی بەعسیشدا بەهۆی ئەو دەرگا داخراوییەی سەردەمی ڕژێمی بەعس نەك خوێنەرو ڕۆشنبیری كورد، بەڵكو خوێنەرو ڕۆشنبیری عەرەبیش لە زۆربەی بزاڤە فكری و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییەكانی جیهان بێ ئاگابوو، كارو چالاكی و بیرو بۆچوونی بیرمەندو فەیلەسوفان، بە هۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارو سەختە، درەنگ گەیشتنە وولاتی ئێمە. لەدوای ڕاپەڕینەوە بزاوتێكی فیكری و فەلسەفی لە كوردستان بەهەوڵی كۆمەڵێكی وەك (ڕەهەند) و (ژیان) دەستی پێكرد. هەریەك لەو هەوڵانە بانگەشەی گوتارێكیان كرد، كەبووە هۆی جۆرەدابڕانێك لە گوتاری پێش خۆی، كەلەگوتارێكی شیعری و سۆزگەراییدا بەرجەستەبووبوو. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كەگوتاری شیعری و سۆز پێویست نەبێ، بەڵكو مەبەست لەوەیە كە گوتارێك ئەوەندە باڵا دەست دەبێ، بوارێكی واناهێڵێتەوە گوتارەكانی دیكە بێنە قسە.

سروشتی عەقڵ

هەر لەوکاتەوە، کەمرۆڤ لەو سەرزەوییەدا، ئەرکی جێ نیشینایەتی پێسپێرراوە، لە بەرامبەر ژینگەو دەوروبەرو گۆرانکاریە سروشتییەکاندا، دووچاری تێرامانو بیرکردنەوەو هەڵوێستی جۆراوجۆر بووەو بەدوای وەڵامی پرسیارە چارەنووس سازەکاندا گەڕاوە. ئەوەندەی وەڵامەکان مرۆڤی ڕوویەڕوی کێشەو گرفت کردۆتەوە، ئەوەندە پرسیارەکان نەبوونەتە گرفتو کۆسپ، چونکە سروشتی پرسیار ئەوەندە ئاڵۆزو پڕ کێشەوگرفت نییە، وەك ئەوەندەی وەڵامەکان مایەی مشتو مڕو لێدوانو ململانێی نێوان بیروڕاو فەیلەسوفان بەتایبەتیو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی بووە. تواناو دەسەڵاتو عەقڵو ئاستی هۆشیاری دەست نیشانی سنووریوەڵامەکانی کردووە. کاتێك مرۆڤ لەپشت بەستن بەعەقڵیش، بۆوەڵامی هەندێك پرسیار کەوتۆتە گومانەوە، ویکڕای عەقڵ خەیاڵو ئەفسانەش ڕۆڵی دیارو ئاشکرایان، بۆوەڵامی پرسیارەکان دیوە. والأبونی دەلاقەیی ئەفسانەو خەیاڵ بەرەنجامی دەستەو ستانی ئەقڵی مرۆڤ بووە، لەبەرامبەروەڵامی هەندێك لەوپرسیارانەدا. ئەمەش تینوێتی مرۆڤی بەدرێژایی مێژوو بۆدۆزینەوەو گەیشتن بەوەڵامەکان دەرخستووە.

دیارەوەڵامەکانیش بەئەندازەی شارەزاییو ئاستی هۆشیاری کەسەکان لێکدی جیان. وەڵامی زۆربەجیایە لەوەڵامی ئەو چینە دەستە بژێر (النخبة) یەی کەهەروا بە زوویيو بێ تێرامان،وەڵامی نەداوەتەوەو رەهەندە نادیارو شارەوەکانی پرسیاری دەست نیشان کردوەووەڵامی جۆراوجۆری بۆپرسیارەکان خستۆتە ڕوو. ململانێی نێوان بیریارو فەیلەسوفان پانتاییوەڵامەکانی فراوانتر کردووەو بووەتە هۆی

سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانەو ڕێبازی فەلسەفیو فیکری جۆراو جۆر. مرۆڤوێـڕای هەوڵـدانی بـۆ گـۆڕینی ڕووی نەسـتوور(مـاددی) ژیـانیو خزمـەتکردنی جەسـتەی، هـەوڵی داوە عـەقڵووزەو تواناکـانی دیکـەش بخاتە کارو لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو جێ بەجێ کردنـی ئـەرکی جـێ نشینایەتیدا لەسەر زەوی بەکاری بێنێ. دوالیزمـی جەسـتە/ عـەقڵ ئـەو دوالیزمەن کەلەگەڵ ئەوەشدا، چالاکی هەر یەکێکیان لەوی دیکە جیایـە، پەیوەندییەکی بەردەوامیان بەیەکەوە هەیـە. چالاکییەجەستەییەکانیش لـە ڕێگـەی عەقڵـەوە ئاڕاسـتە دەکـرێن، جگـە لەوچـالاکییانەی کـە ناهۆشـیارینو دوور لـەئیرادەی مـرۆڤ ئـەنجام دەدرێـن. مـرۆڤ ئـەم دروستکراوەی خودایـە، کـە دەیـەوێ لـەم دیـوی نهێنیـەکی ئاشـکراکراو بچێتە ئەودیوی نهێنیەکی دیکەو ئەم حەزی گەڕان بەدوای نهێنیو نادیار لەچـەندین شـێوازی جۆراوجـۆردا بەرجەسـتە دەکـا. گـەڕان بـەدوای نهێنیونادیارو دڵنیانـەبوونی بەهـەمووەڵامێکو چـەکەرەکردنی پرسـیار لـەدوای پرسـیار لـەقووڵایی هەسـتو نەسـتیدا، بەشـێکە لەسروشـتی مرۆییانەو پێکهاتەیو هەوڵدانێکە بۆسەلماندنی بوونی خۆی. هەندێ جار مـاڵو سـامان دەبێتـە ئـەو نهێنییـەی کـە دەبـێ ئاشـکرا بکـرێ، دوایـی لەدەلاقەو پەنجەرەیەکی دیکەوە دەڕوانێو لە ئاسـۆیەکی نادیـارەوە بـۆ ئاسۆیەکی دیکەی نادیار دەگەڕێو بەردەوام پەنجەرەکان دەکاتەوەوواز لـە ڕامـانو بیرکردنـەوەو گـەڕان نـاهێنێ. لـەودیوی هـەر بینراوێـك بـۆ نـەبینراوێك دەگـەڕێو بەڕێگـەی ئەفسانەداوێڵی جیهـانی نادیـار دەبـێو دەیەوێلـــەم جیهانـــە ئەفســـوناوییەدا، گەشـــتێك بـــەنێو خەونەوەدینەهاتووەکانیدا بکات. لەباوەش کردنی بە هوونەرو ئەدەبـدا، جارێکی دیکە، گوزارشت کـردن لـەو حـەزە بەرجەسـتە دەبـێ. ئـاینیش

بەشێکە لەو خواستەی مرۆڤ کەدەیەوێ بەهۆیەوە جیهانێکی دیکە لەم دیو ئەم جیهانە بینراوو هەست پێکراوە بدۆزێتەوە. خەونی نادیار ئەو پرسیارەیە، کەبەردەوام مرۆڤ لە هەر قۆناغو بارو دۆخو ئاستێکی هۆشیاریدابێ کردوویەتی. عەلی عیزەت بیگوفیچ دەڵێ ((بۆنەوەی ڕەگو ریشاڵی هونەر لەناو ئاییندا بدۆزینەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو، ئەو کاتە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ کەئاینو هونەرو ڕەوشتە سەرەتاییەکان یەك سەرچاوەیان هەیە، ئەویش بریتیە لەئارەزووی مرۆڤ بۆ جیهانێکی نادیار))[١].

(کانت) لەو بڕوایەدابوو، کە گەیشتن بەڕاستییەکانی ئایین لەڕێگەی عەقڵی ڕووتەوە، پرۆسەیەکی ناتەواوەو عەقڵو میتافیزیك نابێ بەیەکەوە باس بکرێن، بواری عەقڵو میتافیزیك لەیەکدی جیان، کانت پێی وابوو کەدەکرێو دەشێ باسی خوداو ئازادیو نەمری بکرێ، بەڵام ئەم باسانە، دوور لەچوارچێوەی پێویستییەکانی بوونەوە، مرۆڤ دوچاریگومراییو سەر لێ شێوان دەکەن[٢]. مرۆڤوەك چۆن لەڕێگەی عەقڵەوە، ئەو ژینگەو دەوروبەرەی ناسیوەکەتێیدا ژیاوەو جیهانی بینراوی لێکداوەتەوەو بەپێی ئاستی گەشەی عەقڵو هۆشیاری، لەو چوارچێوەیەدا، چەندین بیرو بۆچوونو هەوڵی بۆلێکدانەوەی ژیانو بوون پێشکەش کردووە، بەهەمان شێوە سنووری ئەم جیهانە بینراوەشی بەزاندووەوویستوویەتی لەجیهانی نادیاریش بگا. لەپاڵ ئاییندا کە، بەشێکی جیهانی نادیاری بەهۆی نێرراوەکانی خوداوە بۆمرۆڤ ئاشکرا کردووە، فەیلەسوفو بیریارانیش قسەیان لەو جیهانە نادیارە کردووە. ئەوەی لەپانتایی مێژووی مرۆڤایەتیدا، زیاتربووەتە هۆی ململانێی نێوان بیریارو فەیلەسوفانو هەڵگرانی پەیامی خودایی، لایەنی نادیار بووە، چ

نێراوانی خوداو چ فه‌یله‌سوف‌و بیریاران ڕووبه‌ڕووی ئه‌و پرسیارانه بوونه‌ته‌وه، که خه‌ڵك له‌نادیار كردوویه‌تی. هه‌ندێك له‌ولایه‌نانه‌نادیارانه‌له‌گه‌ڵ گه‌شه‌ی فیکرو فه‌لسه‌فه‌و به‌ره‌و پێشه‌وه‌چوونی كۆمه‌ڵگه‌و گۆڕانی عه‌قڵ‌و هۆشیاری زیاتری مرۆڤ ئاشكرابوون‌و هه‌ندێكیشیان ته‌نانه‌ت نێراوه‌كانی خوداش‌وه‌ڵامیان پێ نه‌بووه. ئه‌گه‌ر له‌قۆناغ‌و سه‌رده‌مێكی دیاری كراوی كۆمه‌ڵگه‌ی مرۆڤایه‌تی داو به‌ره‌نجامی ناهۆشیاری‌و سستی ڕه‌وتی عه‌قڵگه‌رایی، هه‌ندێك له‌وپرسیارانه‌ی كه‌مرۆڤ ده‌رباره‌ی ژیان‌و بوون كردوویه‌تی‌و له‌بازنه‌ی نادیاردا ماونه‌ته‌وه، ئه‌وا له‌قۆناغ‌و سه‌رده‌می دواتردا‌و دوای ئه‌و گه‌شه‌و جم‌و جۆڵ‌و چالاكییه به‌رچاوه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ی مرۆڤایه‌تی له‌چوارچێوه‌و شێوه‌ی جۆراوجۆری بزاوتی عه‌قڵگه‌رایی‌و فیكری‌و ژیاری‌و شارستانێتی به‌خۆیه‌وه‌دی، زۆربه‌ی ئه‌و نادیارانه له‌به‌رگی پێواری‌و نادیاری دا نه‌ماوه‌ته‌وه‌و ئاشكرابوون. نادیاری دوێنێ بووه به‌دیاری ئه‌مڕۆ. به‌شێك له‌و پرسیارانه‌ی دوێنێ، بێ‌وه‌ڵام بوون، ئه‌مڕۆ وه‌ڵام دراونه‌ته‌وه. ئه‌گه‌ر مرۆڤ هه‌وڵی دابێ خۆی له‌وه‌ڵامی پرسیاره‌كان نه‌دزێته‌وه‌و بۆ هه‌ر پرسیارێك‌وه‌ڵامی جۆراو جۆری درابێته‌وه، ئه‌وا هه‌ڵبژاردنی‌وه‌ڵامی ڕاست، ئه‌و دووڕیانه بووه، كه مرۆڤی ڕووبه‌ڕووی ڕامان‌و بیركردنه‌وه كردۆته‌وه. كاتێك مرۆڤ هه‌وڵی داوه له نهێنیه‌كانی ژیان‌و بوون‌و سروشت بگا، گومانی له عه‌قڵ‌و هه‌نگاوه‌كانی خۆی هه‌بووه، له‌م پرۆسه‌ی دۆزینه‌وه‌ی نهێنیاته‌و ئاشكراكردنی نادیارانه‌دا. ئه‌م گومان‌و ڕاڕاییه سه‌ره‌تاو ده‌سپێكێكی كاریگه‌ر بووه، بۆ ئه‌وه‌ی زیاتربه قوڵایی‌و دیارده نهێنیه‌كاندا ڕۆبچێ‌و هه‌رزوو باوه‌ڕی نه‌كردووه، ئه‌م باوه‌ڕنه‌كردن‌و گومانه عه‌قڵی چالاكتر كردووه‌و سه‌روه‌رێتی ئه‌وه‌ی

پێ بەخشراوە، کە بتوانێ پرۆسەی هەڵاوێردن و لێکدی جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە بەئەنجام بگەیەنێ. لێرەوە مرۆڤ لە گومانەوە بەرەو ڕاستی و دڵنیایی هەنگاوی ناوە. (دیکارت) یەکێك بوو لەو فەیلەسوفانەی کەلەگومانەوە دەستی پێ کردووە. گومان لەعەقڵ گومان لەهەستەوەرەکان، چونکە بەڕای دیکارت ئەو زانیارییەی لەڕێگەی هەستەکانمانەوە دەستمان دەکەوێ جێگەی گومانەو بەهەمان شێوە عەقڵی مرۆڤیش، مرۆڤ ڕووبەڕووی هەڵەدەکاتەوە. ئەوەی دیکارت گومانی لێی نەبوو، ئەو کەسە بووە کە گومانی هەیە، بۆیە گەیشتە ئەو بیرۆکەیەی کە گومانێ لەوە نەبێ کە هەیە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بە گوتە بەناوبانگەکەی بناسرێ کە دەڵێ ((من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم))[٦].

هەر یەکێك لە پێنج هەستەکان و عەقڵ و غەریزە، سەرچاوەی زانین و مەعریفەی مرۆڤن و بەهۆیانەوە مرۆڤ توانیویەتی خۆی و ژینگەو دەوروبەرو گەردون بناسێ و لەدیاردەو نهێنییەکانی سروشت ورد بۆتەوە. ئەو سروشت و زگماکەی کە مرۆڤی لە سەر دروست کراوە، هەروەك خودا لە قورئاندا باسی دەکا سەرچاوەیەکی دیکەی ناسینی بوون و گەیشتنە بەدڵنیایی و ڕاستییەکان. زۆر جار مرۆڤ لە ئەنجامی بەراورد کردنی عەقڵ و جیهانی دەرەوەدا دەکەوێتە هەڵەوە، چونکەوەك دیکارت بۆی دەچێ، هەر تەنها جیهانی دەرەوەی مرۆڤ سەرچاوەی زانین نییە، بۆیە پێویستە مرۆڤ بگەرێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکە، تاکو زانین و مەعریفەوەدەست بێنێ، ئەو سەرچاوەیش سروشت و زگماکە. ئەمەش نەك سەرچاوەیەکەو بەس، بەڵکو بەرای دیکارت لەو سەرچاوەیە چاکترە کە مرۆڤ لەدەرەوەوەدەستی دێنێ " چونکە بۆ گەیشتن بەزانین و

مەعریفە دەست پێکردن لەناوەوە بۆدەرەوە چاکترە لەدەرەوە بۆ ناوەوە. بۆیە دیکارت بڕوا هێنان بە خوّمان، یان بەواتایەکی دیکە دڵنیابیمان لەوەی کەبیردەکەینەوە کەواتە هەین و بڕوا هێنانمان بەخودا ڕاستی حاشا هەڵنەگرن، چونکە لە سروشت و زگماکەوە سەرچاوەیان گرتووە[1]. زۆر جار مرۆڤ دوای بیرکردنەوەو تێرامان دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە بڕوا بەهەندێك لە ڕاستیەکان بێنێ، ئەمەش زیاتر کاری بیریارو فەیلەسوفانە. هەر هەمان ئەو ڕاستیانەی کە لەلایەن ئەو بیریارو فەیلەسوفانەوە دوای ڕامان وبیرکردنەوە بڕوایان پێ دەهێنری، ئەوا خەڵکی دیکە دوور لە تێرامان و بیر کردنەوەی بیریارو فەیلەسوفان بە هۆی سروشت و زگماکەوە بڕوایان پێ دێنن و ڕاستی بونیان دەسەلمێنن. لێرەدا مەبەست لەوە نییە کە بیرکردنەوەو تێرامان تایبەت بێ بە هەندێك کەس و لەوانە بیریارو فەیلەسوفان و سروشت و زگماکیش تایبەت بێ بە هەندێکی دیکە. هەموو مرۆڤێك خاوەنی ڕامان و بیرکردنەوەو سروشت و زگماکیشە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە، کە هەندێك لەو بیرو فەیلەسوفانە لەئەنجامی پشت بەستنی زیاتریان بە عەقڵ و تێرامانەوە سروشت و زگماك پشت گوێ دەخەن. هەرچەندە ئەو سروشت و زگماکە زۆر جار بەئاگا دێت و ئەو کاتە لەگەڵ عەقڵدا ئاشت دەبێتەوە. بۆیە زۆر لەو بیرو فەیلەسوفانەی بەدرێژایی مێژوو، دوای ئەوەی لەڕێگەی عەقڵەوە نەگەیشتوونەتە، هەندێك ڕاستییەکان ئەوا بەهۆی بە ئاگاهاتنی سروشت و زگماکیانەوە، هەستیان بەهەڵەکانی عەقڵ کردووەو بڕوایان بەخوداو ڕاستییە نادیارەکان کردووە.

عەقڵ ئەو پانتاییەی لەژیانی مرۆڤ دا داگیر کردووە، کە ڕۆڵی بۆ ناسین و دۆزینەوەی نهێنیەکانی سروشت و دۆزینەوەو داهێنانەکان

لەبواری زانستو زانیاریو ئەستوودا گرتۆتەوە. چونکە دۆزینەوە زانستیەکانو پەی بردن بە نهێنیەکانی سروشت ئەوەندەی کاری عەقڵە، ئەوەندە کاری سروشتو زگماك نییە. وەنەبێ لێرەدا بمانەوەێ دۆزینەوەکانی بواری زانستو زانیاری بەعەقڵ بسپێرینو نادیارەکان بە سروشتو زگماکی مرۆڤ. چونکە لەقورئاندا چەندین ئایەت هەن کە مرۆڤ هاندەدەن بۆ ئەوەی لەرێگەی عەقڵەوە، خودا بناسێ، بەڵام جگە لەعەقڵ مرۆڤ خاوەنی ئەو سروشتو زگماکەیەکە بەهۆیەوە خودا دەناسێو بڕوا دێنێ. ئەرکی عەقڵوەك چۆن دۆزینەوەو پەی بردنە بە نهێنیەکانی سروشتو لێکدانەوەی دیاردەکان، بەهەمان شێوەش ئەو ئەرکەدەبینێ کە خودا بناسێ. ئەرکو ڕۆڵی عەقڵ لەژیانی مرۆڤدا، تایبەت نییە بە سەردەمو کاتو شوێنێکەوە، بەڵام دەشێ بگوترێ عەقڵ لە سەردەمو قۆناغێکدا جیایە لەسەردەم قۆناغێکی دیکەو دەرەنجامەکانی عەقڵ لە قۆناغو سەردەمەکاندا جیاوازییان هەیە. عەقڵی تاکو کۆ کاریگەریان لەسەریەکدی هەیە. فەیلەسوفو بیریاران ئەو تاکانەن کە کاریان لە عەقڵی کۆو زۆربە کردووەو عەقڵی ئەمان کەمتر کاری لە عەقڵی بیریارو فەیلەسوفان کردووە،چونکە بیر یارو فەیلەسوفان خاوەنی ڕوانینو بۆچوونی تایبەتی خۆیانو ئەو ڕاوبۆچوونانەیان هەندێك جار لەگەڵ ڕای گشتی کۆمەڵگەدا دژایەتی نییەو زۆر جاریش دژایەتی هەیەوبەپێچەوانەوەیە. ئەگەر بیریارو فەیلەسوفان بڕواو ڕوانینیان لەگەڵ ڕوانینو بۆچوونی کۆمەڵگەداوەك یەك بێو لەهەندێك بابەتدا هاو ڕابن ئەوا شێوازی دەربڕینی هەریەکێکیان لێکدی جیایە. پەیوەندی نێوان عەقڵو میتافیزیك لەلای فەیلەسوفو بیریارانی ئیسلامی مایەی مشتومڕو گفتوگۆبووە. (محەمەدعابد

ئه‌لجابری) باسی هه‌ڵویستی فیکری لێك جیای هه‌ریه‌ك له‌فارابی‌و ئیبن روشـدو ئـیبن سـیناو ئـیبن خه‌لـدون ده‌كـا[٥]. بیریـارانی ئیسـلامی به‌كـه‌ڵكوه‌رگرتن له‌فه‌یله‌سـوفه یۆنانیـه‌كان،هه‌ریـه‌ك لـه ئه‌رسـتۆو ئـه‌فلاتون، بوونـه خـاوه‌نی چـه‌ندین قوتابخانـه‌یفیكری‌و عه‌قڵگـه‌رایی. له‌هه‌ر قۆناغ‌و سه‌رده‌مێكدا،موسڵمانان له‌به‌رامبه‌ر بیرو بۆچوون‌و تێـزه فكری‌وفه‌لسـه‌فییه‌كانی به‌رامبـه‌ردا بوونه‌تـه دوو بـه‌ش، هه‌نـدێكیان ڕه‌تیان كردوونه‌ته‌وه‌و كۆمه‌ڵێكیشیان‌وه‌ریان گرتووه‌و له‌گه‌ڵ پاراستنی بنـه‌ماكانی ئیسـلام ده‌رگایـان لـه‌ڕووی ئـه‌و بیروبۆچـوونه، فه‌لسـه‌فی‌و فیكرییانـه‌دا دانه‌خسـتووه.[٦] زۆر جـار ئـه‌م ده‌رگـا داخسـتنه ئـه‌ك له‌قازانجی بزاوتی فیكری ئیسلامیدا نه‌بووه،به‌ڵكو زیانی لێداوه:چونكه ئه‌گه‌ر له‌سه‌رده‌م‌و ڕۆژگارێكدا ده‌رگا له‌ڕووی بـیرو بۆچوونی به‌رامبـه‌ردا داخرابێ، ئـه‌وا له‌سـه‌رده‌م‌و بـاروبۆخێكی دیكـه‌و لـه‌ده‌رگاو ده‌لاقه‌یـه‌كی دیكـه‌وه، ئـه‌و فیكـره دزه‌ی كـردووه‌و هاتۆتـه نـاوه‌وه. هه‌ڵوێسـت‌و بۆچـوونی ئه‌ورووپییـه‌كان به‌رامبـه‌ر به‌فه‌لسـه‌فه‌ی یۆنانیـه‌كان جیـابووه له‌هه‌ڵوێستی موسڵمانان، جۆری كـه‌ڵكوه‌رگرتن‌و ڕه‌تكردنـه‌وه‌ی هه‌ریـه‌ك لـه ئـه‌ورووپی‌و گـه‌لانی موسـڵمان لێـك جیایـه. جـابری پێـی وایـه، كه‌ئه‌ورووپییـه‌كان ئه‌رسـتۆو ئـه‌فلاتونیان لـه‌پێناوی بـه‌هێزكردنی مه‌عریفـه‌داوه‌رگرت، بـه‌لام عه‌ره‌بـه موسـڵمانه‌كان بـۆ مه‌به‌سـتی بـه‌هێز كـردن یـان خزمـه‌تكردنی ئایـدولۆژیاوه‌ریان گـرت. ئه‌مـه‌ش بـووه هـۆی ئه‌وه‌ی كه، دوو قوتابخانه‌ی لێك جیا سه‌رهه‌ڵبده‌ن، ئه‌ویش قوتابخانـه‌ی (به‌غدا) له خۆرهه‌لات‌و (قورتوبه‌و فاس) له خۆرئاوا.[٧]

هـه‌ركاتێك فه‌لسـه‌فه‌و بزاوتـه فیكریـه‌كان لـه خزمـه‌تی ئایـدۆلۆژیادا بـوون، ئـه‌وا چـه‌نده ئـه‌و ئایدۆلۆژییایـه كـه‌ڵك لـه‌و فه‌لسـه‌فه‌و تێـزه

فیکرییەوەردەگریّ، ئەوەندەش بۆ بەهێزکردنی پایەکانی خۆی ئەو فەلسەفەو تێزە فیکرییە لە ئەرکو ڕۆڵی تایبەتی خۆی دوور دەکەوێتەوە، بارودۆخی سیاسیو ئابووریو ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو ژیاری هەر نەتەوەیەک، ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەیە لەوەرگرتنو ڕەتکردنەوەی هەربیرو بۆچوونوتێزێکدا. ئەمەنەک تەنیا لەسەر ئاستی گەلو نەتەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی تاکیش ئەم جیاوازییە هەیە. جیاوازی عەقڵو تێڕوانینو بۆچوونی مرۆڤ لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمو قۆناغێکی دیکەکارێکیوای کردووە، کە بەردەوام بیریارو فەیلەسەفان خوێندنەوەی جیاجیان هەبێت بۆ تێزو فیکرو بیرۆکەی پێش خۆیان، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام لەهەرسەردەمو قۆناغێکی مێژووییدا، جۆرە خوێندنەوەیەک بۆ فەلسەفەی یۆنانییەکان هەبێت. ڕۆڵو کاریگەری فەلسەفەی یۆنانییەکان لەسەر هەریەک لە ئەورووپاوولاّتانی ئیسلامی جیابووە. ئەورووپییەکان بەدیدگایەکو موسڵمانیش بە دیدگایەکی دیکەوە سەیری ئەو سامانە فەلسەفیو فیکرییەیان کردووە. ئاستی ڕۆشنبیریو ئەو بارودۆخە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەی کە هەر گەلو نەتەوەیەک تێیدا دەژی، ڕۆڵی هەیە لەوەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی هەر بیرویۆچوونو تێزێکدا. بونیادی عەقڵیو فیکری یۆنانییەکان لەسەر دوالیزمی مرۆڤ /گەردوون،بەندبووە، کەئەمەش جیابووە لەو لۆژیکوبونیادەی عەقڵی ئیسلامی کاری لەسەر کردووە. لۆژیکوبونیادی عەقڵی ئیسلامی لەسیانەی (خودا، مرۆڤ، گەردوون) پێك دێ، ئەم حاڵەتە لای یونانیەکان زیاتر لەدوالیزمی (مرۆڤ/ سروشت)دا بەرجەستە بووە[٨].

سەرەتاو دەستپێکی جیاوازییەکە لەو بنەما سەرەکییەوەیە، کە هەڵوێستو تێڕوانینی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم گەردوونو سروشتو ژینگەیە دەردەخا. پرسیاری سەرەکیو چارەنووس ساز کەپەیوەندی بەژیانو داهاتووی مرۆڤو مردنو زیندووبونەوەی دوای مردنەوە هەیە، لێرەوە دەست پێدەکا، کەمرۆڤ لەکوێوە هاتووەو چۆن دروست کراوەو سەرەنجامی دوای مردنی چییە؟وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلای مرۆڤی بڕوادار بەگشتی، جێگیرەو ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی نێوان فەلسەفەی یونانیەکانو موسڵمانان بووە. بۆیە بیریارو فەیلەسوفانی ئیسلامی، کاتێك بەفەلسەفەو ڕوانینی یونانیەکان سەرسام بوونو لێکدانەوەو گفتوگۆیان لەسەر دەکرد، هەریەکێك لەو بیریارە ئیسلامییانە بەدرێژایی مێژوو لەئاست ئەو خاڵەدا خاوەنی یەك هەڵوێست بوون. جیاوەزییەکە لەو لایەنەوە بووەو بەردەوام ئەم لایەنە دووبارە دەبێتەوە، کەتایبەتە بەو تێڕوانینو بیروبۆچوونانەی کە دەگۆڕێنو جێگیرنینو ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لایەنی گۆڕاوو نەگۆڕاوی ڕوون کردۆتەوە. مرۆڤ هەرلەوکاتەوە کەخۆی لەم سەرزەوییە دیوەو ئەرکی جێ نشینانەیەتی پێ سپێرراوە، وزەو تواناکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی ئەم سروشتو ژینگەیە بەکارهێناوە، کەتێیدا ژیاوە. هەندێك لەو نهێنیو لایەنە نادیارو شاراوانە، دوور لەووزەو تواناو عەقڵی مرۆڤ بوون" بۆیە خودا بەپێغەمبەراندا، سەرچاوەی بوونو وەڵامی ئەو پرسیارانەی بۆ ناردووە، کەپەیوەندییان بەنادیارەوە هەبووە. هەر کاتێك مرۆڤ گوێی بۆ پەیامی پێغەمبەران نەگرتبێو بڕوای پێ نەهێنابن، ئەوا بۆ دۆزینەوەی ئەم نهێنیو لایەنە شاراوانە بووتە خاوەنی چەندینوەڵامی جۆراو جۆر کەمرۆڤیان نەگەیاندۆتە ئەنجامو ئاکامێکی دڵنیایی بەخشیان نەداوەتێ"

بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە میتافیزیکییانە ئەفسانەو بیرو بۆچوونی هەڵەو دوور لەڕاستییان لەخۆگرتووە. زانایان‌وبیریارانی ئیسلامی لەپاڵ لێکدانەوەو ڕاڤە کردنی دەقەکانی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە، پرۆژەی فیکری‌و عەقلانییان پێشکەش کردووە، هەر خودی ئەم لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە، پرۆسەیەکی عەقڵییە. دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کەگەلێك ڕاستی هەیە لەڕێگەی عەقڵەوە پەی پێ نابرێ " ئەمەش مانای ئەوەنییە کەمرۆڤ لەڕێگەی عەقڵەوە ڕاستییە نادیارەکان نادۆزێتەوە. کێشەو تەنگژەی عەقڵ‌و میتافیزیك لەخۆرئاوا بەرەنجامی ئەوەبووە،کەسنوورو تخوبی، هەر یەکێك لەو دووانەیان تێکەڵ کرد، سروشتی مرۆڤیش‌ولیە، دەستبەرداری ئەو پرسیارانە نابێ کە پەیوەندیان بەجیهانی نادیارەوە هەیە، فەیلەسوفانی خۆرئاوا لەو لایەنەدا نەگەیشتونەتەوەڵامێك کە دڵنیایان بکا، چونکە بۆ گەیشتن بەوەڵامی ڕاستی ئەو لایەنە پشتیان تەنها بەعەقڵ بەستووە، تەنانەت لەو لایەنەشدا کە کاری عەقڵە، یەك دەنگ نین. مارکس‌و نیتشە کەدوو فەیلەسوفن هەریەکایان لەدیدگایەکی عەقڵی جیاوەزەوە دەڕوانن. ((نیتشە زێدەڕۆترین فەیلەسوفی سەردەمی نوێیە کە دژایەتی مێگەل‌و هاوکاری کۆمەڵایەتی دەکا، ئەو میگەلانەی لای ئەو نیشانەن بۆ جەماوەر. هەروەها لەبەرئەوەی بەپێی بۆچوونی نیتشەویستی هێز ئامارژەیە بۆ هاتنەدی ئامانجی تاکەکەس لەلای ئەو فەیلەسوفە تا تاکەکەس لە کۆت‌و پەیوەندیی مێگەلدا بێت (هەرچەندە ئەو کۆت‌و پەیوەندە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیشدا بێت) هەر وەرچەرخانێکی سیاسی ئابووری ڕوبدات، ئەم‌وەرچەرخانە ناتوانێت تەنگو چەڵەمەکانی ژیانی نوێ چارەسەربکات، بەڵکو هەروەك خۆی دەیهێڵێتەوە بەبێ

گۆرانکاری. ئالێرەدا جیاوازی رەگو ریشەیی و بنچینەیی نیتشە لەگەڵ (مارکس)دا دەردەکەوێت. لەکاتێکدا فەلسەفەی مارکسی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامانجی هێنانەدیی بەرژەوەندییە گشتیەکانە،کەلەخزمەت زۆرینەی خەڵکدایە))(٩).

مرۆڤ تەنها لەعەقڵ‌ولایەنە بینراوەکاندا بەدرێژایی مێژوو لێکدانەوەو بیرورای جیاوازی نییە " بەڵکو کێشەوتەنگژەی مرۆڤ چەند بواری بینراوەکانی گرتۆتەوە، ئەوەندەش لەبواری میتافیزیك و لایەنە نەبینراوەکانی گرتۆتەوە. لەگەڵ دروستکردنی مرۆڤدا پرسیارە میتافیزیکییەکان لەدایك بوون. ئەگەر مرۆڤ لەسەردەم قۆناغێکی مێژووییدا بەهۆی عەقڵەوەچەندین کێشەی چارەسەرکردبێ‌و گەلێك نهێنی دۆزیبێتەوەو لەو بوارەدا دڵنیا بووبێ، ئەوا پرسیار لەنادیار هەرکاتێك دوورلە رێنوێنی خودایی بووبێ‌و مرۆڤ لەو بارەوە گوێی بۆ پێغەمبەران نەگرتبێ، ئەوا دووچاری قەیران‌و تەنگژە بووەو نەگەیشتۆتە ئاکام، گەرچی نکوڵیشی کردبێ و پێی وابووبێ ئەنجامێکی دەستکەوتووە. ئازادحەمە دەڵێ:((لێرەوە شیاوەوتنی ئەوەی کەدەربازبوون لەچنگ میتافیزیك ئاسان نییەو ئاسانیش نییە بەرهەم هێنانی تێگەیشتن لەمەڕ دیاردەکانی ناو بوون بەبێ میتافیزیك. . . . (١٠). لێرەدا مەبەست لەوە نییە کەپرسیاری میتافیزیك پرسیارێکی عەقڵانی نییە " بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەوەڵامی ئەم پرسیارە عەقڵانییە، گەر سەرچاوەکە عەقڵ‌و بیری مرۆڤ بێ، تەنگژەو کێشەی لێدەکەوێتەوە. عەقڵی مرۆڤ سنووردار نەکراوە کەتەنیا بیر لەدیارو بینراوەکان بکاتەوە " بەڵکو عەقڵ بیرکردنەوە لەنادیارەکانیش لە خۆی دەگرێ. ئازادی مرۆڤیش لەوچرکەساتەوە دەست پێناکا کەلەنێوان بروا

هێنـانو بـێ بڕواییـدا ئـازادی پـێ بەخشـراوە" بـەڵکو دوای هەڵبـژاردنی هەریەکێك لەمانە ئازادی بەردەوام دەبێ. پاڵنو پیرۆزی ئیسـلامو ئایینـە ئاسمانییـەکان بەگشـتی پاساوێك نییـەبۆ ئـەوەی سـنووری عەقڵانیـەت تەسك بکرێتەوە،وەك لەمێژووی ئیسلامدا بـەهۆی جۆرێك لەخوێندنـەوە بـۆ عـەقڵ، چـەندین کێشـەو قـەیران لەکۆمەڵگـەی ئیسـلامیدا ڕوویانـدا. هــەروەها لادانو دوورکەوتنــەوەی قەشــەو پاپاکــان لەپــەیامی عیســا (سـەلامی خـودای لـێ بـێ)ئیسـان نابێتـە پاسـاوێك کـە عەقڵانیـەتو عەقلگـەرایی، گەرچـی چـەندین هـەنگاوی گرنگـی نابێ‌وچـەندین نهێنـی دۆزیبێتــەوە،دوورە لەرەخنــەو کۆمەڵگــەی ڕووبــەڕوی قەیرانوکێشــە نەکردۆتــەوە. ((لەئــەنجامی کــارکردنو گەیشــنی عــەقڵ بەگــەورەترین سەرکەوتن،ئیهلیزم هاتەکایەوە، کـارکردنی عـەقڵی کۆمەڵگـەی مـۆدێرن، توانی هەموو دنیا بەتەکنولوژیا بکـات، پـاش ئـەم هـەموو سـەرکەوتنانە ئیهلیزم بەکۆمەڵگەی مۆدێرن بەخشرا. لەراسـتیدا ئـەم دیارییـە کۆمـەڵگا لەخۆیەوە بەخۆی بەخشی.))[٢٢]. تەباییو ناکۆکی نێوان عـەقڵو ئـایین، پەیوەنـدی بـەو شـێوازە خوێندنـەوەو تێگەیشـتنەوەوە هەیـە،کەخـەڵك بەگشـتیو بیریـارو فەیلەسـوفان بەتایبـەتی بۆهەریـەك لەعـەقڵو ئـاین هەیانە. لەم نێوانەش دا دەسەڵات،ڕۆڵی خـۆی دەبینـێ لـەدیاری کـردنو دەستنیشان کردنی شێوازی پەیوەندییەکە.

عەقڵ لەنێوان ڕێژەیی و ڕەهاییدا

وەك چۆن هەندێ جا مرۆڤ بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ عەقڵدا کردووە[٤] لەهەمان کاتداو لەهەندێ حاڵەتیشدا،بڕواو متمانەیەکی لەسنوور بەدەری بەعەقڵ بەخشیوە. ئەگەر حاڵەتی یەکەم چالاکی عەقڵی مرۆڤی زیاترکردبێ‌و مرۆڤی هاندابێ، زیاترپرسیار بکاو تەنها لەڕواڵەتی دیاردەکان ڕانەمێنێ‌و بیر لەودیوی بینراوەکان بکاتەوەو لەدەلاقەی جیاجیاوە بۆدیاردەکان بڕوانێ، ئەوا لەحاڵەتی دووەمدا مرۆڤ بەجۆرێك لەسەرسامی‌و لەخۆباییبوونەوە لەعەقڵی خۆی ڕوانیوە. پرۆسەی عەقڵانیەت لەیەك شێوازو میکانیزمدا خۆی نابینێتەوەو سەردەم‌وباروودۆخی سیاسی‌و ئابووری‌و ئاستی گەشەی کۆمەڵگەو جیاوازی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ، سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانەو تێزو بۆچوونی جیاجیای بەدواداهاتووە. ئەم جیاوازی بیروڕاو ڕوانین‌و قوتابخانە جۆراوجۆرانەی کەزادەی عەقڵانیەتن، ئەوڕاستییە دەردەخا کەعەقڵ‌و عەقڵانیەت ڕێژەین‌و ناتوانرێ ڕەهەندێکی ڕەهایان پێ ببەخشرێ، ئەمەش توانای مرۆڤی زیاتر کردووە. بۆ بەرهەمهێنانی تێڕوانین‌و بیروبۆچوون‌و خوێندنەوەی لێك جیا بەرامبەر بەدیاردەکان‌وسروشت‌ودەوروبەری. ((لەڕاستیدا باشی‌و خراپی عەقڵ باش‌وخراپە ڕێژەییەکانن، چونکە عەقڵی خاڵیس‌و عەقڵی ڕەها لەهەڵبژاردنەکانی مرۆڤدا نییە، هەروەك‌ووتمان بەردەوام غەریزەو سۆزەکانیش ئەدانی ڕووەمی ناسینەکانن؟ لێرەوە هیچ مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە تێڕامانە عەقڵییەکانی من بەڕێژە بزانێ‌ولە بەرامبەرەوە پێی وابێت تێڕامانە عەقڵییەکانی خۆی ڕەهان چونکە خودی ڕەهابوون لەتێڕامانە عەقڵییەکانداوجوودی نییە))[١٣٣].

کاتێـــك باســـی ســـنووروتخووبێکی دیـــاری کـــراو بۆعـــەقڵ دەکـــرێ، ئەمەلەکارخســـتن و پەکخســـتنی چـــالاکییەکانی عـــەقڵ ناگەیـــەنێ" بـــەڵکو هەوڵدانێکـــە بۆناســـاندنی ئـــەو جوغرافییایـــەی کەعـــەقڵ لەپانتاییەکەیـــدا دەتوانێ ڕۆڵ و ئەرکی خۆیوەك پێویست ببینـێ کـاتێکیش ڕەهەنـدێکی ڕەهادەدرێتەعەقڵ وســـەروەری مێـــژووی پـــێ دەســـپێررێ، ئەمـــەش زیادەڕەوییەکە،وەك ئەوسنووردارکردنەی عـەقڵ کەبەهـەر پاساوێك بـێ بـواری جـوڵان و گـۆڕانی نـادرێ. ئەگـەر دان بەوەدابنـدرێ کەلەمێـژووی ئیسلامدا، بەهۆی بەهەڵەخوێندنەوەی دەقـەکانی ئـایین، ستەم لەعەقڵ کرابێ و ئەمەش بووبێتە مایەی چەندین کێشەو قەیران، ئەوالـەخۆرئاواش بـەهۆی ڕەهـایی بەخشـین بەعـەقڵ بەتایبـەتی لـەقۆناغی ڕۆشـنگەریدا جۆرە ستەمێکی دیکە لەعەقڵ کراوە. نابێ ئەوڕاستییەفەرامۆش بکرێ، کە بزافی عەقڵگەرایی لەخۆرئاوا، چەندین دەستکەوتی گرنگی پێشکەش بەمرۆڤایـەتی کـردو مۆدێرنەئـەو قۆناغەبوولـە مێـژووی مرۆڤایەتییـدا، کەخۆرهەڵات و جیهانی ئیسلامی نەیتوانی لەبەرامبەر بزافـووەرچەرخانە مێژووییەکەیدا سەرسام نەبێ و لاسایی نەکاتەوەویـەهرەی لێوەرنـەگرێ. ئەگەر چی بزافێکی لەم چەشنە، پێشتر لەمێژووی ئیسلامدا دەرکـەوت و چەندین بیریارو زاناو فەیلەسوفی ئیسـلامیوەك شـافیعی و ئیبن ڕۆشـدو کەندی و فـارابی و ئـیبن خەلـدون و چـەندانی دیکـەو چـەندین قوتابخانـەو تێزی فیکری و فەلسەفی سـەریان هەڵدا" بـەلام ئـەم بزافـە عەقلگەراییە لەهـەل و مـەرج وقۆناغێکی نالـەباردا بـوو، کەوردەوردەلـە ڕەوتـی خـۆی لایداو نەیتوانی ئەو ئەرکەجێ بەجێ بکا، کەلەپێناویـدا هـەنگاوی نـابوو. کێشەو قەیرانی عەقڵی موسڵمان، دەرەنجامی مامەڵـەی هەڵـەبوو لەگـەڵ هەریەك لەگۆڕاوو نەگۆڕاوەکاندا. زانایان وبیریـارانی ئیسـلامی ئەوەنـدەی

لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان دەربارەی نەگۆڕاوەکان کردووەو لەم لایەنەدا مشت و مڕو قسەیان کردووەوەندەباسیان لە لایەنە گۆڕاوەکان نەکردووە "کەعەقڵ دەبێ ڕۆڵی خۆی لەوبوارەدا ببینێ، لەکاتێکدا کەئیسلام جەخت لەسەر عەقڵ و گرنگیدانی دەکاتەوە. ئەمە نەک تەنهالەبوارە هەست پێکراوو بینراوەکاندا، بەڵکو بڕوا هێنان بەپەروەردگاریش پرۆسەیەکی عەقڵییەو کاتێک پێغەمبەران بانگەوازیان بۆنابینی خودا کردبێ و خەڵکیان بانگ کردبێ بۆبڕواهێنان بەنادیارەکان، خەڵک داوای بەڵگەی لێ کردوون. خودای گەورەش بەڵگەی بەهۆی پێغەمبەرانەوە نیشانی خەڵک داوە، بۆئەوەی خەڵک نادیارە ڕاستەکان لەو نادیارانە جیابکاتەوە، کەهەڵبەستراون و زادەی عەقڵی مرۆڤ بوون و ئەفسانەو خەیاڵ باڵی بەسەردا کێشاون. ئەوەندەی لە خەیاڵدان و مێژووی ئێمەدا ناوی ئەو زانایانەی کەلەبوارەکانی فیقەو زماننناسیدا ناوبانگیان هەبووە، بەزیندوێتی ماوەتەوە ئەوەندە ناوی ئەوزاناو فەیلەسوفانە بەزیندوێتی نەماوەتەوە، کەلەبوارەکانی فەلسەفەو تیۆری عەقڵانیدا ناوبانگیان هەبووە. مەرج نییە دوو تیۆرو بیرۆکەو بزاف، کەلەناوەرۆکدا چوونیەکن، هەمان شێوازو بەرەنجامی چوونیەکیان هەبێ" جیاوازی زەمینەو جوگرافیاو هەلومەرجی لێک جیا دەرەنجامی لێک جیا بەبزاوتە چوونیەکەکان دەبەخشێ. ئەگەر دەرکەوتنی چەندین زاناو بیریارو چەندین قوتبخانەیوەک، موعتەزیلە بە قۆناغی ڕۆشنگەری ئەوروپا بەراوردبکەین، دەبینین دەرەنجامی هەریەکێک لەم دوو بزاوتە هاوشێوەیە لەیەکدی جیایە. ئەمەش پەیوەندی بەئاسۆی لێک جیای هەریەکێک لەم دووبزاڤەوەیە، کەلەکات وهەلومەرجی مێژووی لێک جیادا دەرکەوتن. ئەوپرسیارەی کەدەشێ بکرێ ئەوەیە، کەبۆچی خۆرئاوا

توانی بزافی عەقلگەرایی گەشە پێبدلوبیگەیەنێتە ئاکامێك، کەچی خۆرهەلأت نەیتوانی ئەم بزاڤە گەشە پێبدا، گەرچی مێژوویەکی دوورتریشی لەوبوارەدا هەبوو؟ هەریەك لە جابری و ئەرگون و تەرابشی و عەبدولکەریم سروش و چەندانی دیکەوەلأمی جۆراو جۆری پرسیاری لەم چەشنەیان داوەتەوە. مرۆڤ دوو سەرچاوەی هەیە بۆ مەعریفەو گەیشتن بەڕاستییەکان، یەکێکیان ئایینەو ئەوەی دیکە ئەوووزەو توانا عەقلییەیە کە مرۆڤ هەیەتی. هەریەك لەئایین و عەقڵ، کە دووسەرچاوەی ئەبستمولوژین، مامەڵەکردن بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ هەریەکێکیاندا، دەرەنجامی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە. مامەڵەی خۆرئاوا لەگەڵ ئایین و عەقڵ بەجۆرێك بووە کە، جیابووە لەومامەڵەکردنەی کەلە خۆرهەلأت لەگەڵ هەریەکێکیاندا کراوە. دوالیزمی ئایین/ عەقڵ یەکێك نین لەو دوالیزمانەی کە دژبەیەك بووین، یان یەکێکیان بۆئەوە هاتبێ، هەوڵی سڕینەوەی ئەوەی دیکە بدا. محەمەد عابد ئەلجابری دەڵێ: ((ئەرەستۆ لەسەردەمی ئەسکەندەری مەقدونی و لەکاتی هەوڵە فراوانخوازییەکانی لەئاسیدا ژیاوە، بەرەنجامی ئەو هەوڵانەی ئەسکەندەر ئەوە بووە کەفیکری یۆنانی تێکەڵ بەئایینەکانی خۆرهەلأت بووە، سێ سەدە دوای کۆچی ئەرەستۆو دەرکەوتنی ئایینی مەسیح (سەلامی خوای لێ بێ) بنەماکانی ئایینی مەسیحی لەگەڵ فەلسەفەی ئەرەستۆ، کەلەهەندێك لایەنەوە دژیەك بوون، لەهەمان کاتدا کەڵکیان لەفەلسەفەی ئەرەستۆ، بەتایبەتی لوژیك وەرگرت))[٢٢]. ئەگەر بەشێکی پەیامی ئایینە ئاسمانیەکان، تایبەت بووبێ بەڕوانین و دیدگای مرۆڤ دەربارەی نادیار، ئەواوێڕای پەیامی ئایین، مرۆڤ لەڕێگەی عەقڵی خۆیەوە شێوازێك لەبۆچوون و ڕوانینی دەربارەی بوون و ژیان دەست نیشان کردووە،

لەوبارەوەوێنای جۆراوجۆری چ لەلایەن دەستەبژێر(النخبة) یان زۆربەی خەڵکەوە پێشکەش کردووە. کاتێك ئایینە ئاسمانییەکان هاتوون و پەیامێکی نوێیان هێناوە کۆمەڵگە خاوەنی دیدو ڕوانینی تایبەتی خۆی بووەو لە سەرەتادا دژایەتی ئەو ڕوانین و بۆچوون و جیهانبینییەی ئایینی کردووە کەلەگەڵ بۆچوون و ڕوانینی ئەو ناکۆك بووەو لەهەمان کاتدالەزۆر بۆچووندا هەردووك لا تەباو کۆك بوون. کاتێك مرۆڤ بیری کردۆتەوە،کەئەو بۆچوون و مەعریفەیەی بەهۆی سروشت و عەقڵی خۆیەوە،وەدەستی هێناوە لەگەڵ ئەو پەیامەی ئایین هێناویەتی لەیەکدییەوە نزیکن، بڕوای بەوئایینە کردووە. ئەگەر هەندێك لایەنگروهەڵگرانی پەیامی ئایین، لەهەندێك کاتدا دژایەتی فەلسەفەو دەستکەوتە عەقلییەکانی مرۆڤیان کردبێ، ئەوا هەندێکی دیکە هەوڵی ئاشتەوایی و گونجانیان لەنێوان فەلسەفەو ئایینیدا داوە. مرۆڤ هەروەك چۆن لەدیاردە سروشتی و بینراوەکانی ڕوانیوەو بەپێی ئاستی گەشەی عەقڵی و قۆناغی کۆمەڵایەتی هەڵوێستی لەبەرامبەرداوەرگرتووەو لەچەندین بیرۆکەوتێزدا، گوزارشتی لەم تێرامان و بیرکردنەوەیە کردووە، بەهەمان شێوە بەچەندین شێوازی جۆراوجۆرو لەچوارچێوەی بیرۆکەی هەمە چەشنەدا گوزارشتی لە میتافیزیکیش کردووە. بەهەڵە تێگەیشتن و شێواندنی ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوان، دوالیزمی (ئایین-عەقڵ)داهەیە، یەکێکەلەو گرفتانەی کەڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە، هەرکۆمەڵگەو تاکێکی ناو کۆمەڵگە بەشێوەیەك و لەڕوانگەیەکەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم دوالیزمەدا کردووە، یەکێك لەگرفتەکانی ناو پانتایی فیکری ئیسلامی شێواندنی ئەم پەیوەندییەیە. عەقڵی ئیسلامی بەهۆی نزیکی لەدەقەکانی ئایینەوە، جۆرێك لە پیرۆزی پێ بەخشراوەو لەهەمان

کاتدا هەر ئەم بە پیرۆزی تەماشاکردنەی دەقەکانی ئایین بەشێوەیەك گوزارشتی لێ کراوە، کەبووەتە هۆی تەسك بوونەوەی سنووری چالاکییەکانی عەقڵ. زۆر جار لەمێژووی ئیسلامدا لەپاڵ دەقی ئایینیدا، قسەی زانایەکی ئایینی بەرگێکی پیرۆزی بەبەردا کراوەو بەبێ دەستکاری کردن و گومان مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو لەهەمان کاتدا قسەوتەزای بیریارو فەیلەسوفێکی ئایینی بەپاساوی جۆراوجۆرەوە بەگومانەوە سەیرکراوەو لەپەراوێزی مێژوودا ماوەتەوە. بەرهەمی هزرو عەقڵی بیریارو فەیلەسوفانی ئیسلامی لەپاڵ ئایینداو لەسنووری تایبەتی خۆیدا، ڕۆڵی لەگەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی عەقڵ و هزری ئیسلامیدا دیوە. لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئان و فەرموودە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە، بەبەشێك لەبزاڤی عەقڵگەرایی لەمێژووی ئیسلامدا دەژمێردرێ. لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکانی ئایین چ ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی پێش ئیسلام، کەلەلایەن زانایانی ئەم ئایینانەوە ئەنجام دراون، پێویستیان بە جۆرێك لە چوارچێوەو سنووردارکردن هەیە. قسەکردن لەسەر دەقێکی ئایینی، جیایە لەقسەکردن لەسەر دیاردەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتی و دەقێك، کەبەرهەمی عەقڵ و هزری مرۆڤە. کاتێك ئایین هاتووەو هەندێك ڕاستی ئاوێزوونی بۆمرۆڤ ڕوون کردۆتەوە، مانای ئەوەنییە ئیدی مرۆڤ نابێ قسەلەسەر دیاردەکانی دیکەی بوون بکا، کەئایین بەجێ ی هێشتووە بۆعەقڵی مرۆڤ. یەکێك لەوگرفتەی کەلەمێژووی بزووتنەوەی فیکری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ، ئەوەیە کەکاتێك نوسەرو بیریارێکی ئیسلامی لەهەریوارێکی فیکری و فەلسەفەو ئەدەب و هونەردا کاری کردبێ، بەئەرکێکی ئایینی زانیوە کەڕاڤەو لێکۆڵینەوەش بۆدەقەکانی ئایین بکا. بۆیە زۆرجار لەمێژووی

ئیسلامدا شاعیرێك لەپاڵ بەهرەی شیعریدا، خۆی بەلێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە، خەریك کردووە. ئەم حاڵەتە لەناو هەندێك لەبزوتنەوە ئیسلامییەکانی ناوڕابوونی ئیسلامی ئەم سەردەمەشدا دەبینرێ. نابێ نکۆڵی لەوڕاستییە بکرێ کەلێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئانو فەرموودە پرۆسەیەکی عەقڵانینو هەرئەمەشەبووەتەهۆی ئەوەی کەلەمێژووی فیکری ئیسلامیدا، چەندین قوتابخانەو ڕێبازی لێك جیا لەو بارەوە لەدایك ببن. ڕاست نییەوابزانین ئەم ڕاڤەکردنو لێکۆڵینەوەیەبەتەنیا دەستەبەری بزاڤووەرچەرخانی عەقڵگەرایی و فیکریی مێژووی ئیسلامیان کردووەو دڕوکەلێنی بەجێ نەهێشتووە. ئەگەر لەم لایەنەوە بزاوتی عەقڵگەرایی هەنگاوێك چوویێتە پێش، ئەوا زۆر قۆناغو سەردەم ئاوێنەی قۆناغو سەردەمی پێش خۆیان بوونو هەنگاوەکان سست بوون. دەبێ بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە، ئەوڕاستیە بسەلمێنین، کەچارەنووسی زۆربەی بزاڤەعەقڵیو فکرییەکان، لەکلتورو مێژووی ئێمەدا شکست بووەوتەمەن کورت بوون.

دوالیزمی ڕەسەنایەتیو هاوچەرخێتی

ئەگەر دامێنانو لایەنە ئەستوو(ماددی)ییەکانی ژیانی مرۆڤ پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەبێو ئەمیان ئەوەی دیکە تەواو بکا، ئەوانەو پەیوەندیو یەکدی تەواو کردنە بۆلایەنی کلتوریو ڕۆشنبیریو فەرهەنگیش هەر ڕاستە. گەلو نەتەوەو شارستانییەتییەکان، بەدرێژایی مێژوو بەئەندازەی پەیوەندیو نزیکییان لەیەکدییەوە کاریان لەیەکدی کردووە. لەگەڵ هەرتێزو بۆچوونووەرچەرخانێکی نوێی مێژووییدا، کۆمەڵگە بەدیدگاو روانینی جیاوە، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم گۆرانکاریو وەرچەرخانەدا کردووە. هەندێکیان پێی قایل بوونو پشتیوانییان کردووەو هەندێکی دیکە بەگومانەوە سەیریان کردووەو بەهەڕەشەیان زانیوە بۆسەرئەو بونیادەی کەڕەسەنایەتی کۆمەڵگە دەپارێزێ، هەندێکی دیکەش لەم نێوانەدا هەڵوێستێکی میانەڕەوییان وەرگرتووە، کاتێك بەڕاڵیبوونەوە(الاعجاب) سەیری ئەم تێزوگۆڕانکارییە نوێیەیان کردووە، پاراستنی ڕەسەنایەتیو کلتوری کۆمەڵگەشیان بەگرنگ زانیوە. گۆرانکاریو سەرهەڵدانی تێزو بیروبۆچوونی نوێ لەهەربوارێکدابێ، جۆرێك لەناکۆکیو دابڕان لەژینگەو دەوروبەرو دابو نەریتەباوەکان لەخۆدەگرێو بانگەشە کردنێکە بۆئەو ڕەسەنایەتییەی کەلەسەردەمو بارودۆخێکی مێژووییدا باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوەو دوایی لەبیرچۆتەوەو لەچوارچێوەی ئەو نوێ کردنەوەو تازەگەرییەدا جارێکی دیکە خۆی نمایش دەکاتەوە. ڕەخنەگرتن لەئێستاو ڕابووردووی نزیك، دەبێتە میکانیزمێك بۆگەڕانەوە بۆ ڕابووردوویەکی دووری لەبیرکراو تابەهۆیەوە پرۆژەی نوێگەری ئەنجام بدرێ"[14]. مەرج نییە هەرتێزو بۆچوونێکی نوێ کەلەدەرگای مێژوو دەدا، خاوەنی پێکهاتەیەکی تەواو

جیابێ لەوانی پێش خۆی، بەڵکو دەشێ لەرووی ناوەڕۆکەوە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی پێش خۆیدا نەبێ، بەڵام مامەڵەکردن بەعەقڵێکی جیالەعەقڵی پێشتر، بەرگێکی نوێ بەبەرئەو تێزەدا دەکاو لەدیدگایەکی دیکەوە دەخوێندرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی ناسنامەی هاوچەرخایەتی‌مسۆگەربکا. (محەمەد عابد ئەلجابری) ئەو گۆڕانکارییە بەنموونە دێنێتەوە، کەئیسلام هێنایەکایەوەو دژبەنەریت‌و رەوشتەباوەکانی سەردەم‌وەستاو بانگەشەی کرد بۆگەڕانەوە، بۆڕابووردوویەکی لەبیرکراو، ئەویش ئایینی ئیبراهیم، ئایینی تاکخوایی (التوحید) بوو، کەپێچەوانەی داب‌و نەریتی باوی ئەو کاتەی کۆمەڵگە بوو. لێرەدا پرۆسەی گەڕانەوە بۆڕەسەنایەتی، هاوشێوە بووە لەگەڵ رێنسانسی ئەورووپا، کەئەویش لەو خاڵەدا دەستی پێ کرد، کەگەڕایەوە بۆ کلتووری یۆنانی‌و رۆمانی، ئەویش لەتێزو بۆچوونی هیومانیزم‌و شۆڕشێکدا خۆی نواند کە دژبەئاکارەکانی مەسیحیەتی باوی ئەو کاتەبوو. دواتر لەبانگەشەکردن بۆ چاکسازی ئایینی‌و گەڕانەوە بۆسەرچاوە رەسەنەکەی مەسیحیەتدا بەرجەستەبوو.[10]. زۆر جار بەرهەم‌و داهێنانێکی سەردەم‌و قۆناغێکی ڕابوردوو، دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم‌و داهێنان لەسەردەم‌و قۆناغێکی دواتردا. بەپێچەوانەوە، دەشێ بەرهەم‌وگۆڕانکاری‌و داهێنانێك لەهەر بوارێکدابێ، نەتوانێ لەگەڵ ئەوسەردەمەدا هەنگاوبنێ‌و بڕی کەلێنی لەدایك ببووە. وەك چۆن ڕابوردوو پێویستی بەچۆنێتی مامەڵە لەگەڵ کردندامەیە، بەجۆرێك کەلە خزمەت بزاڤو گۆڕانکاری هاوچەرخایەتیدابێ " بەهەمان شێوە تێزو بۆچوونی نوێ‌و هاوچەرخیش لە هەر سەردەم‌وقۆناغێکدابێ، پێویستی بەچۆنێتی‌و شێوازی مامەڵە لەگەڵ کردندا هەیە. لەگەڵ ئەو حەزە

سروشتییەی مرۆڤ بۆ گۆڕانکاریو نوێکردنەوەو کردنەوەی زیاتری دەرگاکانی عەقڵ بەمەبەستی شارەزابوونووەدەست هێنانی زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانو بوون، چەندین لایەنی جێگیرو نەگۆڕ لەپێکهاتەو سایکۆلۆژیای مرۆڤدا هەیە، کە دەستی گۆڕانکاری نایانگاتیۆ لەگەڵ هەنگاوەکانی مێژوو، بەجێگیری‌و نەگۆڕاوی دەمێننەوە. کاتێک رۆشنگەری ئاراستەیەکی پێچەوانەی پێش خۆیوەردەگرێو سەروەرێتی بە عەقڵ دەبەخشێ ئەوەی لەدەرەوەی عەقڵە رەتی دەکاتەوە، هێندەی پێ ناچێ ئەفسانەو چەندین چەمکی دیکە، کەرۆشنگەریوەدەری دەنان جارێکی دیکە دەخوێندرێنەوە. یەکێکیوەك (لیڤی شتراوس) لە پرۆژە ئەنسرۆپۆلۆژییەکەی خۆیدا جێگەیەکی تایبەت بۆئەفسانەو عەقڵی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان تەرخان دەکا.

ئەگەر شارستانییەتییەکان بەدرێژایی مێژوو کاریان لە یەکدی کردبیۆ پرۆسەی بەخشینوەرگرتنیان لە بەرامبەر یەکدیدا ئەنجام دابێ، ئەوا هەرگەلو نەتەوەو شارستانییەتێکیش هەمان پرۆسەی بەرامبەر بەخۆی لەنێوان: نوێتێ / ئەمڕۆ، رەسانەتی/ هاوچەرخایەتیدا ئەنجام داوە. مەرج نییە هەمووکاتێك گەڕانەوەو ئاوڕدانەوەی مرۆڤ لەرەسەنایەتی و رابووردوو، بەرەنجامی هەوڵو کۆششێکی عەقڵانی بێ، بەڵکو زۆر جارئەم پرۆسەیە لەسۆزو هەڵچوونو رۆمانسیەتێکدا خۆی دەنوێنێ، کە مرۆڤ بۆ رابووردوو هەیەتی. هەندێ جار رەسەنایەتیو رابووردوو دەبێتە ئەو باوەشە گەرمەی کە، ئێستاش لەنامێز دەگرێو بوار بۆپرۆژە هاوچەرخییەکان ناهێڵێتەوە. زۆر جار بەپێچەوانەوە تێزو پرۆژەی هاوچەرخ واخۆی دەرازێنێتەوە، دەیەوێ جوانییەکانی رەسەنایەتیو رابووردوو لەنێو خۆیدا بشارێتەوە. نابێوابزانین، رەسەنایەتیو

هاوچەرخێتی ئەلتەرناتیفی یەکدینو ئەمیان دێ بۆسڕینەوەی ئەوەی دیکە " بەڵکو زۆرجار بەتەنیشت یەکەوە لەسەر جەستەی ئێستادەردەکەونو هەموو کاتێکیش ئێستا ناتوانێ نکوڵی لەشوێنپێکانی ڕابووردوویکاو شوێنپێکانی ڕابووردوو لەسەر جەستەی ئێستا ناسڕێنەوەو کوێرنابنەوە. کاتێك کاری ئێستاو پرۆژەی هاوچەرخ بریتی دەبێ لەتۆخ کردنەوەی شوێنپێکانی ڕابووردوو، ئەوا جارێکی دیکە ڕابووردوو دووبارە دەبێتەوە. بۆخۆپاراستن لەم دووبارەبوونەوەیەو هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاریو هاوچەرخایەتی، دەبێ جێ پێکان بگوازرێنەوە. نابێ ئەوڕاستییە فەراموش بکرێ، کەلەگەڵ هەرگۆڕانکاریو هەوڵێکی ڕۆشنگەریداو هەوڵدان بۆ((ئەفسانە داماڵین)) کەسروشتێکی قۆناغی ڕوشنگەری بوو، بەگوتەی (ماکس فیبەر)[23] مرۆڤ پێ بزانێ یان نەزانێ درێژە بەتایبەتمەندیو خەسڵەتە سروشتیو زگماکییەکانی خۆی دەدا. ئەگەر کەفو کوڵو هەڵچوونی ئەو گۆڕانکارییەوای لێ بکا، نکوڵی لەوڕاستییە بکا "ئەوا دوای دامرکاندەوەو کپ بوونەوەی ئەو هەڵچوونە دەگەڕێتەوە بۆئەم حاڵەتە سروشتیو زگماکییەی کەخودا مرۆڤی لەسەر دروست کردووە. هەوڵدان بۆگۆڕانکاریو دەستکاری کردنی سیماکانی بوونو ژیانو گەڕان بەدوای نهێنیەکاندا، لەوحاڵەتە سروشتیو زگماکییە جیاناکرێتەوە. جابری جەخت لەسەر ئەوە دەکا، کەمێژووی ئێمە زیاتر مێژووی جیاوازی بیروڕایە " نەك بنیاتنانی بیروڕا. ئەو جیاوازی بیروڕایەی جابری باسی دەکا بەرهەمی ململانێ سیاسییەکانی سەردەمو قۆناغەجیاجیاکانی مێژووی ئیسلامی بووە. فیکرو ڕوانین لەهەر ئاستێکدا بووبێ، کراوەتە قوربانی ململانێ ی دەسەڵات. ئەوانەی لەسەر دەسەلات

بەگژیەکدیداچوون، ڕێگەیان لەگەشەی فیکرو عەقڵ گرتووەو کردوویانەتە قوربانی قورخکردنی پانتاییەکانی دەسەڵات. هەرلایەنە بەجۆرێك فیکری بۆمەبەستی دەسەڵات بەکارهێناوەو لەم حاڵەتەشدا فیکرو تێزەفیکرییەکان لەپەیامی ڕاستەقینەی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە. هەرکاتێك ئاراستە فیکریو عەقڵییەکان لەکایەی ململانێ ی فیکرەوە گوازرانەوە بۆ کایەی سیاسەتو دەسەڵاتو ئەو گەمە؛ فیکریان کردە پاشکۆی خۆیان، ئەوا ڕووداوە مێژووییەکانو پەیوەندی نێوان فیکرو دەوروبەر شوێنگەی خۆیان ون دەکەن. ڕوانینو دیدگاکان دەربارەی ڕەسەنایەتیو هاوچەرخێتی دوورنین لەم گەمەیەو بۆیەدەشێ قبولکردنو قبوڵنەکردنی تێزو بۆ چوونی نوێو هەوڵدان بۆ دانانی بەربەستو لەمپەر لەبەرامبەر ئەو هەنگاوانەی بەمەبەستی گۆڕانکاریو دەستکاری کردنی ڕوخساری هەندێك نەریت دەنرێن، ئەو هێزانەیان لە پشتەوەبێ کەبەرژەوەندییان لەمانەوەو دەستکاری نەکردن و دوگمابیدابێ. هەندێکیش ناهۆشیارانەو بەبێووردبونەوەو هەڵسەنگاندن، گۆڕانکاریو چاکسازییان ڕەت کردۆتەوەو بەئەندازەی ناهۆشیاریو بێ ئاگایی خۆیان، پاساویان بۆئەم ڕەتکردنەوەیە هێناوەتەوە. ئەو مانایەی عەقڵو لوژیك بەدوالیزمی ڕەسەنایەتیو هاوچەرخێتی دەبەخشێ، جیایەلەو مانایەی هەستو سۆزو هەڵچوون پێی دەبەخشێ. زۆر جار لاوازی گوتاری ئێستاو هەنوکەیی،لەکۆنەستی کۆمەڵدا، کارێکیوادەکاکە ڕەسەنایەتیو رابووردوو گوتاری زاڵبن. زاڵبوونی گوتاری ڕەسەنایەتیو رابووردوو، جۆرە هەوڵێکە بۆدەربازبوون لەو گرفتانەی لە ئێستادا دێنەپێشەوە. سروشتی مرۆڤوادەخوازی کەبە ئاسانی دەستبەرداری ئەو دابو نەریتو حاڵەتە باوانە نەبێت کەبووەتە

بەشێك لەئەسىتیو لەگەڵی ڕاهاتووە. بۆیە لەبەرامبەر تێزو بۆچوونی نوێدا سەرەتا هەست بەجۆرە ترس و گومانێك دەکا. ئەگەر دیوێکی گۆرانکاریو نوێخوازی جوان و سەرنج راکێش بێ، ئەوا دیوێکی دیکەی بە پێچەوانەوەیە. ئەم حاڵەتە بۆ ڕەسەنایەتیش ڕاستە، کاتێك کۆمەڵێك دیوێکی جوانی ڕەسەنایەتی دەبینن و داکۆکی لێ دەکەن، کۆمەڵێکی دیکە دیوەکەی دیکەی دەبینن و ڕەتی دەکەنەوە. ئەگەر مرۆڤ بەسروشت گومانی لەنوێخوازی هەبێ و بەترسەوە لەگۆرانکاریو دیاردەی نوێ بڕوانێ، ئەوا گەڕانەوە بۆباوەشی ڕەسەنایەتیو ڕابووردوو دەریچەیەکە بۆرزگاربوون لەو ترس و گومانە. مەرج نییە هەموو بانگەشەکردنێك بۆ نوێخوازی، لەکۆتاییدا دابڕانێك بوویێ لەداب و نەریتە باوەکان و خزمەتی بزاڤی فکریو عەقلگەرایی کردبێ و کۆمەڵگەی لەقۆناغێکەوە بردبێتە قۆناغێکی دیکە.

ڕۆشنگەری لە نێوان عەقڵ و ئاییندا

ئەگەر هەربزاڤ ووەرچەرخانێکی مێژوویی بەململانێ دەست پێبکا، ئەوا ڕۆشنگەریش وەك هەر بزاڤ ووەرچەرخانێکی دیکە بەململانێ دەستی پێکرد. ئەوەندەی شێوازی ململانێیەکە لەهەر بزاوتێکی مێژووییدا گرنگە، خودی ململانێیەکە گرنگ نییە. چونکە ململانێ تایبەتمەندیو خەسڵەتێکی هەر بزاڤووەرچەرخانێکی مێژووییە " بەڵام ئەوەی ڕەوتی ململانێیەکە دیاری دەکاو بەرەو ئاقارو ئاراستەی جۆراو جۆری دەبا، شێوازو جۆری ململانێیەکەیە. جۆری هەرململانێیەك دەرەنجامی ئەو ململانێیە دیاری دەکاو بەئەندازەی شێوازی لێك جیای ململانێیەکە دەرەنجامی جیاجیای لێ دەکەوێتەوە. ململانێ لەسەر دەسەلآت جیایە لەململانێ ی فیکریو فەلسەفیو کۆمەلآیەتی. ململانێ ی نێوان دووکەس جیایە لەململانێ ی نێوان گروپو تاقمو گەلو نەتەوەو شارستانیەتییەکان. ڕۆشنگەری قسەکردن بوو دەربارەی ئەوروتەزاو چەمکانەی کەپێشتر قەدەغەبوو قسەیان لەبارەوە بکرێ. بەواتایەکی دیکە قسەکردن لەبارەی ئەو چەمکوروتەزایانەوە، واسنووردار کرابوو، دەرفەتی ئەوەیان نەهێشتبوو، مانایەکی دیکەیان پێ ببەخشرێ جگە لەومانایانەی پێشتر پێیان بەخشرابوو. ئەگەر هەوڵی پێغەمبەران بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ئەوە بوویێ، کە کۆمەڵگە لەتێڕوانین و بیروباوەڕی هەڵە ڕزگار بکەن و بانگەوازی تاکخودایی (التوحید) بلاویکەنەوە، ئەوا قۆناغی ڕۆشنگەری هەوڵدانی مرۆڤ بوو لەلایەن بیریارو فەیلەسوفانەوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەو تاریکستانەی دووچاری بوویوو " پێغەمبەران بەهۆی بانگەوازی خودابیەوە مرۆڤایەتییان لەئەفسانەو تێزی هەڵە ڕزگارکرد "بەڵام ئەو

بیریـارو فەیلەسـوفانەی قۆنـاغی ڕۆشـنگەری لەبەرامبـەر ڕەخنـەگرتن‌و هەوڵدانیان بۆڕزگارکردنی کۆمەڵگە لەئەفسانەکانی پیاوانی کڵێسا، جگـە لەعەقڵ پەیامێکی دیکـەیان پـێ نـەبوو. کـاتێ فروید ستایشـی مـارکس دەکا، کەمرۆڤ لەخەیاڵپلاوی (الوهم) ڕزگار کرد، ئەوەش ئاشارێتەوە کـە جۆرە خەیاڵپلاوییکی دیکەی پێشکەش کرد[٢٣].

نابێ‌وابزانین کە هەرهەوڵدانێکی مـرۆڤ بـۆ چاکسـازی‌و دژایـەتیکردنی ئەفسـانەو خـەیاڵ، کـەرەوتی گۆرانکارییـەکانی کۆمەڵگـە ئوادەخـەن، ئاکامەکـەی کۆتـایی هێنـان بـێ بـەو ئەفسـانەو خەیاڵانـەی دژایـەتییان کراوە. ڕۆشنگەری هات تاکو شوێنێکی دیکە بۆعەقڵ دەست نیشان بکا، کە پێشتر نەیبوو. هات بۆئەوەی سـەرلەنوێ چەمك‌و گوتـەزاکان بـەپێی ئـەو تێگەیشـتن‌و بۆچـوونەی فەیلەسـوفانی ڕۆشـنگەری هـەیانبوو دابڕێژێتەوە. ڕێگای بەردەم هەنگاوەکانی ڕۆشنگەری تەخت‌و بێ کۆسپ نـەبوو. لەگـەڵ دەرکـەوتن‌و سـەرەتاتکەکردنیدا، ڕوویـەڕووی چـەندان گرفت‌و کێشە بـۆوە. ڕەخنـەگرتن سیمایەکی دیـارو گەشـی ڕۆشـنگەری بـوو، کەلـەوێوە لـەدەرگای مێژوویـەکی نـوێ ی دا "بـەلام ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێ، کەوتـەزاو چـەمکەکانی ڕۆشـنگەری‌و ئـەوەی بانگەشـەی بۆدەکرد، ڕوویەڕووی ڕەخنە نەبوو بێتەوە. ڕێبین هەردی دەڵـێ ((بـەلام ئایا مرۆڤو خود هۆشیاری ئەووتەزایانـەن کـە ئیـدی نـاتوانین ڕەخنـەیان ئاڕاستە بکەین‌و بوون بە بەلگە نەویستێك کە کەس ناتوانێ ئەیسەلمێنێ ؟ ئەگەروەلامی ئەم پرسیارانەش لەرەخنەکانی ئەو بیریارەورد بینانـەدا ئەدۆزینـەوە کەبـەر لـە هەرشتێك رەخنـەیان ئاراستەی ئەموتەزایانـەی رۆشـنگەری‌کرد ئـەوا دەتـوانین‌وەلامی ئـەو پرسـیارانە لـەڕووداوە مێژووییەکانی دوای رۆشنگەریدا بدۆزینەوە))[٢٤]

بـاروبۆخی سیاسـیو ئـابوریو كۆمەلآیەتیوناسـتی تێكەیشـتنی تاكەكانی هەر كۆمەڵگەیەك، ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەیە لەوەرگرتن یان ڕەتكردنەوەی هەر بیرو باوەڕو تیۆرێك كە لەدایك دەبێ. چەندین هۆكاری خودیو بابەتیو ئەو كێشەو قەیرانە یەك لەدوای یەكانەی كە دووچاری جەستەی كۆمەڵگەی ئەورووپا بوو بوو، ڕێخۆشكەر بوون بۆ دەركەوتنو فۆرمەلە بوونی ئەو تیۆرو گوتەزایەی كە بە ڕۆشنگەری ناوزەدكرا. ڕاستەكە باسی ڕۆشنگەری دەكرێ، وێنای كاتو شوێنێكی تایبەت دەكرێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە پرسیار كردنو هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی سەروەرێتی عەقڵو كردنەوەی ئەو دەرگایانەی بە هەر پاساوێكەوە بووبێ داخرابوون، تایبەت بێ بەكاتو شوێنێكی دیاری كراوەوە، بەڵكو بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ لە سوتگەی ئەو سروشتو زگماكەی كە لە سەری دروست كراوە، خاوەنی پرسیارو هەڵوێستو تێڕامانە، بەردەوام لە خۆیو سروشتو ژینگەو دەورو بەری وردبۆتەوەو ڕاماوەو پرسیاری دەربارەی ژیانو بوون كردووە. ئەگەر لە سەردەمو قۆناغێكی مێژوویدا بە هۆی چەندین پاساوی جۆراو جۆرەوە مافی پرسیار كردن لە مرۆڤ زەوتكرابێو كۆمەڵێك هەوڵیاندابێ دەرگاكانی عەقڵو لۆژیك دابخەن، ئەوا كۆمەڵێكی دیكە هەوڵیانداوە ، ئەو دەرگایانە بكەنەوە. ئەو ململانێیەو مشتومڕە، گوڕو تینێكی دیكەی بەو تیزو بۆ چوونانە داوەو هاندەرێك بووە، بۆ زیاتر گەشەی عەقڵو هزر. گەڕانەوەی سەروەرێتیو شوێنگەیەكی دیكە بۆ عەقڵ پەچەكرداری ئەو سەركوتكردنو چەپاندنەی عەقڵ بوو، كە لەلایەن پاپاو قەشەكانی ئەورووپاوە ئەنجام دەدرا.

کاتێك ئاینی مەسیحی لە لایەن چەند کەسانێکەوە، لە پەیامی خۆی دوور دەخرێتەوەو قۆرغ دەکرێو بەناوی ئایینەوە قسە لە سەر ئەو بابەتانە دەکرێ کە بەرەنجامی روانینو عەقڵی مرۆڤنو بەرگێکی پیرۆزیان بەبەردا دەکرێ، هەموو ئەمانەو چەندان هۆکاری دیکە، رێگە خۆشدەکەن بۆ کۆمەڵێك لە بیرارو فەیلەسوف کە بانگەشەی گۆرانکاریووەرچەرخانو چرکەساتێکی دیکەی مێژوویی بکەن.
فەیلەسوفانی رۆشنگەری نەیانویست ئاور لەفەیلەسوفانی پێش خۆیان نەدەنەوە، کە هەوڵیاندا عەقڵ بەئەزموونەوە گرێ بدەن. فەیلەسوفانی رۆشنگەری پێیانوابوو بۆ ناسینی مرۆڤیش، دەتوانرێ هەمان میتۆد بەکار بهێنرێ کە پێشتر نیوتن بۆ زانستە سروشتییەکان بەکاری هێنا(١٠).
ئەوان لە زانستە مرۆییەکاندا، بۆ ئەو یاسا هەمەکیو نەگۆرانە دەگەران کەلەزانستە سروشتییەکاندا هەبوون. یەکسانکردنی زانستە سروشتییەکان بەزانستە مرۆییەکان یەکێك بوو لەو گرفتو رەخنانەی کەرووبەرووی فەیلەسوفانی روشنگەری بۆوە. دژایەتیکردنی هەر تێزو بۆچوونێکی نوێ بە ئامانجو مەبەستی جیاجیاوە دەکرێ، کاتێك کلێسا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەبزافی رۆشنگەری دەردەبری، لەترسی ئەو شوێنگەو دەسکەوتە کۆمەلآیەتییەوە بوو کە لە ئەنجامی بێ ئاگاییو ناهۆشیاری خەڵکەوە دەستی کەوتبوو. هەلو مەرجو بارودۆخی دژوارو نالەمواری ئەو کاتەی ئەوروپا، رێگەی لەبەردەم رۆشنگەریدا خۆشکرد بۆ زیاتر خستنەرووی تێزو بۆچوونەکانی، سروشتی مرۆڤوایە لەحاڵەتی تەنگەژەو قەیرانەکاندا بەئاسانی بروا بەوتێزو بۆچوونانە دەکا، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن مرۆڤ لەو قەیرانو تەنگەژانە رزگاردەکەن کە رووبەرووی بۆتەوە. دەرکەوتنی سەرەتاکانی رۆشنگەری دوای شۆرشی

فەرەنسی (١٧٨٩)و هەوڵدان بۆ کردنەوەی زیاتری دەرگاکانی عەقڵ و بانگەشەی ئازادییەکانی تاکو عەقڵێکی (یونڤارستی) گەردوونیی جوگرافیای رۆشنگەریان لە سنوورەکانی ئەوروپادا هێشتەوە[٢٠].

هەنگاوە خێراکانی رۆشنگەریی و دەسکەوتە یەک لەدوای یەکەکانیو متمانە بەخشینی لەڕادەبەدەر بەعەقڵ، وای لە عەقڵمەندانو فەیلەسوفانی رۆشنگەری کرد، کە نەک تەنها لایەنە نارۆشنو تاریکەکەی رۆشنگەریو عەقڵ نەبینن " بەڵکو خۆشباوەڕیان گەیشتەڕادەیەک، کە پێشبینی ئەوڕەخنەو گرفتانەیان نەکرد کە ڕوویەڕوویان بۆوە. ئەگەر کلێسا بە ئامانجومەبەستێکی تایبەتەوە دژایەتی رۆشنگەری کرد، ئەوا رۆمانتیکییەکان ئەو جەنگەیان بەچەکی مەعریفەو فکرکرد. ئەگەر رۆشنگەری دوای کردنەوەی دەرگاکانی عەقڵو پرۆژە رەخنەییەکەی چەندین دەستکەوتی پێشکەش بەکۆمەڵگەی خۆرئاوا کردبێ " ئەوا لەبەرامبەر دەرەوەی خۆرئاوادا بەپێچەوانەی ئەو دروشمانەوە رەفتاری کرد، کەهەر لەسەرەتاکانی رۆشنگەرییەوە بانگەشەی بۆ دەکرد. هێندە ئەفسانەو خەیاڵی پووچی سەدە لەدوای سەدە تێکەڵ بە ئایینی مەسیحی بوو، ئەیتوانی لەبەرامبەر ئەو تەوژمە عەقڵانیو رەخنەییەیرۆشنگەریدا خۆی رابگرێو هەرەسی هێنا. دەمێک بوو کلێسا دەرگای لەرووی ئەو پرسیارانە داخستبوو، کەرۆشنگەری لەسەرەتاکانی دەرکەوتنییەوە دەیوروژاندن. شکستی کلێسا لەبەرامبەر رۆشنگەریدا، شکستی ئەو عەقڵە دوگماییەبوو کەخۆی بژوەلامی ئەو پرسیارانە ئامادە نەکرد بوو کەرۆشنگەری بەمتمانە بەخۆبوونەوەوەڵامی دەدانەوە. ئەوکاتەی کەکڵێساوەخەبەر هاتو چاوەکانی گلۆفیوویستی لاسایی رۆشنگەری بکاتەوەو وەلامێک بۆ پرسیارەکان بدۆزێتەوە،

جگەلەوەی کەوەڵامەکە لەلایەن ڕۆشنگەریەوە عەقڵانیانە درابوونەوە، وەڵامەکانی کڵێسە دوای ئەو خەوە قوڵە نەك مایەی متمانەو ڕاڵیێ بوون نەبوون " بەڵکو ئەو کاتە بەسەر چوو بوو کە خەڵك چیدیکە گوێ لەووەڵامانە بگرێ. وێنا کردنو دەرکەوتنی جوگرافیایەك وکات و سەردەمێکی دیاریکراو لە ئاوێنەی خەیاڵو مزردا، ئەوەناگەیەنی کە ئەم عەقڵە دوور لە عەقڵەکانی دەرەوەی خۆی و بەبێ کاریگەری ئەوان لەسەری هەنگاوی نابێ. بانگەشەی (کانت) بۆجیاکردنەوەو دیاری کردنی سنوورەکانی نێوان جیهانی مەعریفەو میتافیزیك، کەم تا زۆر کاریگەری فەیلەسوفی ئیسلامی (ئیبن روشد)ی لەسەربوو (ئیبن روشد) دەڵی:((هەرکەسێك بیەوێ خودا بەراستی بناسێ، پێویستە لەناوەڕۆکی شتەکانوورببێتەوەو لەبەرامبەر ئەو ئەفراندنە ناوازانەی بوون، هەڵوێستەبکا. هەرکەسێك لەراستی بەدیهێنراوەکان نەگا بەدیهێنەریکیش ناناسێ))[٣٣]. هەرگۆرانکاریووەچەرخێك، لەهەر بوارێك لەبوارەکاندابێ " راستە کاتێکی دیاریکراوو مێژوویەك دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەو گۆرانکارییەلە قۆناغەکانی پێش خۆی" بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەو گۆرانکارییە، کاریگەری پێش ئەو مێژووەی بەسەرەوە نەبووە. گۆرانکاریو رەوتی مێژوو زیاتر زنجیرەیەکی بەیەکەوە گرێدراوی نێوان (رابووردوو– ئێستا– داهاتوویە)وەك لەوەی چەند هەنگاوێکی دوور لەیەکدیو بێ کاریگەری قۆناغێك لەسەر قۆناغێکی دیکەبێ. لەسروشتی مرۆڤدا چەندە حەزو ئامادەیی بۆ گۆرانکاری هەیە.

ئەوەندەش حەزوئامادەیی بۆ نە گۆرانو دەستبەردار نەبوونی داب و نەریتە باوەکان هەیە. کاریگەریو چۆنێتی بڵاوبوونەوەی هەر تێزوبیرو بۆ چونێك لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێكو لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی

دیکە دەگۆڕێ. جیاوازیو خاڵی هاوبەشی نێوان ئایینەکان بۆ ئاستی تێگەیشتنو باروبۆخی کۆمەلایەتی لێکچیای کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

کاتو شوێنو باروبۆخی لێکچیای ئابووریو کۆمەلایەتی و کلتووری، رۆڵی دیارو ئاشکرایان هەیە لەوەرگرتن یان رەتکردنەوەی هەرتێزو بیرو بۆچوونێکدا. وەرگرتنو رەت کردنەوەی ئیسلام یان هەرتێزو بۆچوونێکی دیکە بە پێی جیاوازی عەقڵیەتو هەلو مەرجەکان بەرەنجامی جیاجیای لێدەکەوێتەوە. چ ئایین یان هەر بیروباوەڕێك کە زادەو هەڵقوڵاوی عەقڵو هزری مرۆڤ بێ، رۆڵی هەیە لە گۆڕینی بیرو بۆچوونو روانینو هەڵوێستی مرۆڤدا، بەلام هەندێ خەسڵەتی تایبەتیو حالەتی سایکۆلۆژی لەمرۆڤدا بە شێوەیەکی کتوپڕناگۆڕێ. ((مێژوو نووسی فەرەنسی بەناوبانگ (فێردینان برودیل) بۆ تێگەیشتن لە مێژوو باس لەپێویستی لێکدیجیاکردنەوەی خێرایە جیاجیاکانی زەمەن دەکات. بەڕای برودیك چ زلنا کۆمەلایەتییەکانو چ ئەولنەی کەخۆیان بەمێژووەوە خەریك دەکەنو دەخوازن لەدیاردە مێژوویەکان تێبگەن پێویستە خێراییە جیاجیاکانی تێپەڕنی زەمەن لەناو کایە جۆربەجۆرەکاندا لەیەکدی جیابکەنەوە چونکە خێرایی تێپەڕینو جوولەی زەمەن لەهەر یەکێك لەکایەکانی چالاکیە ئینسانیەکاندا خێراییو جوولەی جیاوازو تایبەتە. ئەمەش وادەکات توانای خۆتازەکردنەوەو گۆڕان لەهەر یەکێك لەکایانەدا جیاواز بێت لەویدەیکەیان، جوڵەی زەمەن لەکایەی سیاسەتدا جیاوازە لەجوڵەی زەمەن لەکایەی ئابووری دا، گۆڕانەکانی ناو سیاسەت خێراترن لەگۆڕانەکانی ناو ئابووری[٣٠]. گەر لەڕوانگەی برودیلەوە بڕوانین، ئەو ڕاستییەمان بۆئاشکرا دەبێ، کەئەو بوارانەی ڕۆشنگەری گۆڕانی تێدا بەرپاکرد، لەیەکێکیانەوە بۆیەکێکی دیکە گۆڕاوەو دەرەنجام

سەرکەوتنەکانیش لەیەکێکیانەوە بۆیەکێکی دیکە بەپێی کات‌و هەل‌و مەرجی جیاواز لەیەکدی جیابوون. هەوڵدانی مرۆڤ بۆگۆڕانکاریی‌و چاکسازی زیاتر لەوکاتانەدا دەستی پێکردووە، کەمرۆڤ ڕوو بە ڕووی قەیران‌و تەنگژە بۆتەوە. مەرج نییە گۆڕانکاریی‌و نوێخوازی‌و چاکسازی، هەموولایەنەکانی ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە، چەندین خەسڵەت‌و تایبەتمەندی کە لە سروشتی مرۆڤدا ڕەگا ژۆیەو بەشێکە لەپێکهاتەی جێگیرو بەردەوامی مرۆڤ، دەستکاری کردنیان نەک هەڕەشەیە بۆسەر سروشتی مرۆڤ، بەڵکو دەبێ هەوڵی پارێزگاری کردنیشیان بدرێ. ئەگەر زانست‌و زانیاری‌و پێشکەوتنی زانستە مرۆڤایەتییەکان‌و کردنەوەی زیاتری دەرگاکانی عەقڵ‌و هەوڵدان بۆدۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت‌و بوون، بوونیتە هۆی ئەوەی کەمرۆڤ، دابڕانێکی ئەبستمولوژی لەنێوان دوێنێ‌و ئەمڕۆیداو سەردەم‌و قۆناغ‌و سەردەم‌وقۆناغێکی دیکەدا بەرپابکا، ئەوا بەشێك لەو خەسڵەت‌و تایبەتمەندییانەی مرۆڤ بە جێگیری ماونەتەوە. ئەو مرۆڤە نوێیەی ڕۆشنگەری بەدوایداوێڵ بوو، دواتریش نیتشە سەرلەنوێ مرۆڤی تێك شكاندو بانگەشەی بۆئەوە کرد کەمرۆڤ تێپەڕێندریێ‌و لە سوپەرماندا بەرجەستە ببێ، لەزۆر ڕووەوە لەگەڵ مرۆڤەکەی دوێنێدا جیاوازی نەبوو. هەوڵدانی مرۆ بۆگەیشتن بەزانست‌و زانیاری‌و دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت‌و مرۆڤ، لەهەوڵ‌و ئارەزووی مرۆڤ بۆ دەسەلات‌و دەستبەسەرداگرتن‌و هەژموون جیانابێتەوە. (محەمەد ئەرگون) دەڵێ:(بێ بەرێتی (البراءة)ی تەواو لەسەر زەویدا نییە[٢٢]. ڕۆشنگەری لەگەڵ ئەو ڕووە ڕوشنگەرییەیدا، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی نایە قۆناغێك‌و مێژوویەکی نوی‌و چارەسەری زۆر لەوکێشانەی کرد، کەبەدرێژایی مێژوو گرفت بوون لەبەردەم مرۆڤدا،

ناتوانیٚ خۆی لەو بەرپرسیارێتییە بیٚ بەری بکا کە لەچەندین چیرۆکی ترازیدیو جەنگو کوشتارو کاولکاریدا خۆی نواند. بزاوتو گۆڕانکارییە میٚژووییەکان، ئاراستەو خواستو مەبەستی جیاجیان هەیەو لەڕووی چەندێتیو چۆنێتییەوە لێکدی جیان. مەرج نییە هەرگۆڕانکاریووەچەرخانو هەوڵدانێك بۆچاکسازیو بەرەو پیٚشەوە بردنی ژیانی مرۆڤ لەڕووی ئەستوویی (ماددی)و مانابییەوە، مرۆڤیان ئاسودە کردبیٚو بەختیاریان بەدیاری بۆ هیٚنابیٚ " بەڵکو زۆر جار دروشمەکان پیٚچەوانە بوونەوە. ئاکریٚ ئەو دروشمە ڕەخنەییەی ڕۆشنگەری سەردەمی خۆی پیٚ خویٚندەوە، ڕۆشنگەریشی پیٚ نەخویٚندریٚتەوە. ڕەوتی گۆڕانکاریو میٚژووی ئاراستەی جیاجیای هەیە، هەندیٚ جار گۆڕانکاریوێڕای هەنگاوی چاکسازیو هیٚنانەدیو دەستەبەر کردنی خواستەکانی مرۆڤ، چەندین گرفتو کیٚشەو مەینەتیش لەگەڵ خۆی دیٚنیٚ. بزاوتووەچەرخانە میٚژووییەکان، چەندە مرۆڤیان دڵنیا کردبیٚو چارەسەری هەندیٚك لە گرفتو کیٚشەکانیان کردبیٚ "ئەوەندەش مەینەتو ئازاریان بۆهیٚناوە. ئادۆرنۆ دەڵیٚ ((میٚژوو بزاوتیٚك نییە لە بەربەریەتەوە بەرەو ئازادی، بەڵکو بزاوتیٚکە لەتیرو کەوانەوە بۆ بۆمبای ئەتۆمی))[٢٤]. دەشیٚ تیٚزو بیروباوەڕیٚك لەمیٚژوودا، بەهۆی ئەو دروشمانەی دەیانخاتەڕوو، مایەی سەرنجو ڕا لیٚ بوون بیٚ " بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم تیٚزو بیروباوەڕە بتوانیٚوەڵامگۆی پرسیارەکانی سەردەم بیٚ. عەتا قەرەداغی دەڵیٚ: ((لیٚرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات بۆچی هەڵگرانی پەیامی ئایینی زەردەشتی ئەو ڕوحی قوربانی دانەیان لەپیٚناوی ئایینەکەیاندا تیٚدانەبووە ؟))[٢٥]. لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵیٚ: ((یەکیٚك لەهۆیە سەرەکییەکانی تیٚکشکانی

ئایینی زەردەشتی هەر لە گەوهەری خۆیدایە ئەویش لەهەق نەهاتنی وەڵامدانـــەوەی هـــەموو پرسـیارەکانی مرۆڤـــە))[٢٦]. پرسـیارەکانیش بەئەنـدازەی جیـاوازی ژینگـەو ئاسـتی تێگەیشـتن‌و هوشـیاری مـرۆڤ دەگۆڕێن‌و وەڵامەکانیش کاردانـەوەو بـەرەنجامی پێداویسـتییەکانی ئـەو سەردەم‌و بارودۆخەن، کەکۆمەڵگە تێیدا دەژی. هەرسەردەم‌و قۆناغێکی مێـژوویی، خـاوەنی جۆرێك لەپرسیاری تایبـەت بەخۆیـەتی‌و ئـەو تێـزو بۆچوونانەی بیریارو فەیلەسوفان، لەهەر قۆناغ‌و سەردەمێکی مێژوییدا، بانگەشەی بۆ دەکـەن‌وەڵامی جۆرێك لەپرسیاری سـەردەم‌و قۆنـاغێکی دیـاریکراو دەدەنـــەوە. زۆر جـاروەڵامی پرسـیاری کـات‌و قۆنـاغێکی دیاریکراو، بۆ کـات‌و قۆنـاغێکی دوای خـۆی ناشـێ. ئەگـەر ڕۆشـنگەری وەڵامـی قۆنـاغێکی دیـاریکراوی مێـژوویی بـووبێ، ئـەوا وەڵامـەکانی بۆقۆناغـەکانی دوای خـۆی، پێویسـتییان بەسـەرلەنوێ پێداچـوونەوەو دەستکاریکردن کرد. ئەمەش پێچەوانەی ئەو متمانەو بڕوا بەخۆبوونـەی ڕۆشـنگەری بوو، کەلەسـەرەتاکانی دەرکەوتنیدا بانگەشـەی بۆدەکرد. (محەمەد ئـەرکۆن) باسـی پەیوەندی نێوان هەریـەك لـەماناو هـەژموون دەکا، کەچۆن هەریەك لەڕۆشنگەری‌و هەڵگرانی پـەیامی ئـایین بـەکاریان هێناوە "واتە ململانێیەکە لەپێناوی هەژموون دابووە. لـەململانێی نێوان کڵێساو ڕۆشـنگەریدا، ڕۆشـنگەری‌و عەقڵانیـەت سـەرکەوتن. ئەگـەر ئـەم حاڵەتـە بـەراورد بکـرێ بـەململانێی نێـوان ڕۆشـنگەرانی ئیسـلامی‌و دەسەڵاتدارانی ئایینی لەمێژووی ئیسلامیدا، یان ململانێی نێوان ئـایین‌و عـەقڵ ئـەوا هاوکێشـەکە لـەجیهانی ئیسـلامیدا پێچـەوانە بـۆوە، چونکە لەجیهانی ئیسلامیدا عەقڵانیەت شکەستی هێنا."[٢٧]

ئەگەر لەڕواڵەتدا ئەم دوو ململانێیە لەیەکدی بچن، ئەوا لەناوەڕۆکدا لەیەکدی جیان. ئەو ئایینەی کە عەقڵانییەت لە ئەورووپا ڕوویەڕووی بۆوە، مانای ڕاستەقینەی ئایینی لەدەست دابوو. لەهەمان کاتدا ئەو عەقڵانییەتە خۆی بە ئەلتەرناتیفی ئایین دەزانی و کاری بۆ ئەوەکرد کە ئایین بخاتە پەراوێزەوە " بەڵام بزانی عەقلگەرایی لەمێژووی ئیسلامدا بۆ ئەوە نەبوو، ئایین بخاتە پەراوێزەوە. وەك چۆن هەڵگراتی پەیامی ئایینی لەلایەن ئەو کەسانەی کەپەیامی ئایینییان بەبەڵگەی عەقڵی ڕەتکردۆتەوەو پێیانوابووە ئەوەی ئایین هێناویەتی دژایەتی لەگەڵ عەقڵدا هەیە، بەهەمان شێوە تێزو بۆچوونە عەقڵییەکانیش لەلایەن هەندێك لەهەڵگرانی پەیامی ئاییبنییەوە ڕەتکراونەتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە، عەقڵ و ئایین ناکۆکن، بەڵکو کێشەکە لەچۆنیەتی مامەڵە کردنی ئەو کەسانەوە سەری هەڵداوە، کەبەهەر پاساوێکەوە بووبێ ویستوویانە کۆسپ بخەنە بەردەم هەنگاوەکانی عەقلگەرایی. ئەگەر کۆمەڵێك لەهەڵگرانی پەیامی مەسیحییەت دژایەتی فەلسەفەی یۆنانیی و ڕۆمانییەکانیان کردبێ؛ ئەوا چەندانیوەك: تۆماس ئەکینۆس و سان ئۆگستین و سان ئەنسەلەم و. . . . . . چەندانی دیکە هەوڵیانداوە ئایین و فەلسەفە بەیەکەوە بگونجێنن.[٢٨]

لەمێژووی ئیسلامیشدا هەمان دیاردە دووبارە بۆتەوە، ئەگەر کۆمەڵێك هەوڵیاندابێ ئەو دەنگانە بخنکێنن، کەباسی عەقڵانییەت و ڕۆشنگەرییان کردبێ؛ ئەوا کۆمەڵێکی دیکە بەپشت بەستن بەدەقەکانی ئایین لایەنگری ئەو دەنگانەیان کردووەو نەك هەوڵی عەقڵخوازانییان ڕەت نەکردۆتەوە " بەڵکو هەوڵی گەشە پێدان و سەرخستنی پڕۆژە عەقڵانییەکانیان داوە. ئەگەر پڕۆژە عەقلگەراییەکەی ئەورووپا بەراورد

بکەین بەپرۆژە عەقلگەراییەکەی جیهانی ئیسلامی " دەبینین هەریەك لەو دوو پرۆژەووەرچەرخانە مێژووییە دەستکەوتی گرنگیان پێشکەش بەمرۆڤ کردووە.

راستە ئەوەی جیهانی ئیسلامی بەپرۆژەیەکی شکست خواردوو ناوزەد دەکریٚو نەگەیشتە ئاستی پرۆژەکەی ئەورووپا، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کەبیٚ بایەخ و بیٚ دەستکەوت بووە. ئەگەر رێنسانسی ئەورووپا سەرەتاو دەستپێکێك بوویٚ بۆ قۆناغی رۆشنگەریو ئەم دوو قۆناغە تەواو کەری یەکدی بووین، ئەوا قۆناغی عەقلانی لەمێژووی ئیسلامیدا، دوای ئەو شکستەی رووبەرووی بۆوە، نەیتوانی درێژە بە پرۆژەکەی بداو بەردەوامی پیٚ ببەخشیٚ. دەبیٚ پێمانوابیٚ، کەوەرچەرخانو گۆرانکاریی مێژوویی لەم چەشنەی رۆشنگەری ئەورووپا، لەسەر زەمینو کاتی دیکەدا دەرکەوتوون " بەلاّم هەلو مەرجو باروبۆخی دژوارو ناهەموار رێگر بوون لەبەردەم ئەم چەشنەوەرچەرخانو گۆرانکارییانەدا.

مەرج نییە ئەو هەولاّنەی بەمەبەستی گۆرانکاریووەرچەرخان ئەنجام دەدرێن، بگەنە ئەو ئاستو مەرامەی هەنگاوی لەپێناو دانراوە، دەشیٚ لەگەلّ هەر هەنگاوێك رووەو گۆرانو چاکسازی، ئەوە لەبەرچاو بگیریٚ کەچەندان کۆسپو لەمپەر دێنەبەردەم. هەنگاوەکانو پرۆسەکە بەناقارێکی دیکەدا دەبەن. زۆرن ئەو گۆرانکاریی‌ووەرچەرخانە مێژووییانەی کە، فەیلەسوفانو روناکبیران رۆڵی دیاو بەرچاویان دیوە لەگەشەپێدانو بەرەو پێشەوە بردنی ئەو بزاڤو گۆرانکاریانەدا " ئەگەر رۆڵی فەیلەسوفانو بیریارانی رۆشنگەری بەراورد بکەین بەهەندێك لەوەرچەرخانو بزاڤانەی مێژوو، ئەوا رۆڵی فەیلەسوفانی رۆشنگەری

بەوە لەهەندێك لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە، کەفەیلەسوف و بیریارانی ڕۆشنگەری لەوکاتەدا گوێیان لێگیرا کە لە ژیاندامابوون، لەهەمان کاتدا فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئەگەر لەهەندێك بیرو بۆچووندا ناکۆك بووبن ئەوا بەگشتی کۆك‌و هاودەنگی یەکدی بوون. کۆمەڵگەی خۆرئاوایی لەوسەردەمەدا لەئاستێکدا بوو کە لەزمانی ئەو بیریارو فەیلەسوفانە تێدەگەیشت. ئەم گوێ لەیەکدی ڕاگرتن‌و لێکدی حاڵی بوونە، یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە ڕۆشنگەرییان بەرەو پێشەوە برد. بەڵام کاتێك فارابی‌و ئیبن سیناو چەندانی دیکە لەجیهانی ئیسلامیدا دەرکەوتن‌و چەندین قوتابخانەو ڕێبازی فیکری‌و فەلسەفی پەرەیان سەند، کۆمەڵگە لەوکاتەدا، نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی لەزمانی ئەوانە تێبگا.

گۆڕانکاری عەقلیی

عەقڵ ئەو بەخششەی خودایە، کەمرۆڤ بەهۆیەوە سروشتو دەوروبەرو خۆیو خودای ناسیوە. مرۆڤونێرای عەقڵ خاوەنی چەندین بەخششو تایبەتمەندی دیکەیە، کەهەریەکەیان ڕۆڵو کاریگەری تایبەتییان هەیە لەئاراستە کردنی مرۆڤداو سنوورێك بۆ مامەڵەو هەڵسو کەوتو ڕەفتاری مرۆڤ دادەنێنو سەرچاوەیەکن بۆ ئەو زانیارییانەی مرۆڤوەدەستیان دێنێ. ئەو ژینگەو دەوروبەرەی مرۆڤ تێیدا دەژی هەر لەبەرایی مێژووەوە، مایەی سەرنجو بیرکردنەوەی مرۆڤ بووەو هەوڵی تێگەیشتنو دەست بەسەر داگرتنو تێپەڕاندنی داوە. زانیاریو مەعریفەی مرۆڤ بەرەنجامی ئەوبەریەك کەوتنو مامەڵەکردنەی نێوان سروشتو مرۆڤ بووە. ئەگەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا سروشتو دەوروبەر زاڵبوونی خۆیان سەلماندبێو مرۆڤیان خستبێتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە " ئەوا لەقۆناغەکانی دیکەو دوای هەوڵی نەپساوەی مرۆڤ بۆ زیاتر فراوانکردنی دەلاقەکانی تێگەیشتنو عەقڵ، زیاتر سروشتو دیاردەکانی دەوروبەر نهێنییان ئاشکرابووەو بە چەمکی قورئانی رام بوونو دەسەلاتو ئیرادەی مرۆڤیان قبوول کردووە. بیرمەندانو فەیلەسوفان هەریەکەیان بەجۆرێك ئەو پەیوەندییە لێك دەدەنەوە کەلە نێوان مرۆڤو سروشت دا هەیە، هەندێکیان عەقڵ بەهۆکارو ڕەگەزێکی سەرەکی دەزانن کە مرۆڤ بەهۆیەوە مەعریفەو زانیاریوەدەست هێناوەو هەندێکی دیکەوێڕای عەقڵ ئەزموونو هۆکاری دیکە بەسەرچاوەی ئەو زانیاریو مەعریفەیە دەزانن. بەچەمکی هیگڵ، ئەو کاتەی مرۆڤ بەشێك بووە لە سروشتو نەیتوانیوە لە ژینگەو سروشت تێپەڕێنێو خەیاڵو ئەفسانە پانتایی عەقڵی مرۆڤیان داگیر

کـردووە، مـرۆڤ لـە دەرەوەی مێـژوو بـووە، مێـژوو ئـەو کاتەدەسـتی پێکـردووە، کـەمرۆڤ خـاوەنی خـود هۆشـیاری بـووەو توانیویـەتی لـە سروشت دابیڕێو هەوڵی تێگەیشتنی داوە. قۆناغـەکانی هەست کردنـی مـرۆڤ بەسەربەسـتی ئـەو قۆناغانـەی کەبـەلای هیگڵـەوە، پەیوەنـدیان بەگەشەی عەقڵەوە هەیەو لەو گەشەیە جیا نابنەوە. عەقڵ لە قۆناغێکدا کـە سەربەستە، مانایـەکی دیکـەی هەیـەو بـوونی خـۆی دەسـەلمێنێ. قۆناغـــە لێـــك جیاکـــانی عـــەقڵ، پەیوەنـــدیان بـــەو هەســـتکردن بەسەربەستییەوە هەیە، کەلەهەر یـەکێك لـەو قۆناغانـەدا دەردەکـەوێت، تاعەقڵ دەگاتـە قۆناغێك کەلـە ڕوحـی ڕەهـاداو لەدەوڵەتـدا بەرجەستە دەبێ.[٣٩] هیگڵ ڕەخنە لەوانە دەگرێ، کـە هەسـتو سـۆزی ئەوانـەی لـە دڵـەوە سەرچـاوە دەگـرن، لەعـەقڵ جیادەکەنـەوە، بـەڕای ئـەو ئەمانـە لەیەکدی دانابڕێن جیاکردنەوەی عەقڵو هەست بەو مانایە نییە کەعـەقڵ لەسەرووی هەستەوە نییە، ئەگەر جیاکردنەوەی ئەمانـە لەیەکدی هەڵـە بێ ئەوا هاوسەنگ کردنیان هەڵەیەکی دیکەیە.[٤٠]

پەیوەندی نێوان عەقڵو هەستەکان، پەیوەندی نێوان قۆنـاغی ڕوحـی ڕەهایـە لەگـەڵ قۆنـاغی تـری ئـەو ڕوحـەدا " بۆیـە ئـەو یاسـایانەی کەسەرچاوەکەیان بۆ هەستەکان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵە یاسایەکن شکست دێنن، بۆ ئەوەی یاساو ڕەوشـتەکانی نـاو کۆمـەڵ، بگەنـە قۆنـاغی ڕەهـا دەبێ لەعەقڵەوە سەرچاوە بگرن " چونکە عەقڵ خەسڵەتی گشتی هەیە. ئەگەرچی هەندێك جـار مـرۆڤ بـەهۆی هەسـتەکانییەوە دەگاتـە هەنـدێك ئامانجو مەبەسـتی دیاریکراو، بـەڵام ئەمـە یاسـاو نییـە بۆئـەوەی مـرۆڤ بەغەریزەکانی ڕەفتار بکا"[٤١].

ڕۆڵ و گرنگی عەقڵ ئەو کاتە دەردەکەوێ کەملکەچی یاساکان بێ. واتە قۆناغی عەقڵی خودی تێپەڕێنێ و بچێتە قۆناغی عەقڵی بابەتییەوە. کاتێک ملکەچی و جێ بەجێ کردنی یاساکان دێتە دی کەمرۆڤ واز لەئارەزووە تایبەتییەکانی بێنێ. جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە،ئەو قۆناغانەیە کەمرۆڤ تێیدا سەربەست دەبێ. لەو سونگەیەوە سەرپێچی کردنی ئەو یاسایانە لەگەڵ سەربەستیدا ناکۆک دەبێ.

هیگل ئاماژە بۆ ئەوە دەکاکەیاساکانیش هەموویان وەک یەک نین، ئەو یاسایانەی کەدەبنە هۆی چەوساندنەوەو ستەم وویست و ئارەزووی چەند کەسێک لەپاشاو دیکتاتۆرەکان دێننەدی، لەم حاڵەتەدا چەمکی سەربەستی دەشێوێ و کۆیلایەتی زیندوو دەبێتەوە''. گرنگی و ڕۆڵی یاسا لەژیانی مرۆڤداو پەیوەست کردنی بەسەر بەستی و قۆناغێکی عەقڵییەوە کەلەسەرووی عەقڵی خودییەوە، ڕۆڵ و گرنگی ئایین لەژیانی مرۆڤ دا دەسەلمێنێ. سەرجەم ئایینەکانیش یاسایان بۆ مرۆڤ هێناوە، ئەوەی گرنگەو ئایینەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، جێ بەجێ کردنی یاساکانە. بڕوادار چەندە ئامادەی جێ بەجێ کردنی یاساکان بێ و پەیڕەویان لێ بکا، ئەوەندە لەسەربەستی نزیک دەبێتەوە لەو ڕواگەیەوە، کەسێک بڕوا بێنێ و یاساکان جێ بەجێ نەکا، لەسەربەستییەوە دوورەو کۆیلەی ئارەزووەکانیەتی. جێبەجێ کردنی یاساو فەرمانەکانی خودا مرۆڤ بەرەو سەربەستی دەبەن و لەکۆیلایەتی ڕزگاری دەکەن. گرنگی و ڕۆڵی یاسایە، کاریکی وای کردوە، کەمرۆڤ کاتێک گوێ ی بۆ پەیامی پێغەمبەران ڕانەگرتبێ، بۆخۆی یاسای داناوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەمرۆڤ هەرکاتێک یاسای دانا، مانای ئەوەیە گوێ لەیاسای خودا ناگرێ" چونکە مرۆڤ ویڕای ئەوەی کەلەسەری پێویستە گوێڕایەڵی خوداو

پێغەمبەرانی خودا بێ، بۆی هەیە چەندین یاسای تایبەت بەژیانی جیهان دابنێ‌و پەیڕەوییان لێ بکاو لەگەڵ گۆرانکارییەکانی ژیانیدا دەتوانێ یاساکانیش بگۆڕێ.

خودا لەپەیامەکانیدا کەمتر باسی ئەو دیاردانەی بۆمرۆڤ کردووە، کەبە عەقڵ‌و لێوردبوونەوەی خۆی دەتوانێ نهێنییەکانیان ئاشکرا بکا. ئەمەش لایەنە گۆڕاوەکان دەگرێتەوە کە، ئیسلام جەختی لەسەر دەکاو مرۆڤ فێردەکا " کەلەڕێگەی عەقڵ‌و ئەزموونەکانی ژیانەوە، چەندین نهێنی‌و یاسا بدۆزێتەوە. لەم پرۆسەی چالاکییە عەقڵییەدا کەسی بڕوادار دەتوانێ کەڵک لەهەموو ئەو کەسانەوەربگرێ کەلەبڕواو ئایینددا یەکناگرنەوەو لەچالاکییەعەقڵییەکاندا هەردوکیان وەک یەک هاوبەش‌ن‌و بڕوای لێک جیانابێتە ڕێگر لەبەرامبەر هەوڵ‌و کۆششی ئەو کەسانەدا، کەلەڕێگەی عەقڵ‌و ئەزموونەوە، نهێنی‌و ڕاستییەکانی سروشت‌و ژیان دەدۆزنەوە. لەمێژووی ئیسلامدا بە بەهانەو پاساوی جۆراو جۆرەوە، سنووری چالاکییەکانی عەقڵ تەسک کراوەتەوەو دەرگا لەسەر عەقڵ داخراوە. لەسەر دەمی پێغەمبەردا (ص) هاوەڵەکانی نەک تەنیا بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئایین " بەڵکو بۆ ئەو بابەتانەی کەپەیوەندییان بەعەقڵ‌و هەوڵی مرۆڤ خۆیەوە هەیە دەربارەی ژیانی ڕۆژانەیان دەهاتنە لای پێغەمبەرو پرسیاریان لێ دەکرد. هەتا لەچیرۆکی چۆنێتی موتوربەکردنی دارخورمادا، پێغەمبەر هەروەک لە فەرموودەکەدا هاتووە لەوە ئاگاداری کردنەوە، کەئەمە پەیوەندی بەژیانی ڕۆژانەی ئەم جیهانەیانەوە هەیەو بۆخۆیان باشتری لێ دەزانن. ئەگەر لەو قۆناغەدا، کەپێغەمبەر لەژیاندا بووە، خەڵک پێویستییان بەوە نەبووبێ بە عەقڵی خۆیان مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەن" چونکە پێغەمبەر بۆخۆی دوای هاتنە

خوارەوەی ئایەتەکان بۆی لێکداونەتەوە، ئەوا دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر، دەرگاکانی عەقڵ بۆ لێکدانەوەی دەق ئاوەڵابوون. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆئەوەی چەندین زاناو بیریار لە مێژووی ئیسلامیدا دەربکەون‌و وەك سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی یاساکانی ئیسلام پەیڕەویان لێ بکرێ. کاتێك ئەو زانایانە قسەیان دەربارەی ئایین کردووەو دەقەکانی ئایینیان ڕاڤەکردووە، لەپاڵ ئەو باسانەدا چەندین بابەتی دیکەیان پێشکەش کردووە، کەتایبەت بوون بەو داهێنان‌و ئەفراندنانەوە، کەمرۆڤ بەهۆی عەقڵ‌و بیرکردنەوەی خۆی‌و دوای هەوڵ‌و کۆششی بەردەوامی لەژیانیدا پێیان دەگات‌ووەدەستیان دێنێ. ئەم دووڕاڤە کردنە، کەلەیەکدی جیان‌و هەریەکەیان بنەماو میتودی تایبەتی خۆی هەیە، لەلای خەڵك بەیەکسانییەوە سەیریان کراوەو مامەڵەیەکی بێ جیاوازییان لەگەڵدا کراوە. ئومێد قەرەداغی دەڵێت:((گۆڕان لەسەردەمی‌وەحییەوە بۆ سەردەمی دوای‌وەحی دەشێت ناوی بنێین گۆڕان لە چاخی دەق‌و تاك تەئویلییەوە بۆ چاخی عەقڵ‌و فرە تەئویلی.))[٢٢] داخستنی دەرگاکانی عەقڵ چ لەسەردەمی پێغەمبەرو چ دوای کۆچی دوایی کردنیشی، بەهەر پاساوێکەوە بووبێ، دوورە لەسروشتی ئایینی ئیسلام " چونکە ئایینەکان بەئایینی ئیسلامیشەوە، وەك چۆن مرۆڤ هان دەدەن کەلەڕێگەی بەڵگەو نیشانە هەست پێکراوەکانەوە، لەنادیار بگەن‌و بیناسن‌و بە هۆیانەوە لەخودا نزیك ببنەوەو لەدروستکراوەکانی ڕامێنن، بەهەمان شێوە بۆکارکردن‌و بەجێ هێنانی ئەرکی جێ نشینایەتی‌و ئاوەدان کردنەوەی زەوی‌و بنیاتنانی شارستانییەتیش، ڕێگە بە مرۆڤ دەدا، لەدەرگاکانی عەقڵ بداو بیانکاتەوە نەك دایانبخات.

لەمێژووی ئیسلامدا، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا گرنگی دان بەزانست و زانیاری و فەلسەفە گەشەیان سەند، لەپاڵ زانیارییە شەرعیەکاندا چەندین قوتابخانەی دیکە دەرکەوتن و چەندین زاناو فەیلەسوف و بیریار، بابەت و پرۆژە فەلسەفییەکانیان برەو پێدا. ئەم نەشونماو گەشەسەندنە، پەیوەندی بەفراوان بوونی شارەکان و لەهەمان کاتدا گەشەسەندنی بازرگانی و ئابوورییەوە هەبوو " بەڵام هەروەك (محەمەد ئەرگون) بۆی دەچێ، جەنگی خاچپەرستان لەلایەك و هێرشی مەغۆل بۆ سەر بەغداو ئێران لەلایەکی دیکەوە ئەم بزاوتە فەلسەفی و روناکبیرییەی وەستاند.

موسڵمانان و دەوڵەتی ئیسلامی ناچاربوون لایەنێکی دیکەی ئیسلام گەشە پێ بدەن کە بیرو رایان یەکبخات لەبەرگێکی ئایدۆلۆژیدا بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو بارودۆخە"[21]. بزاڤی عەقڵگەرایی و فەلسەفی، کەلەولات و ژینگەیەکی وەك ولاتانی ئەوروپادا زیاتر گەشەی کردو لە جیهانی ئیسلامیدا بە سستی هەنگاوی نا، پەیوەندی بەچەند هەل و مەرجێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە هەبوو، کە هەر یەکێکیان رۆڵی دیارو بەرچاویان هەبوو لە زیاتر دەرکەوتن و فورمەلەبوونی دیاردەی رۆشنگەری. لەجیهانی ئیسلامیشدا ئامادەیی و هەوڵ و کۆششی لەم چەشنە هەبووە" بەلام مەرج نییە هەوڵ و کۆششی و گۆرانکاری و رودلوە مێژووییەکان یەك دەرەنجامیان هەبێ. نابێ نکۆڵی لەم راستییەش بکەین، کەلەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامیدا کێشەو ململانێ لەنێوان لایەنگرانی فەلسەفەو ئەولنەی نژیەو رەوتە بوون، بزاڤی رۆشنگەری و عەقڵگەراییان دووچاری سستی و لاوازی کرد. فارابی و غەزالی سەر بەدوورەوتی لێك جیابوون. بەهەڵە راڤەکردن و تێگەیشتنی

دەقـەکانی ئـایین، وەك چـۆن لـە خۆرئـاوا ئاکامەکـەی دژایـەتیکردنی زانسـتو زانایـانی لێ کەوتـەوەو هەرئەوانـەی بـاجی ئـەم بەهەڵـە تێگەیشـتنەیان دا، کـە دژایـەتی زانسـتیان کـردو زانایانیـان ئـازارو ئەشـکەنجەدا. ئـەم حاڵەتـە لـە جیهـانی ئیسـلامیدا بـە جـۆرێکی دیکـە دەرکەوت کە زیاتر لەدژایەتیکردنی فەلسەفەو بیری یۆنانییەکانـدا خـۆی نواند. وەنەبێ زانایانی ئیسلامیو فیکری ئیسلامی بەشێوەیەکی گشـتی لـە سـەنگەری دژایـەتیکردنی فەلسـەفەی یۆنانییەکانـدا بـووبن. بـەڵکو کۆمەڵگـەی ئیسـلامی بـە گشـتیو هەنـدێك لـە زانایـان پشـتیوانی ئـەو رەوتەیان کردووەو لایەنگری بوون. ئەگەر لە هەندێك حاڵەتداوەك یەکیو لێکدی نزیکییەك، لە نێوان جیهـانی ئیسـلامیو مەسـیحی دا لـە کێشـەو گرفتە کاندا هەبێت "وەك (محەمەد ئەرگۆن) بۆی دەچێ، ئەوا دەبێ دان بەو راستییەشدا بنرێت کـە ئـەم حاڵەتـەی جیهـانی ئیسـلامی دەگمـەنو کـەم خایـەن بـووە. ناتوانین‌وێنـای جۆرێـك لـەو ململانێیـە لـە جیهـانی ئیسـلامی دا بکـەین، کـە لـە نێـوان زانایـانو پیـاوانی کلێسـا، یـان عەقڵ‌وکلێسادا هەبوو، کۆمەڵگـەی ئـەوروپی دووچـاری چـەندین گرفـتو قەیران کرد" کە رێگـەی بـۆ رۆشـنگەریو سـەروەرێتی عـەقڵ خۆشـکرد. ناشـێ ململانێـی نێـوان عـەقڵو کلێسـا یەکسـان بکـرێ بـەو حاڵەتـە دەگمەنەی کە هەندێك جار لەمێژووی ئیسـلامیدا، ئـەنجامی بەهەڵـەحاڵی بوون لە هەندێك دەق دەرکەوتووە. ئـەم بەهەڵـەحاڵی بـوونو ناکوکییـە نەگەیشـتۆتە ئـەو رادەیـەی کەفشـار بخرێتـە سـەر زانـاو بیریـارو فەیلەسـوفانو دەر بـەدەر بکـرێن، یـان‌وەك لـەخۆرئاوا بینـرا بکـوژرێن. چەندانی‌وەك ئـیبن سیناو فـارابی، گەرچـی لەلایـەن هەنـدێك لـەزانایانی ئیسـلامییەوە دژایـەتییان کرابـیّو تێـزو بۆچـوونەکانیان بـەجۆرێك لـە

ناكۆكی لەگەڵ ئیسلامدا لێكدرابێتەوە، لەكۆمەڵگە دەرنەكراون و تەنانەت هەندێك جار بیرو بۆچوونەكانیان بەتێبینییەوە قبوڵكراوە. كەبزافی زانستی و فەلسەفی گەشەی نەكرد، لەبەر نكۆڵی لێ كردن نەبوو" چونكە لە سەردەمی عەباسییەكاندا، فەلسەفەی یۆنانییەكان وەرگێردرایە سەر زمانی عەرەبی. كزبوونی ئەم بزافەدوای عەباسییەكان و جارێكی دیكە گەشەكردنەوەی لە خۆرئاوا، بۆچەند هەلو مەرج و هۆكارێكی بابەتی دەگەڕێتەوە. گۆڕانكاریی و وەرچەرخانی مێژوویی، دەبێ زادەو هەڵقوڵاوی ئەو گەلو نەتەوەیە خۆی بێ، نەك لاسایی كردنەوەو وەرگرتنی كوێرانە. هەوڵدانی لەم چەشنە بۆگۆڕینی ڕووخساری مێژوو، پرۆسەی داهێنان سست و لاواز دەكاو دوور دەبێ لەهەر چەشنە داهێنان و گۆڕانكارییەك، ئەمەش بەو مەبەستە نییە كەئەو گەلو نەتەوەیە دەرگا دابخاو پرۆسەی (وەرگرتن و بەخشین) ئەنجام نەدا. كاتێك ڕەسەنایەتی دەستپێكی گۆرانكارییە، كەباسكردنی رابووردوو بەمەبەستی تێپەڕاندن بێ، نەك دووبارەكردنەوە.

بزافی ڕۆشنبیری ئێمە بەڕای (جابری) لە شوێندا بەرجەستەبووەو لە كات دابڕاوە. لە دوالیزمی (شوێن/ كات)دا زاڵبوونی شوێن، ئاسۆی ڕۆشنبیری و كلتوری ئێمەی لێڵ كردووە. كە باسی ڕۆشنبیری دەكرێ، كوفەو بەسرەو دیمەشق. . . . . لە هۆشیاری ئێمەدا ئامادەییان هەیە"[٣٥]. ئەمەش بووەتە هۆی نائامادەیی رەهەندی كات، كەزیان بەبزافی ڕۆشنبیریی هەر گەلو نەتەوەیەك دەگەیەنێ و لەچەند سەردەم و قۆناغی بەیەكەوە گرێدراوی جیادەكاتەوە. ئەم رەهەندەوتەی كات و سەردەم، یەكێكە لەو قەیران و تەنگژانەی ڕووبەڕووی گەلانی موسڵمان بۆتەوە وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمكەدا نەكراوە.

دوالیزمی (شوێن/کات) ئەو دوالیزمەیە کە جیاکردنەوەیان لەیەکدی زیان بە پرۆسەی بەردەوامی و بزاڤی ڕۆشنبیری و گەشەی هەروەچەرخانو گۆڕانکارییەکی مێژوویی دەگەیەنێ. گەڕانەوەی ئێمە بۆ ڕابردوو زیاتر لەژێر فشاری دەرەکیدابووە. هەرکاتێك هەست بەفشاری دەرەکی کرابێ،وەك خۆ دەرباز کردنێك لەو قەیرانە، پەنا بۆ ڕابوردوو براوەو بەوێنەی جوانەوە لەخەیاڵگەی ئێمەدا بەرجەستە کراوەتەوە، لەم حاڵەتەشدا ڕابوردوو نەخوێندراوەتەوە بەمەستی تێپەڕاندن[21]. دووبارەکردنەوەی ڕابوردوو، وەك خۆیو بەبێ تێپەڕاندنو هەڵوێستەکردن لەئاستیدا، عەقڵویزاڤیو ڕۆشنبیری دووچاری قەیران دەکاو داهێنانو خستنە سەری نوێ دەخاتە مەترسییەوە. ئاوڕدانەوە لەڕابوردوو، بەپشکنینو دۆزینەوەی ڕەهەندە لێك جیاکانیو بەراوردکردنی لەگەڵ پرۆسەی بنیاتنانی ئێستادا، لەدەستەوەستانی و لاوازییەکدا خۆی دەبینێتەوە، کەمرۆڤ لە بەرامبەر قەیرانو ڕوداوەکاندا بێ چارەسەرو خوێندنەوەی دیکە دەمێنێتەوە. گەشەو بزاڤی مێژوو، زیاتر بەرەنجامی خوێندنەوەی دیکەو ڕوانینی دیکەیە بۆڕووداوو دیاردەکان. بەختیار عەلی دەڵێ: ((شتەکان لەخۆیانەوە درێژنابنەوە بۆ ئێستا، بتەکان لەخۆیانەوە ناگەنەوە ئەمڕۆ. ئەوەی کە لەڕابووردووەوە دێتەوە، دەبێت بەهانەیەکی هەبێت بۆ هاتنەوە، ئەوەی کەلەقوڵایی زەمەنەوە دێتەوە دەبێت بەهانەیەکی هەبێت بۆ ئەو سنوور برینە، یەکەمجار شتەکان لە ڕێگەی ماناکانیانەوە درێژ دەبنەوە، لە ڕاستیدا ماناسیستەمێکی داخراونیە...[22])) مەرج نییە هەر گۆڕانکارییەکی ئەبستمۆلۆژی یان ئەدەبیو هونەری ئەو کاتە بەنوێگەر ناوزەد بکرێ، کەلە ڕابووردوو دابڕێ. دەشێ ئەو گۆڕانکاریو نوێگەرییە شوێن

پێیەکی لە رابووردوو دابێ‌و بەبەرگێکی نوێوە بانگەشەی تێزو بۆچوونە نوێیەکەی بکا. گۆڕانکاری‌و نوێگەری دادخستنی تەواوی دەرگاکانی رابووردوو نییە. چەندین دەلاقە هەن بۆ ئەوەی رابووردوو لەوێوە جارێکی دیکە سەرەتاتکە بکاو دەربکەوێ. زۆرجار رابووردوو دوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕش‌و گۆڕانکارییەی ئەنجام دەدرێ دەگەڕێتەوە. دەتوانین شۆڕشی فەرەنسی بەنموونە بێنینەوە، کەبەشۆڕشێکی رادیکاڵی دەژمێررێ لەمێژوودا، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی خۆی لە هەژموونی رابردوو بپارێزێ. سیستەمی پاشایەتی کەواگومان دەبرا کۆتایی هاتووە، بەڵام بەردەوامی خۆی پاراست(٢٨).

دیاردەی گۆڕانکاری لەهەر قۆناغو سەردەمێکدابێ، ئاسان‌و بێ گرفت نییە. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە، کە بەئاسانی‌واز لەو یاساو داب‌و نەریتانە ناهێنێ، کە ماوەیەك کۆمەڵگە پەیرەوی لێ کردوون. کاتێك کۆمەڵێك بانگەشە بۆ تێزێکی نوێ دەکەن، لەبەرامبەردا کۆمەڵێکی دیکە هەوڵی بەرگریکردن‌و پاراستنی ئەو نەریت‌و یاسا باوانە دەدەن کە، کۆمەڵگە لەگەڵی راهاتووەو بەشێکە لەخایاڵگەی کۆمەڵگەو بەئاسانی دەستبەرداری نابێ. هەژموون‌و ئامادەیی رابوردوو، لەدوایدا دەبێتە جۆرێك لەخۆشەویستی کە خەیاڵگەو هەستی خەڵك داگیردەکا. ئەو خۆشەویستییە، لەهەندێك حاڵەتدا دەگاتە رادەیەك، کەدوای ئەوەی بەچەندین بەڵگە ئەو یاساو نەریتە باوانە رەت دەکرێنەوەو دەمامکەکانیان ئاشکرادەکرێن " کەچی لەخەیاڵگەو هۆشی بەشێکی خەڵکدا کاریگەرییان هەر دەمێنێ. نەك هەرئەمە، بەڵکو بەچەندین پاساوی دیکەی داتاشراو، لەبەرگێکی دیکەدا خۆیان نمایش دەکەن. کاتێك پێغەمبەری ئیسلام (ص) بانگەوازی خودای بەخەڵك دەگەیاند،

بەچەندین بەڵگەو نیشانەی خودایی دەیسەلماند کەنێرراوی خودایە، کەچی ئەوەیوای لەبێ بڕوایان دەکرد دژایەتی بکەن زیاتر خوپێوەگرتن و ڕاهاتن بوو لەگەڵ ئەو دابو نەریتانەی خەڵك لەباوك و باپیرانەوە بۆیان بەجێ مابوون. مەرج نییە تەنیا نەزانینو دەرك نەکردنی مرۆڤ بەچەندین دیاردەو نهێنی ژیان و سروشت، هۆیەك بوویێ بۆ بڕوا هێنان و قبوڵکردنی ئەو دیاردەیەو بەپیرۆز تەماشاکردنی، یان بەپێچەوانەوە بۆ بڕوا نەهێنانو نکوڵی لێ کردن. هەندێ جار دوای ئاشکرابوونو دەرکەوتنی ڕاستییەکانیش، مرۆڤ دانی بەڕاستیەکاندا نەناوە، ئەمەش سەرکەشیو ئەو حاڵەتەی مرۆڤ دەردەخا، کەهەندێ جار دەستبەرداری ئەو بڕوایە نابێ،کە دوای ئەوەی بەبەڵگەو نیشانەوە، هەڵەی ئەو بڕوایە ئاشکرا دەبێو، ئەم نکوڵی کردنو دان نەنان بەڕاستییەکاندا بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دووچاری چەندین قەیرانو گرفت کردۆتەوە. ڕاستییەکانی ئایین، کەبەشێکیان پەیوەندییان بە نادیارەوە هەیە، مرۆڤیان ڕووبەڕووی سەرسامیو پرسیاری جۆراوجۆر کردۆتەوە، بەشێوەیەك کەبەئاسانی بڕوا نەکا،وەك قورئان ئاماژەی بۆدەکا، ڕاستیە نادیارەکانیان لەگەڵ ئەفسانەدا تێکەڵ کردووە[٢٩]. لەهەمان کاتدا بڕوایان بەجۆرێك لەئەفسان هێناوە، کە ئەویش لەنادیاردا بەرجەستە بووە“ بەڵام بڕوایان بەو نادیارانە نەکردووە، کەپێغەمبەران بە بەڵگەوە ڕاستییەکانیان سەلماندووە. بەڵگەو نیشانەی پێغەمبەران ئەو ڕاستییە نادیارانەیان لەو نادیارانە جیاکردۆتەوە، کە سەرچاوەکەیان ئەفسانەو خەیاڵی مرۆڤ بووە. ئەگەر مرۆڤ لەلایەکویستویەتی ڕاستییەکانی لەڕێگەی عەقڵو بەڵگەوە بۆ ئاشکرابیێو بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە پێغەمبەران کردبێ پەرەجو(المعجزە)بنوێنن، ئەوا لەهەمان کاتداو لەزۆر

حاڵەتی دیکەدا، جۆرێك لە دوگمایی عەقڵیوای لێ کردووە، کە بەئاسانی دەستبەرداری ئەو ئەفسانەو خەیاڵانە نەبێ، کەلەپێشینانیەوە بۆی ماوەتەوە. چەندە لەمرۆڤدا ئامادەیی زوو بڕوا هێنان هەیە، ئەوەندەش ئامادەیی نکۆڵی کردنو دان نەنان هەیە. ئەگەر زووبڕوا کردنو دان نان بەو تێزو بۆچوونانەی مرۆڤ بیستوونی یانوازنەهێنان لەوداب و نەریتە باوانەی کەلە پێشینانیەوە بۆی بەجێ ماوەو بووەتە بەشێك لە خەیاڵداتی، مرۆڤیان بەرەو دوگمایی عەقڵی بردبێ، ئەوا بەپێچەوانەوە دان نەنانو درەنگ بڕوا کردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی پێغەمبەران هێناویانە، یان ئەوڕاستییانەی بەرهەمی عەقڵی بیریارو فەیلەسوفان بووە، جارێکی دیکەو بەدیوێکی دیکەدا مرۆڤیان دووچاری دوگماییو چەقبەستوویی کردووە.

عەقڵ و غەریزە

ئەگەر غەریزەو هەستو سۆزی مرۆڤ زیاتر لایەنێکی جێگیری مرۆڤ بێ و گۆرانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کەمتر کاریگەرییان لەسەر ئەم لایەنەی مرۆڤ هەبێ، ئەوا عەقڵ بەتەنیشت گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانەوە دەگۆڕێ و لەسنوورێکی دیاریکراوی نەگۆردا نامێنێتەوە. مرۆڤ لەو قۆناغو سەردەمە مێژووییەدا، کە ئاستی پەی پێ بردنی بەدیاردەسروشتی و نهێنییەکان لاواز بووە، وێنای ڕاستەقینەی لەبیرو هزری خۆیدا بۆ ئەو دیاردانە کردووە، کە بنەمایەکی ئەفسانەیی و خەیاڵییان هەبووە. لێرەدا مرۆڤ سنوورێکی لەنێوان ڕاستو هەڵەدا جیانەکردۆتەوەو بەرگی جۆراو جۆری بەچەندین تێڕوانین و تێزو بۆچوونی هەڵەداکردووەو بڕوای پێکردوون. ئەریك فرۆم دەڵێ: ((ئێمە ناتوانین دەرك بە پێداویستیە ڕاستەقینەوواقیعی یەکانمان بکەین، تەنها ئەگەر هۆشیاری ساختەمان نەگۆڕین بۆ هۆشیاری یەکی ڕاستەقینە،واتە ئەو کاتەی کەدەتوانین پەی بەڕاستی ببەین، لەبری ئەوەی بەهۆی خەیاڵووەهمەوە ڕاستی یەکان بشێوێنین))[٤].

هەوڵی بەردەوامی بیریارو فەیلەسوفان لەمێژوودا، بۆ ئەوەبووە ڕووی ڕاستی دیاردەکان ئاشکرا بکەن و سنوورەکانی نێوان ئەفسانەوواقیع و خەیاڵپلاوی و ڕاستی لێك جیابکەنەوە. ئەرکی پێغەمبەرانیش هەر ئەوەبووە، بەلام ئەوەی ئەرکی پێغەمبەران لەبیریاران جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە پێغەمبەران نێرراوی خودان و ئەوەی دەیلێن و بەخەڵکی دەگەیەنن، پەیامێکی خودایە. ئەگەر بیریاران دوای گەشتێکی عەقلانی بەجیهانی بووندا، هەندێك لەنهێنی و ڕاستییەکان ئاشکرادەکەن، ئەوا پێغەمبەران لە ئاشکراکردنی نهێنییەکاندا، پشت بە ئەزموون و عەقلی

خۆیان نابەستن. ئایینیش بۆ ئەوە نەهاتووە، عەقڵ رەت بكاتەوە " بەڵكو ئایین‌ویڕای عەقڵی مرۆڤ پەیامێكە رێنوێنی عەقڵ دەكاو سنوورێك لەنێوان عەقڵ‌و سرووش (الوحی)دا دەكێشی، تاكوئەم دووكایە هەردوكیان رۆڵی تایبەتی خۆیان لە ژیانی مرۆڤدا ببینن. ئەگەر یەكێك لەجیاوازییەكانی نێوان بروا دارو بێ بروا، لەوەدابێ كەبروا دار، بڕوای بەو ڕاستییە نادیارانە هەیە، كە مرۆڤ لەڕێگەی عەقڵ‌و ئەزموونی خۆیەوە نایانناسێ‌و بەهۆی نێرراوەكانی خوداوە بۆی ئاشكرا دەبێ، ئەوا هەردوكیان لەوچالاكییە عەقڵییانەداوەك یەكن، كەبەرەنجامی عەقڵ‌و ئەزموونی مرۆڤن، ئایینەكانیش كەمتر باسی ئەو لایەنەیان كردووە، چونكە ئەمە بەرەنجامی هەوڵ‌و كۆششی مرۆڤە. ئەو متمانەو سەروەرێتییەی لەقۆناغی رۆشنگەریدا بەعەقڵ بەخشرا، ئەو سنوورەی بەزاند كەچالاكییەكی مرۆڤ بێ بۆ تۆزینەوەی نهێنییەكانی ژیان‌و هەڵچنینی دیوارێك بێ لە نێوان عەقڵ‌و خەیاڵپڵاوی كەپێش ئەو قۆناغە تێكەڵ بووبوون، بەڵكو عەقڵ لەپاڵ ڕاستییە زانستییەكاندا ناوی هات‌و بەلۆژیكی ڕەهایی مامەڵەی لەگەڵدا كرا. ئازاد حەمە دەڵێ: ((بەپێی هاوكێشەی فەلسەفی نیچەویست بۆ زانین بەویست بۆ هێز (توانا) یەكسانە، كاتێكیش نیچە رەخنە ئاراستەی هیومانیزمی ڕۆشنگەری دەكا بەوە تاوانباری دەكا دەستی لە هاوردنەكایەی شۆرشی زانستی سەدەی هەژدە هەبووە. ئەو شۆڕشەی دواجار بوو بەدەروازە بۆ بەنێوەندكردنی عەقڵ))[٣١].

ئەگەرویست بۆ زانین‌و تۆزینەوەی نهێنییەكانی ژیان‌و سروشت حەزێكی سروشتی مرۆڤ بێ، ئەوا ڕۆشنگەری بە پشت بەستن بەعەقڵ‌و بەسەنتەر كردنی ئەو عەقڵە ئەوویست‌و حەزە سروشتییەی گۆڕی بۆ

زانستێك كە لە جیاتی ئەوەی بۆ خزمەتكردنی مرۆڤ بخرێتە كار بوو بەئامرازێك بۆوێرانیو كاولكاری. دەبێ دان بەو ڕاستییەشدا بنرێ كە لەپاڵ ئەو لادانو لە سروشت دەرچوونی ئەو حەزەی زانست، لە چەندین بواری جیاجیادا ئەوویست بۆ زانستە لەخزمەتكردنو بەرەو پێشەوە بردنی ژیانی مرۆڤ دا ڕۆڵی دیارو بەرچاوی بینی. دەتوانین بڵێین كە، سەرجەم ئەو گەلو نەتەواتەی، دەكەونە دەرەوەی سنووری ئەو جوگرافیایەی كە ڕۆشنگەری گەشەی تێدا كردو فورمەلە بوو، كەڵكیان لەو دەستكەوتانەوەرگرت. ((چونكە ئەم پرۆژەیە، هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، بەجۆرێ هاتۆتە پێشەوە كە چارەنووسی زۆربەی شارستانیەتەكانی بەخۆوە گرێداوە))[٦٦] وەنەبێ قۆناغی ڕۆشنگەری، كاریگەری شارستانیەتەكانی دیكەی لەسەر نەبووبێو دوور لەكاریگەریو ڕۆڵی شارستانیەتەكانی دیكەو لەوانە شارستانیەتی ئیسلامی، توانیبێتی پێ بنێتە ئەو قۆناغە مێژووییەوە. جگە لەوەی كەگەلو نەتەوەو شارستانیەتەكان، ڕۆڵو كاریگەرییان لەسەر یەكدی هەیە" تەنانەت ئەو گۆڕانكایووەرچەرخانەی كەگەلو نەتەوەیەكی پێ دەناسرێ، لەڕۆڵو كاریگەری چینو توێژەكانی ئەو كۆمەڵگەیە و هەوڵی لەپێشتری زاناو بیرمەندانی ئەو گەلو نەتەوەیە بە دوور نییە. ڕاستە لەهەندێك حاڵەتدا، كۆمەڵێك دەستە بژێر(النخبە) ڕۆڵێكی دیارو ئاشكرا لەپرۆسەی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبینن، یان تاكێكی ئەو كۆمەڵگە ڕۆڵی لەو پرۆسەیەدا لەوانی دیكە زیاترە. ئەمەحاڵەتێكی تایبەتییە دەنا ((گۆڕانكاری پرۆسەیەكی شارستانیەتیە، هەموو لایەنە بەرهەم هێنو خاوەنوزەو تواناكان بەشداری تێدا دەكەن.))[٦٧].

ئەگەر شارستانیەتی ئیسلامی، شارستانیەتو گەلو نەتەوەکانی دیکەی بەبیرو باوەڕی یەکخوایی (التوحید) دەوڵەمەند کردبێ و لەو لایەنەوە بەهرەمەندی کردبن، ئەوا شارستانیەتی ئیسلامیش کەڵکی لەهەوڵ و کۆششە زانستیو عەقڵییەکانی شارستانیەتی گەلانی دیکە وەرگرتووە. ئەگەر ڕۆشنگەری سەروەریتی بە عەقڵ بەخشیو شوێنگەیەکی دیکەی پێ بەخشی کە، لەمەوپێش بە هۆی دوگمایی عەقڵی قەشەو پاپاکانەوە، لێ ی سەندرابۆوە، ئەوا لەهەمان کاتدا، زیادەڕەویی کردن، لەو سەروەریتی پێ بەخشینەدا، عەقڵی بەرەو سەرەڕۆیی برد، لە دوالیزمی (عەقڵ / مورال) دا، عەقڵ پانتاییەکی وای بۆ مورال نەهێشتەوە، بەمەش عەقڵ دووچاری چەندین کارەساتو ڕووداوی دڵتەزێن بوو. فاروق ڕەفیق دەڵێ: ((ڕۆشنگەری لە ڕاستیدا تاریکترین چرکەساتی مێژووی بەشەرییە، مۆتوری ئەم پرۆژەیە جیاکردنەوەی عەقڵە لە عەقڵی فەعال INTELLECT کە ڕەهەندە ترانسێندتاڵەکەی عەقڵە))[٤٤].

هەر بەتەنیا عەقڵ نییە، کە مرۆڤ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە "بەلکوو بڕای عەقڵ، مرۆڤ خاوەنی غەریزەو هەستو سۆزیشە، کەهەریەکەیان لەپاڵ عەقڵدا شێوازی هەڵسوکەوتو چۆنێتی ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن. ((ڕاستە عەقڵ پانتاییەکی دیاری لە مێژوو داگیرکردووەو ڕۆڵی خۆی بینیوە لەگۆرانکارییە مێژووییەکاندا " بەڵام ئەگەر باسی سنووری دەسەڵاتی عەقڵ بکرێ ئەوا لە گرنگی عەقڵ کەم ناکاتەوە. کاتێك (هیگل) مێژوو بەعەقڵ دەسپێرێ، هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی کەپەنا بۆ سروش(الهام)و هەستو سۆزو دڵ دەبەنو گرنگی بەعەقڵ نادەن.))[٤٥] .

عەقڵ ئەو پێدراوەیە، کەڕێگەی لەبەر دەم مرۆڤـدا خۆشـکردووە، بـۆ زیاتر گەیشـتن بـەو ئامـانجو مەبەسـتانەی، کەبـە درێـژایی مێـژوو، مـرۆڤ هـەوڵی بـۆ داوە. لەهـەمان کاتـداو بـەدیوێکی دیکـەدا، مـرۆڤ لەبەرامبـەر دەستکەوتو داهێنراوە عەقڵییەکانیدا دووچـاری نـامۆیی بۆتـەوە. بۆیـە نـاکرێ متمانـەو سـەروەرێتی بەخشـین بەعـەقڵ، سـنوورو لەمپـەرێك بـن لەبەرامبەر رەخنەو تێبینی لەسەر عەقڵ. نابێ ڕووە ڕۆشـنو گەشـەکەی عـەقڵوامان لێ بکـا، ڕووە تاریـكو ناڕۆشـنەکەی نـەبینین. ئـەم جـۆرە تێگەیشـتنە، لەئەگـەری ئـەو خۆشـباوەڕیو متمانەیـەمان دەپـارێزێ، کەعـەقڵ بـەرەو سـەرەڕۆیی دەبـا. ئەگـەر فەیلەسـوفانی ڕۆشـنگەری لەبەخشینی جۆرە پیرۆزییـەك بەعەقڵدا زیـادە ڕەوییـان کردبـێ، ئـەوا بەپێچەوانەوە، لەکلتوری ئـەو گـەلو نەتەوانـەدا کـە متمانـەیان بەعـەقڵ نەبووەو بەگومانەوە لە ئیرادەی مرۆڤیان ڕوانیـوە، کـە ئەمـە خەسـڵەتی قۆناغی پێش ڕۆشنگەری ئەورووپاش بووە، عەقڵ شوێنگەی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست داوەو ئەمەش بووەتـە هـۆی چـەندین قـەیرانو تەنگـەژە کەڕوو بەڕووی ئەو گەلانە بۆتەوە. لەکلتوری ئەو گەلو نەتەوانەدا، عەقڵ نـەك سـەروەرێتی پـێ نەبەخشراوە، بـەڵکو بەچـەندین پاسـاوی جـۆراو جۆرەوە، ڕوخساری شێوێنراوەو ڕوخسەتی پێ نەدراوە لـە چوارچێوەو سنووری دیاریکراوی خۆیدا چالاکانە ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکا.

عەقڵی گەردوونیی

هەرلەوکاتەوە کە مرۆڤ، لەو سروشتو دەوروبەرو ژینگەیەی کەتێیداژیاوە، وردبۆتەوەو لە دەرگای پرسیارەکانی دلوە، ئاستی هۆشیاری مرۆڤ پەیوەندی نێوان مرۆڤو سروشتی دیاری کردووە. ئەو پەیوەندییەش بەئەندازەی گۆڕانی هۆشیاری مرۆڤو ئەو قۆناغە لێك جیایانەی کە مرۆڤ لەڕەوتی شارستانیانەی خۆیدا بڕیویەتی، گۆڕاوەو لەشێوازی جیاجیادا بەرجەستە بووە. (مێراقلیتس) هەروەك مێژوونووسانی فەلسەفە باسی دەکەن، یەکەم کەس بووە بیرۆکەی اللوغوس logos : (العقل الکونی): (عەقڵی گەردوونی)، وروژاندووە. ئەم فەیلەسوفە لەو بڕوایە دابووە، کەیاسایەکی گشتیو هەمەلایەنی، ئەم سروشتە بەڕێوە دەبا(٦).

مرۆڤیش بەشێکە لەویاسا گەردوونییە، یان لەو عەقڵە گەردوونییە، کەرۆڵی هەیە لەرێکخستنی یاساکانی سروشتدا. کاتێك مرۆڤ بەشداری لەو عەقڵە گەردوونییەدا کرد، دەتوانێ زانیاری دەربارەی سروشتوەدەست بێنێ. ئەم عەقڵە گەردوونیو هەمەلایەنە، لەلای (هیراقلیتس)، ڕووناکییەکی خودایە، کەئەم بوونەوەرەو پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕێك دەخا. (ئەنکساجوراس) هەمان بیرۆکەی هیراقلیتس بەکەمێك جیاوازییەوە دەردەبڕێ. ئەویش بڕوای بەو عەقڵە هەمەلایەنە، یان گەردوونییە هەیە کەبە (Nous، نوس) ناوی دەبا، بەلام لەگەڵ سروشتدا تێکەڵ نییە، لێرەدا لە هیراقلیتس جیادەبێتەوە، کە پێی وایە سروشتو عەقڵی گەردوونیی ناوێتەی یەکدین. هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکن، کەعەقڵی گەردوونیی ڕۆڵی هەیە لەڕێکخستنی سروشتو مرۆڤیش لە ڕێگەی عەقڵی خۆیەوە، ئەم عەقڵە دەناسێ.

جیاوازی تێڕوانینی هەریەك لە ئەنكساجۆراس و هیراقلیتس، دەربارەی پەیوەندی نێوان عەقڵی گەردوونی و مرۆڤ، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کەعەقڵ و سروشت لەفەلسەفەی یۆنانیدا، جێگەیەکی دیاری هەبووە. تێڕوانینی یۆنانیەکان لەبارەی پەیوەندی سروشت و مرۆڤەوە، کاری کردە سەر بیریارو فەیلەسوفانی خۆرئاوا، چەمکی مرۆڤ و سروشت و پەیوەندی نێوانیان لە فەلسەفەو فیکری خۆرئاوادا ڕەنگی دایەوە.

دیکارت عەقڵ و سروشتی لەیەکدی دابڕی، لەکاتێکدا یەکێکی وەك سپینۆزا ئەو ڕەخنەیە ئاڕاستەی دیکارت دەکا کەشێوەو ناوەڕۆکی لەیەکدی جیاکردۆتەوە. بەڕای سپینۆزا نابێ ئەم دووانە لەیەکدی جیابکرێنەوەو پێی وایە جیاوازی نێوانیان، بەرەنجامی هەست نەکردنی مرۆڤە بەو عەقڵە گەردوونییەی کەبەسەر سروشت و مرۆڤدا زاڵەو فەرمانڕەواتییان دەکا. ئەم تێزو بۆچوونەی یۆنانیەکان، نەك تەنیا لەتێڕوانین و فیکری دیکارت و سپینۆزادا ڕەنگی دایەوە، بەڵکو لەسەر زاری چەندین بیریاری دیکە ئەم تێزە بە شێوازی جۆراو جۆر گوزارشتی لێکراوە. ئەگەر فەیلەسوفانی خۆرئاوا هەوڵیاندابێ خۆیان لەکاریگەری فیکرو فەلسەفەی یۆنانییەکان ڕزگاربکەن و تێزو بۆچوونی تایبەت بەفیکرو هزری خۆیان پێشکەش بکەن، ئەوا لەهەندێك قۆناغی مێژووییدا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، گەڕاونەتەوە بۆفیکری یۆنانی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کەنەیانتوانیبێ دابڕانێك لەنێوان خۆیان و فەلسەفەی یۆنانیدا بەئەنجام بگەیەنن. وردبوونەوەو هەوڵدان بۆ ناسینی سروشت و لێکدانەوەی بوون، لەلایەن بیریارو فەیلەسوفانەوە، بەڕوانین و بیرۆکەی جیاجیا گوزارشتی لێکراوە. کانت پێی وایە، مرۆڤ بەهۆی ئەزموون و ئەو هەستەی هەیەتی، ناسنوورێکی دیاریکراو سروشت و

شتەکان دەناسێ‌و ئەمەش لەدواییدا دەبێتە ئەو مەعریفەیەی کەمرۆڤ بەدەستی دێنێ. ئەم ناسینە تەنیا ڕواڵەتی شتەکانە " چونکە عەقڵی مرۆڤ، لەوتوانایە بەدەرە کە خودی شت (الشيء في ذاته) بناسێ، ئەوەی دەیناسێ‌و پەی پێ دەبا، تەنها ڕواڵەتی شتەکانە. بەڵام هیگڵ بەپێچەوانەی کانتەوە ڕواڵەت‌و خودی شتەکان لەیەکدی. جیاناکاتەوەو پێی وایە یەکیەتییەکی پتەو لەنێوان ڕواڵەت‌و خودی شتەکاندا هەیە[٧٧].

پەیوەندی مرۆڤ‌و سروشت، تەنها بۆ دەستبەسەرداگرتن، یان ڕزگاربوونی مرۆڤ لەهەژموونی سروشت نییە " بەڵکوو بڕای ئەمە، سروشت وەك سەرچاوەیەکی مەعریفەو لێکدانەوە لەلایەن مرۆڤەوە، مامەڵەی لەگەڵداکراوەو حەزی مرۆڤ بۆ زانینی زیاترو دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان، بەهۆی سروشتەوە بووەو بۆ تێگەیشتن لەم سروشتەو گەیشتن بەڕاستی‌و نهێنییەکانی ناوی جگەلە ئەزموون‌و عەقڵی خۆی هەندێ جار گوێ ی بۆ ئەو پەیامانەش ڕاگرتووە کە خودا دەربارەی سروشت‌و بوون‌و چارەنووسی ئێستاو ژیانی دوای ئەم جیهانە بەرەوانەکراوەکانیدا بۆی ناردووە. هەندێ جاریش‌وێڕای عەقڵ‌و ئەزموونی خۆی‌و ئەووزەو توانایەی بۆ ناسین هەیەتی، گوێ ی لەپەیامی پێغەمبەرانیش گرتووەو بڕوای پێ هێناون. ئەم بیرکردنەوەو ڕامانەی مرۆڤ، گەر بەبێ ڕێنیوێنییەك کەلەسەر ڕووی عەقڵ‌و ئەزموونی خۆیەوە بووبێ " ئەوا مرۆڤی لەبەرامبەر وەڵامی جۆراو جۆردا، دووچاری سەرسامی‌و گومان‌و ڕاڕایی کردووە. ئەو ڕاسپاردەیەی پێغەمبەران گەیاندوویانە، بۆوەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارانە بووە کە مرۆڤ دەربارەی خوداو بەدیهێنەری بوون، لەناسۆی عەقڵ‌و هزریدا سەرەتاتکەی کردووە. ڕاستە مرۆڤ، هەروەك ئادرنۆ[٧٨] پێی وایە بەهۆی زانست‌و تەکنیکەوە توانی دەست بەسەر

سروشتدا بگریٚ‌و عەقڵیش‌وەك ئامرازێك بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێنیٚ " بەلام هەر هەمان عەقڵ‌و زانستە بووە هۆی گرفت لەبەردەم مرۆڤداو دواجار عەقڵ لەبەرامبەر ئەو پرسیارانەی مرۆڤ ڕووبەڕووی کردنەوە، سەروەرێتی خۆی لەدەستداو زانستیش کەبەرهەمی عەقڵە، نەیتوانی لەبەرامبەر ئەو تاوانانەدا بیٚ لایەن بیٚ کەلەئەنجامدانیاندا عەقڵ بەرپرسیار بوو. نابیٚ ئەمەش‌وا لێکبدرێتەوە، کەباسکردنی تاوان بەتەنیشت عەقڵەوە، لەرۆڵ‌و بایەخی عەقڵ کەم دەکاتەوە " چونکە هەروەك متمانەو سەروەرێتی بەخشین بەعەقڵ‌و ڕەهاکردنی، لەئەگەری ئاکامی خراپ بەدوور نییە؛ بەهەمان شێوە رەخنەو تێبینی‌و قسەکردن لەسەر ڕووەتاریکەکەی عەقڵ نابیٚ بۆلەدەستدانی ئەو متمانەیە بیٚ کەلە سنووری دیاریکراوی خۆیدا پێویستە بەعەقڵ بدریٚ. چالاکییەعەقڵییەکان دوور لەپرانسیپ‌و مورال کە، بەهۆیانەوە ئەرك‌و رۆڵی خۆیان‌وەك پێویست دەبینن، لەئەگەری بەخراپ بەکارهێنان‌و لادان بەدوورنین. دوور لەو مورال‌و پرانسیپە عەقڵ شوێنگەی تایبەتی خۆی لەدەست دەداو مرۆڤوەك بوونەوەرێکی غەریزی دەمێنێتەوە. مرۆڤ بەردەوام هەوڵی داوە، لەرێگەی عەقڵەوە کۆنترۆڵی غەریزەکانی بکاو سنوورێکیان بۆ دابنیٚ. لەبنیاتنانی ژیارو شارستانیەتیدا، ئەوەندەی عەقڵ رۆڵ‌و کاریگەری دیاروبەرچاوی هەیە، غەریزە ئەو رۆڵەی نییە، گەرچی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی‌و غەریزیش حەزی لەپرۆسەی بنیاتنانی ژیارو شارستانیەتی بیٚ. هەروەك د. عەبدولکەریم سروش بۆی دەچیٚ، پرۆسەی بنیاتنانی ژیارو پرۆسەیەکی عەقلانییە[٦٩]. جیاوازی ئەو قۆناغەی کە مرۆڤ ژیاری بنیاتناوە، لەگەڵ قۆناغی ژیانی مرۆڤ لەپێش ژیاردا، پەیوەندی بەچۆنێتی مامەڵەی عەقڵ‌و غەریزەکانی مرۆڤەوەیە.

کاتێك مرۆڤ غەریزەکانی دوور لەپرۆسەی عەقڵانیەت بەکارهێنابن، ئەوا لەقۆناغێکدا بووە کەهێشتا ژیار بەشێك نەبووە لەبونیادی کۆمەڵگە. چەندە ژیار لەعەقڵانییەتەوە نزیکەو کۆکەلەگەڵیدا، ئەوەندەش لەغەریزەکانەوە دوورەو ناکۆکەلەگەڵیاندا. دوالیزمی عەقڵو ژیار، یەکێکە لەو دوالیزمانەی، کەیەکێکیان تەولوکەری ئەوی دیکەیە، ئەمەش بەومانایە نییەکە ژیار تەنیا بەعەقڵو دوور لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکەی ژیار بتوانێ دەستەبەری ژیارێکی سەرکەوتوویکا.

کاتێك عەقڵ دوور لە هەر پرانسیپو مۆراڵێك چالاکییەکانی ئەنجام دا ئەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێ، دەبێتە میکانیزمێك بۆ جێ بەجێ کردنی خواستی غەریزەکان. ئەمەش بەو مانایە نییە، کە پێداویستیو خواستە غەریزییەکان گرنگیو بایەخیان نەبێ " بەڵکو مەبەست لەوەیە کە هەر تواناوزەو چالاکییەکی مرۆڤ، پێویستە لە سنووری دیاریکراوی خۆیداو بەپێی میتودێك ڕێك بخرێ، کە شایستەی ئەو بەهاو ڕێزو شوێنگەیە بێ کەمرۆڤ لەنێوان بوونەوەرەکانی دیکەدا پێی بەخشراوە. بڕواو متمانەی بێریارو فەیلەسوفان بەعەقڵ لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا، کارێکی وایکرد، کە جگەلەلایەنە ڕۆشنەکەی عەقڵ، ڕووی دووەمی عەقڵ نەبینن‌و پێیان وابوو هەر لەڕێگەی عەقڵی مرۆڤ خۆیەوە ئەو مۆراڵە دێتەبەرهەم، کەنەك تەنیا لەجوگرافیای خۆرئاوادا، ڕێزو شوکر بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە " بەڵکو ئەو ڕەهەندەیان بەعەقڵ بەخشی کەبتوانێ مرۆڤ بەرەو گەردوونیی بەرێتو لەم ڕووەوە، چەندان بیرمەند جەختیان لەسەر عەقڵی گەردوونیی‌و مرۆڤی گەردوونیی دەکردەوە. (مەریوان‌وریا قانع) دیدگای ڕۆشنگەران بەرامبەر بەعەقڵ بەم شێوەیە باس دەکا. (عەقڵ شتێکی گەردوونییەو لەهەر جێو شوێنێك بێت هەمان

شتە، بۆیە دەشێت لەسەر بنەمای ئەم پرنسیپە گەردونییە هەموو جیهان ببێت بەیەك ئینسان‌وەك هاوڵاتیەکی جیهانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك‌وەك ئەندامی نەتەوە یان دەوڵەتێکی دیاریکراو. ناسیونالیزمی پەرگرو جینوسایدە هاوچەرخەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم ئەم خۆشبینیەی ڕۆشنگەریان بۆ جاری چەندەهەم بەدرۆخستەوە)(٣٠).

مێژووی بیرۆکەی مرۆڤی گەردوونی، لەوکاتەوە دەست پێدەکا، کە پێغەمبەرانی خودا مرۆڤیان بۆبەندایەتیکردن‌و گوێڕایەڵی خودای تاك‌و بێ هاوتا بانگ کردووەو لەچوارچێوەی ئەو پەیامە خودابیەدا مرۆڤ هەست دەکا، کەلەدەرەوەی سنوورەکانی ڕەگەزو چین‌و توێژوو نەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەگەر عەقڵ ئەو پێدراوە بێت، کەلەسنوورو تخوبەکانی خۆیدا بەمانای مرۆڤەوە بێ، بۆدەرباز بوون لەو گرفت‌و کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوەو لەزاڵبوون‌و دەسەڵاتی سروشت بیپارێ، ئەوا بەتەنیا ناتوانێ ئەو ڕەهەندە بەمرۆڤ ببەخشێ کە لە گەردوونیدا خۆی دەبینێتەوە لەمەترسی ناسیۆنالیزمی پەرگیرو چەندین تێزی دیکەی مەترسیداری بپارێزێ. مەرج نییە ئەو مرۆڤە گەردوونییە دەست بەرداری ناوچەو زێدوولاتی خۆی بێ، دوالیزمی ناوچەیی (لوکاڵی)/ گەردوونیی " دەشێ دوالیزمێك بێ، یەکێکیان هەوڵی سڕینەوەی ئەوی دیکە نەدات. چونکە مرۆڤ بەسروشت چەندە خاوەنی حەزو ئارەزووی تایبەتییە، چەندین ڕێگەی دیکەشی لەبەردەمدان کەبەکەسانی دیکەو هاوڕەگەزەکانی خۆیەوە دەبەستێتەوە. مرۆڤ چەندە لەو زێدو شوێنگەییەی تێیدا دەژی‌و کلتورو ڕابردوویەك بەو شوێن‌و زێدەیەوە گرێ دەدا، ئەوەندەش حەزی بینین‌و ئاشنایەتی لەگەڵ‌و شوێن‌و

جێگاکـانی دەرەوەی خـۆی هەیـە. بەرهـەمی کـەم شـاعیرو نووسـەری ناوداری جیهـانی هەیـە، خۆشەویسـتی زێدو خـاکو نیشـتمانیان لەگـەڵ چـەمکە گـەردوونیی و بـەها مرۆڤایەتیـەکان ئاوێتـە نـەکردبێ. مـرۆڤ بـە سروشت هەوڵ دەدا لە هاوڕەگەزەکەی خـۆی نزیـك بێتـەوە، باسـکردنی مرۆڤی گەردوونی، یان فکرو تێزێك کە سەرجەم مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێو برایـەتی و هاوسـۆزی لـەنێوان مرۆڤەکانـدا بێنێتـەدی، جگەلـەوەی کـە پانتاییەکی زۆری لەئاییندا گرتۆتەوەو پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لێ بێ) بانگەوازیان بـۆکردووە، بیریـارو فەیلەسـوفانیش بانگەشـەی تێـزی مرۆڤـی گـەردوونییان کـردووەو هەوڵیانـداوە لەسـنوورەکانی جوغرافیـاو نەتەوە تێپەڕێنن، هەوڵی مـارکس بـەبێ لەبـەر چـاوگرتنی سـنوورەکانی جوغرافیـاو جیـاوازی نەتـەوەیی و کۆکردنـەوەی کۆمەڵگـە لەدووچـین و بەخشـینی وێنەیەکی بـەردەوامی ململانـێش بەدووچینە، هـەوڵێکی لـەم چەشنەبوو. لێکچوونی بەشێك لـەفۆلکلۆری گـەلانی جیهـان، گوزارشـتە لەوویکچوون و لێك نزیکییەی کەلە عەقڵو خەیاڵدان و بیرکردنەوەی نێوان مرۆڤـەکاندا هەیە، ئەگەر بەتەنیشت ناوی ڕۆشنگەرییەوە، نـاوی عـەقڵو مرۆڤـی گەردوونیی دێتەوە دەرکەوتەیەکی ئەو قۆناغە سەیری دەکرێ، مانـای ئـەوە نییـە، مرۆڤـ پـێش ئـەو قۆناغـە بـەو شـێوەیە بـیری نەکردۆتەوە. ئەگەر لەچـەند قۆناغێکی مێژوویی و بـەهۆی چـەند هەلو مـەرجو باروودۆخێکـەوە، مـرۆڤ بیرۆکـەی لۆکاڵیـەتی و پابەنـدبوون بـە جوگرافیایـەکی تەسـکی لـەلا بەرجەسـتە بـووبێ، مانـای ئەوەنییـە، ڕەهەندی گەردوونی و جیهانی لەمرۆڤدا ئامادەیی نییە. لەهـەمان کاتـدا، گـەر بـەهۆی هـەمان هەلو مـەرجو بـارودۆخ لـە سـەردەمێکدا بیرۆکـەی عەقڵو مرۆڤـی گەردوونیی گوتاری زاڵ بووبن، ئەوە ناگەیەنێ کـە، تێـزو

بیرۆکە لوکاڵی و ناوچەییەکان کۆتاییان پێ هاتبێ و ئامادەییان نەبووبێ. سەردەم و قۆناغەلێك جیاکان، شوناس و پێناسەی جیا بەعەقڵ دەبەخشن. ئەو شوناسەی عەقڵ لە قۆناغی پێش ڕۆشنگەریدا هەیبوو، لەو شوناسە جیابوو کە ڕۆشنگەری پێی بەخشی. ئەگەر لە قۆناغی پێش ڕۆشنگەریدا سنوورەکانی نێوان عەقڵ و ئەفسانەو خەیاڵپلاوی (الوهم) کاڵ بووبنەوە، ئەوا یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی ڕۆشنگەری تۆخ کردنەوەی ئەو سنوورانە بوو.

سروش (الوحی) خودایی، کە بۆسەرجەم مرۆڤایەتی بەهۆی نێرراوەکانی خودا ڕەوانەکراوە، ڕەهەندێکی گەردوونی هەیە، هەرچەندە لەگەڵ هاتنەخوارەوەی ئەو پەیامەخوداییانەدا، لەگەڵ عەقڵدا ڕووبەڕووی ململانێ بوونەتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕەهەندە گەردوونییەی لە عەقڵدا بەرجەستەیە، لەگەڵ ڕەهەندە گەردوونییەکەی سروشدا یەکیان گرتۆتەوە، ئەمەش یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە کۆمەڵێك بڕوا بەو پەیامانە بێنن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵێکی دیکە ڕەتیان کردوونەتەوە. ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییەی بێ کە ئەوەی لەدەرەوەی عەقڵی خۆیەتی قبوڵی نەکاو ڕەتی بکاتەوە، لەهەمان کاتدا خاوەنی ئەو خەسڵەتەشە، کە ئەو تێزو بڕوایانە قبوڵ بکا کە لە دەرەوەی عەقڵن. ئەگەر لەلایەك سروشی ڕەتکردبێتەوە، ئەوا لەلایەکی دیکە قبوڵیکردووە. ئەگەر لەسەردەمێکدا ئەفسانەی لەدەرەوەی سنووری عەقڵ خواستبێ و بڕوای پێ کردبێ " ئەوا لەسەردەم و قۆناغی دیکەدا ڕەتی کردۆتەوە، وەك لەقۆناغی ڕۆشنگەریدا. عەقڵ لەسەرەتادا لەگەڵ ئەو سروش (الوحی) خوداییەدا لەناکۆکیدابووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەخەڵك داوای

پەرەجو(المعجزه) لەپێغەمبەران بکەن. محەمەد شبستەری باسی سێ قۆناغی لێك جیای پەیوەندی نێوان عەقڵو سروش (الوحی) دەکا، لەمێژووی خۆرئاوادا، لەویارەوە دەڵێ: ((لەمەعریفەی عەقڵی مرۆڤدا بۆخوا، جوڵاندنو کێشکردن نییە، بەو شێوەیە نییە کە سەرلنسەری بوونی مرۆڤ بۆلای خاڵێکی مەرکەزی کێش بکرێت، بەڵام وەحی عیسایی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەئەو دەورە جێ بەجێ دەکات))[٣٠].لە ئایینی مەسیحیدا، وەك سەرجەم ئایینەکانی دیکە، دوو دیدگا هەیە بۆ ناسینی خودا، یەکێکیان سروش و ئەوەی دیکە عەقڵ. هەندێك لە زانایانی مەسیحی لەویاوەڕەدابوون، کە ناسینی خودا پرۆسەیەکی سروشیانەی دوور لەعەقڵەو عەقڵ دەستەوەستانە لەبەرامبەر ئەو کردەوەیەدا. هەندێکی دیکەشیان بەپێچەوانەوە بیریان دەکردەوە. ئەگەر لەسەرەتادا ناکۆکی نێوان عەقڵو سروش توندبوویێو دوای ئەوەی خەڵك داوای بەڵگەی عەقڵیو پەرەجو(المعجزة)یان لەپێغەمبەران کردبێ، ئەوا لەدواییدا ئەو ناکۆکییە کۆتایی پێ هاتووەو پەیوەندییەکە ئاسایی بۆتەوە. عەقڵ بەتەنیا بەس نییە بۆئەوەی مرۆڤ بەسروشی خودایی ئاشنا بکا " بۆیە مرۆڤویرای عەقڵ بەدوای سەرچاوەی دیکەدا گەڕاوە بۆئەوەی بەسروش ئاشنابێو بیناسێ. ئەگەر بۆتێگەیشتنو ئاشنابوون بە سروش، حاڵەتێك لەکێش کردنو کردەییو جوڵان پێویست بێ، ئەوا عەقڵیش یەکێکە لەو ڕێگەو هۆکارانەی کە مرۆڤ بەسروشی خودایی ئاشنا دەکا. دەشێ هەندێ کەس بەهۆی عەقڵو بەڵگە عەقڵییەکانەوە بڕوا بەسروشو پەیامی خودایی بێننو قبوڵی بکەن، دەشێ هەندێکی دیکە بەوەندەوازنەهێنن، بۆیە داوای پەرەجو (المعجزة) یان لەپێغەمبەران کردووە، دەشێ هەندێکی دیکە بەهۆی زاڵبوونی هەستو سۆزو

ئەزموونێکی تایبەتی ژیانیانەوە قبوڵیان کردبێ. پەیوەندی نێوان سروش و عەقڵ لەیەکێکەوە بۆیەکێکو لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێ. ئەگەر بڕوا هێنان بە جۆرە دیاردەو تێزو بۆچوونێك لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، عەقڵ قبوڵیکردبێ، ئەوا هەمان دیاردەو تێزو بۆچوون لە قۆناغەکانی دیکەی مێژوویدا عەقڵ ڕەتی کردۆتەوە. یاساو دابو نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەیەك، کە لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیەوە بەعەقڵانیکراونو جۆرە پیرۆزییەکیان پێ بەخشراوە، دەشێ هەمان دابو نەریت لەلای کۆمەڵگەیەکی دیکە نەك بەپیرۆز تەماشا نەکرێن " بەڵکو ڕەت بکرێنەوە. چ قبولکردنو چ ڕەتکردنەوەی هەر دیاردەو تێزێك، بەرەنجامی جۆرە عەقڵیەتێکەو ئاستی گەشەی عەقڵی هەر کۆمەڵگەیەك بڕیاری قبولکردن یان ڕەتکردنەوەی دەدا.

ئاوڕێك لە بزاڤی عەقڵگەرایی لە مێژووی ئیسلامیدا

ئەگەر بزاڤە فكریو عەقڵییەكان لەخۆرئاوادا، پەیوەندییان بەدەركەوتنو گەشەكردنی شارەكانەوە بووبێ " ئەوا بزاڤی عەقڵیو فكری لەمێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا بۆكێشەو ناكۆكی نێوان زانایانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمەوییو عەباسییەكاندا، كەچەندین تێزو بۆچوونی جیاجیاو قوتابخانەی فكری سەریان هەڵدا[٥]. وەنەبێ شاریش بەیەكێك لە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆشنگەرییو عەقڵی نەژمێرێ لە مێژووی ئیسلامدا " چونكە ئەم كێشە فكرییانە سەرچاوەكەیان مزگەوتو شارەكان بوون. بیروڕای جیاوازو بۆچوونی جۆراو جۆر لەهەر كۆمەڵگەو شارستانیەتییەكدا، هۆكارو ڕەگەزێكی كاریگەری گەشەی فكرو عەقڵە. ئەگەر سەرچاوەی عەقڵگەراییو لێكدانەوەی بوون لەخۆرئاوا، عەقڵ بووبێ " ئەوا لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا بزاڤی عەقڵگەرایی سەرچاوەكەی ئایین بووە. ڕاستە ئایینیش لە خۆرئاوا پانتاییەكی زۆری لە فكرو عەقڵی خەڵكدا داگیركردبووە، بەلام لە قۆناغی ڕۆشنگەرییو دوای ڕزگار بوون لە دەسەلاتی كلێساو هەژموونی عەقڵی دوگمای پاپاكان، ئاسۆ لەبەردەم عەقڵدا زیاتر كرایەوە.

دەتوانرێ دەركەوتنی موعتەزیلە، كە خاوەنی دیدێكی عەقلانی بوون، بەسەرەتای دەست پێكردنی قۆناغی ڕۆشنگەری لەمێژووی ئیسلامیدا بژمێررێ. ئەمەش بەو مانایە نییە كە پێش ئەو مێژووە بوارێك نەبووبێ بۆ گەشەو چالاكی عەقلگەرایی " بەڵكو هەر لەسەرەتای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، جگەلە سروش (الوحی) خودایی كەبەهۆی پێغەمبەرەوە بەمرۆڤایەتی گەیشت، عەقڵیش لەو بوارانەدا كەپەیوەندییان بەژیانی

ڕۆژانەو جێ بەجێ کردنی ئەرکی ئاوەدان کردنەوەی زەوی‌و بازرگانی‌و لایەنە گۆڕاوەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، گەشەی کردو ڕۆڵی خۆی دیاری کرد. بێ بڕواکانی قوڕەیش‌و نیوە دوورگەی عەرەبی، کاتێك لەگەڵ پێغەمبەردا کەوتنە ململانێ‌و دژایەتیان کرد، بۆ ئەوەی ڕاستی پەیامەکەی بسەلمێنێ داوای بەڵگەیان لێ دەکرد، بەهۆی ئەو بەڵگەو پەرەجو (المعجزة) انەوە کە پێغەمبەر نیشانی دان، ڕووبەڕووی چەندین پرسیاری جۆراو جۆر بوونەوەو عەقڵ ئەو میکانیزمە بوو کە بۆ گەیشتن بەوەڵامی ئەو پرسیارانە بەکاریان دەهێنا. لەگەڵ هەر پەیامێکی خوداییدا عەقڵ گەشەی کردووەو لەپاڵ هەردەقێکی ئایینیدا مرۆڤیش دەرگای لەڕوودا ئاوەڵاکراوە بۆ گەشەدان بەعەقڵ‌و هزری، چ لەبواری بڕواهێنان بەخوداو چ لەبواری ژیانی ڕۆژانەو ئەم جیهانەدا. بەڵام لەسەردەمی ئەمەوی‌و عەباسییەکاندا، موسڵمانان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی سیاسی‌و فکری بوونەوە، کە ڕێگەی بۆسەرهەڵدانی ئەو قوتابخانە فکری‌و عەقڵییانە خۆش کرد، کەپێشتر لەو شێوەیە دەرنەکەوتبوون. جارێکی دیکە لەئاسۆیەکی دیکەوە سەیری قورئان‌و فەرموودە کراو خوێندنەوەو لێکدانەوەی دیکەی بۆکراو چەمکوواتای دیکە لە دایك بوون. ئەگەر قۆناغی ڕۆشنگەری لەخۆرئاوا پەچەکرداری ئەو لادان‌و خەیاڵپڵاوی‌و زاڵبوونی ئەفسانە بووبێ بەسەر عەقڵی پاپاو قەشەکاندا، بەچەمکی کانت ڕزگارکردنی مرۆڤ بووبێ لەو دەستەوەستانییەی لەخۆی لێی بەرپرسیارە، ئەوا ڕۆشنگەری‌و بزاڤی عەقلگەرایی لەکلتورو مێژووی ئیسلامیدا لەهەناوی ئایینەوە سەری هەڵداوەو ئایینیش ڕێگەی خۆشکردووە بۆ زیاتر گەشەکردن‌و فراژوو بوونی عەقڵ‌و بزاڤی عەقلگەرایی، دەتوانین دەرکەوتنی موعتەزیلە

بەسەرەتایەك لەبزاڤی عەقڵگەرایی لە مێژووی ئیسلامیدا نـاوزەد بکەین. شەهرستانی بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((یەکێك هاتە لای حەسەنی بەسریو گوتی: ئەی پێشەوای موسڵمانان لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك پەیدا بوون، دەڵێن: ئەوەی گوناهی گەورە بکا کافرەو لەڕیزی موسڵمانان دەچێتەدەرێ، ئەوانیش (وەعدیەو خەواریجن). هەندێکی دیکەش بەپێچەوانەی ئەمانەوە، گوناهی گەورە بە کوفرنازانن، کردەوە لەلای ئەمانە بەشێك نییە لەبڕواو پێیان‌وایە سەرپێچی کردن‌و کردەوەی خراپ پەیوەندی بەبڕواوە نییە، هەروەك چۆن گوێڕایەڵی‌و سەرپێچی نەکردنی بێ بڕوا، تایکا بە بڕوادار، ئەوانەشی ناویان لە خۆیان ناوە (مورجیئە) پێش ئەوەی حەسەنی بەسریوەڵامی پرسیاری ئەو کەسە بداتەوە، کە پرسیارەکەی کردبوو، (واسلی کوری عەتا) گوتی: من پێم‌وایە، ئەوەی گوناهی گەورەدەکا بەشێوەیەکی ڕەها بەبێ بڕوا نازمێرێو لەهەمان کاتیشدا بڕواداری تەواو نییە، بەڵکو لەنێوان ئەم دوولە دایە (منزلة بين المنزلتين)[٤٣]. دوای ئەو قسەیە هەستا لەسوچێکی مزگەوتەکە دانیشت‌و لەحەسەنی بەسری جیابۆوە، هەرکاتێك یەکێك هاتبایە ژوورەوەو پرسیاری لەحەسەنی بەسری کردبایە، کەبۆچی واسڵ بەتەنیایە، حەسەنی بەسری دەیگوت:واسڵ کەنارگیر بووە. (اعتزل) لێرەوە، کۆمەڵێك کە خاوەنی دیدو بۆچوونێکی عەقڵانی بوون، هاتنە ناو مێژوو، بەموعتەزیلە ناوزەدکران. جگە لەم ڕووداوە، شەهیدکردنی عوسمانی کوری عەفان، سەرەتایەك بوو لە مێژووی ئیسلامیدا بۆ قسەکردن لەسەر چۆنێتی هەڵبژاردنی خەلیفەو کێشە سیاسییەکان‌و جەنگ‌و کوشتاری نێوان موسڵمانان، یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کەڕێگەی خۆشکرد بۆسەرهەڵدانی چەندین‌و تێڕو بیرۆکەی نوێ، ئەو ململانێو

کێشــە سیاســییانەوای لەهەنــدێك لــە زانــاو عەقڵمەنــدی ئــەو کاتــەکرد، کەگومان لەڕەوایەتی ئەو جەنگانە بکەن و ئەمەش وای کرد جارێکی دیکە چەمکەکانی بــڕوا (الأیمــان)و گونــاهی گــەورەو بچووك و چەندین وتەزای دیکــە شوناســی دیکــەوەربگرن و قســەیان لەســەر بکرێتــەوە. هەرکــە ئەمەوییــەکان دەســەڵاتیان گرتەدەســت، هەڵوێســت و ڕەفتارەکانیــان، چــەندین پرســیاری لــەلای خــەڵك بەگشــتی و زانایــانی ئیســلامی بەتایبەتی وروژاند. دروشمی (جەبر)و پەرەپێدانی بیرۆکەی (مورجیئــە) کــە ئەوانــەی ئــەم دروشمــەیان بــەرزکردەوە تیوریســتی (المنظــر)ی ئەمەوییــەکان بــوون، لەبەرامبــەر ئەوانــدا (قەدەرییــەکان) دەرکــەوتن، کەخاوەنی دیدو ڕوانینێکی دیکەبوون. مورجیئەکان پێیان وابوو، مرۆڤــی بڕوادار بەکردەوەو ڕەفتاری خــراپ و گونــاهی گــەرە لەبازنــەی بــڕواداران ناچێتەدەرێ و هەر بەبڕوادار دەمێنێتەوە. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کــە بڕواداران بەکردەوە لەیەکدی جیان، ئــەم دروشمــەی مورجیئــەکان، کــە ئومەوییەکان بانگەشەیان بۆدەکردو پشتیوانیان لێ دەکرد، پاساوێك بوو بــۆ هــەرکردەوەو کارێــك کــە دەســەڵاتدارانی ئومــەوی ئــەنجامیان دەداو دەنگــی نــەیارەکانیان پــێ کــپ دەکــردەوە . کاتێــك ئومەوییــەکان هــەر کارێکیان بکردبایەو نەیارەکانیان سەرکوت کردبا، پاساویان ئەوەبوو کە هــەرکردەوەو ڕەفتارێــك کــە مــرۆڤ ئــەنجامی دەدا،بەویســتی خودایــەو کــردەوەی خــراپیش بــڕوا هەڵناوەشــێنێتەوە. مورجیئــەکان لەبەرامبــەر موعتەزیلەکانــــــدا ڕووبــــــەڕووی ئــــــەو پرســــــیارە بوونــــــەوە کەموعتەزیلەکان وروژانــدیان، ئــەویش پرســیارو قســەکردن بــوو لەســەر ناووسیفەتەکانی خودا. ئەگەر هەرکردەوەیــەکی مــرۆڤ کەئــەنجامی دەدا، بەویســتی خــودا بــێ، وەك مورجیئــەکان دەڵــێن: ئــەی کاتێــك مــرۆڤ

کردەوەیەکی خراپ دەکا، کەناکرێ ئەمە بدرێتە پاڵ خودا، چونکە خودا پاکەو دوورە لەهەرسیفەتێکی خراپ. موعتەزیلەکان بۆچەسپاندنی پاکی‌و بەدوورگرتنی خودا لەوەی کەسیفەتی خراپی بدرێتە پاڵ، دروشمی‌ویستی ئازادانەی مرۆڤیان بەرزکردەوە، واتە مرۆڤ ئازادەو لێپرسراوە بەرامبەر بەهەر کردەوەیەك کە ئەنجامی دەدا، ئەم کردەوەیە کردەوەی چاك یان خراپ بێ. تەنانەت یەکێکی‌وەك (جەهمی کوری سەفوان) بۆ جەختکردنەوە لەسەر خودا بە تاکزانین (التوحيد) لەبیرۆکەی (جەبر) نزیك بۆوە " چونکە بەلای جەهمەوە سیفەتەکانی خوداو مرۆڤ لەیەکدی جیان‌و بۆنەوەی تێکەڵ نەکرێن، نابێ ئەو سیفەتانەی دەدرێنە پاڵ مرۆڤ بدرێتە پاڵ خودا. ئەمەش بۆدوورکەوتنەوە لەچەمکی‌وەك یەك (التشابه) ی سیفەتەکانی خوداو مرۆڤ. جەهم لەو بارەوە دەڵێ: ((لەڕاستیدا هیچ بکەرێك جگە لەخودا نییەو هەرئەو خاوەنی‌ویست‌و دەسەڵاتەو بکەری هەموو کردەوەیەکە " بەڵام کاتێك مرۆڤ کردەوەیەك ئەنجام دەدا، بەشێوەیەکی خوازە (المجاز) دەدرێتە پاڵ مرۆڤ. خوداوەك چۆن درەخت‌و مانگ‌و ڕۆژی دروست کردووەو هۆی جوڵانیان دەگەڕێتەوە بۆخودا، بەهەمان شێوەش هێزێکی لە مرۆڤدا دروست کردووە، کەدەبێتە هۆی ئەوەی کردەوە ئەنجام بدا، هەروەك چۆن درێژی‌و ڕەنگی جیاجیای بەمرۆڤ بەخشیوە، بەبێ ئەوەی‌ویستی مرۆڤی لەسەربێ. . .))[٣٤] هەریەك لە مرجیئەو موعتەزیلە خاوەنی دوو دیدی جیابوون لەبارەی‌ویستی مرۆڤەوە، ئەگەر مورجیئەکان‌ویستیان لەمرۆڤ سەندەوە " ئەوا موعتەزیلەکان، ویستیان گێڕایەوە بۆمرۆڤو بەلایانەوە مرۆڤ ئازادە لەوەی چ کردەوەیەك ئەنجام دەدا. ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەردا (ص) کۆمەڵگە دابەش بووبێ بۆ

دووبەشــی بــێ بــڕواو بــڕوادار، ئــەوا لەدوایــداو بەتایبــەتی لەســەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا، کە جوگرافیـای ئیسـلامی فراوانتربـوو، چـەندین تیرەو هـۆزو نەتـەوە، بـەزمانو ڕەنگـی جیاجیـاوە هاتنـە نـاو ئیسـلامو لەســەردەمی ئەمەوییەکانــدا، کاتێــك ململانــێ گەیشــتە ڕادەیــەك کــە موســڵمان بچێتەســەنگەری دژبــەرای موســڵمانی، کەزۆربــەی ئەمانــەش هاوەڵانی پێغەمبەربوون. هەموو ئەمانـە دەرگایـان بـەڕووی دەرکـەوتنی چەندین دیدو بۆچوونی جیاجیاکردەوەو چەمك‌ووتەزا ئیسـلامییەکان بـە دیدێکی دیکەو خوێندنەوەیەکی دیکەوە هەڵسەنگێنران. لەوکاتەوە ئیدی ئــەو دەرگــاو دەلاقانــە کرانــەوە، کــە لەســەر قســەکردنو لێکدانــەوەی دەقەکانی ئیسلام داخرابوون. نابێ ئەمەشروالێکبدرێتەوە، کەپێشتر هیچ لێکدانەوەیــەك بۆدەقــەکان نــەکراوە " بــەڵام تائــەو کاتــە کۆمەڵگــەی ئیسـلامی قوتابخانـەی سـەربەخۆی لـەم چەشـنەی بەخۆیـەوە نـەدیبوو، کەڕاڤەی دەقەکان بکاو تیۆرو بیرو لێکدانەوەی جیاجیای لێ بێتە بەرهەم. ئەگەر ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا بەشێکی پرۆژەکەی ئەوەبووبێ، کە قسـە لەسەر دەقەکانی ئایین بکرێ، بەبێ ئەوەی ئەم قسەکردنە تایبەت بکرێ بەچـەند کەسێکەوەو لەلایـەن ئـەو چـەند کەسـەوە قـۆرخ بکـرێ " ئـەوا لەمێژووی ئیسلامدا بەهەمان شێوە بە قسەکردن لەسەر دەقەکانی ئـایین دەستی پێکرد. دەرکەوتنی هەریەك لەموعتەزیلەو ئەشعەریو مورجیئەو ئــەوانی دیکــە، ئاســۆی بزاڤــی عەقلگــەراییان بــەرینترکردو گەشــەیان بەچالاکییە فکریو عەقڵییەکانداو هەرزاناو بریارە لەیەکێك لەو قوتابخانە فکرییانەدا چالاکی نواند. هەڵگەڕانەوەیواسڵی کـوڕی عـەتا لەحەسـەنی بەسری مامۆستای ڕێگـەی لەوانـە گـرت، گـەر بیانویسـتایە دەقـەکانی قورئـانو فـەرموودە بۆخۆیـان قـۆرخ بکـەن، وەك ئـەوەی لەسـەدەکانی

ناوەڕاستدا، قەشەو پاپاکان لەئەوروپا کردیان. کاتێك ئیسلام لەنیوە دورگەی عەرەبیدا بڵاوبۆوە، شوێنگەو پانتاییەکی بۆ ئەو بیروباوەڕو بۆچوونانە نەهێشتەوە، کەلەگەڵ پەیامە یەکخواناسییەکەیدا ناکۆك بوون " بەڵام لەدواییداو بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە بە شێوەیەکی خێرابڵاو بۆوە، پاشماوەی ئەو بیروباوەڕانە گەڕانەوە کە ماوەیەك بوو لەبیرچوووبوونەوە. کاریگەری ئەمانەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڕوخساری کۆمەڵگەوە دەرکەوت، بەتایبەتی لەکاتی سەرهەڵدانی بزاڤە فکریو عەقڵییەکاندا. لێرەوە ڕێگە بۆکەسانیوەك (عەبدوڵای کوری سەبەء) خۆش بوو، بۆئەوەی بەرەو بەبیروباوەڕی جولەکایەتیو مەسیحایەتی بدا"[٣٧]. کاتێك مرۆڤ بڕوا بەهەر بیرو باوەڕێك دێنێ، بەپێی جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیرییو هۆشیاری ئەو کەسو گەلو نەتەوەیە، ئەو بیروباوەڕە شێوازی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێو لەڕەنگو ڕوخساری جیاجیادا بەرجەستە دەبێ. حاڵەتە جیاجیا کان دەست نیشانی چۆنێتی ئەو بیروباوەڕە دەکەن، کەلە بیرو هزری ئەو کەسەدا هەیە. ئەم ئاستی فکریو عەقڵییەی کەبە ڕووی موسڵماناندا کرایەوە، لە چەمکێكو سنوورێکدا نەمایەوە، بۆ قسەکردن لەسەر بابەتەکانی بوونو ژیان. جیاکردنەوەی بڕوا لە کردەوەو دابەش بوونی کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ دوویەشو دوو دیدگای جیا دەربارەی دەربارەی دوالیزمی بڕوا / کردەوە، جەبر/ اختیارو چەندانی دیکە، ئاسۆیەك بوو بۆ قسەکردن لەسەر بابەتەکانی دیکە، ئەمەش فکرو عەقڵی موسڵمانانی گەشەپێدا. زانایانو بیریارانی ئیسلامی هەریەکەیان لەدیدگایەکەوە، قسەیان لەسەر زانینو بڕواکرد. هەموویان لەوەدا کۆك بوون کە زانینو بڕوا بەیەکەوە گرێبدەن. یەکێکیوەك جەهم دەڵێ: ((کوفر ئەنجامی نەناسینی

خودایە))[٦٠]. بەڕای هەندێك لەو زانایانە مرۆڤ بەئەندازەی پێویستی خۆی دەزانێ. واتە زانین‌و ئەومەعریفەیەی مرۆڤ لەژیانیداوەدەستی دێنێ، بەرەنجامی پێداویستییەکانی ژیانیەتی. یەکێکی‌وەك جاحز(الجاحظ) لەوبارەوە نموونە بەمندال دێنێتەوە، مندال بەئەندازەی پێویستی تەمەنی خۆی لەدەورویەر دەگاو دوای ژیانی بەکۆمەڵ‌و پێداویستییە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ دەبنە هاندەرێك بۆ زیاتر زانین‌ووەدەست هێنانی مەعریفە ئەگەر تەمەنی مندالی مرۆڤ پێویستییەکانی سنووردار بکا، ئەوا لەدوایداو لەژیانی بەکۆمەڵدا لەگەڵ زیاتر بوونی پێویستییەکان سنوورەکانی زانینیش فراوان دەبن. حەزی مرۆڤ بۆزانین‌و فێربوون، بەشێکە لەسروشتی مرۆڤو جۆرێکی دیکەش زانین‌و مەعریفە هەیە، کەمرۆڤ بەهۆی هەوڵ‌و تێکۆشانی خۆی‌وەدەستی دێنێ، نەك‌وەك حاڵەتێکی سروشتی‌و زگماکی. ئەو زانین‌و زانیارییەی کە سروشتی‌و زگماکییە، هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی تێیدابەژدارن، بەڵام ئەو زانین‌و مەعریفەیەی بەرهەمی هەوڵ‌و تێکۆشانی مرۆڤە، لەیەکێکەوە بۆیەکێك بەئەندازەی هەوڵ‌وتێکۆشانی کەسەکان دەگۆڕێ. جاحزو شەهرستانی‌و قازی عەبدولجەبارو موعتەزیلەکانی دیکە، بۆچەسپاندنی بیرۆکەی‌ویستی ئازادی مرۆڤ، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە زانین‌و مەعریفە لەلایەن خوداوە بەمرۆڤ بەخشراوە " بەڵام مرۆڤ ئازادە لەوەی چۆن ئەم زانینە بەکاردێنێ. پاداشت‌و سزا بەندە بەئازادییەوە، کاتێك مرۆڤ پاداشت یان سزاوەردەگرێ، کەئازادبێ لەوەدا، کەچاکە دەکا یان خراپە. هەرکاتێك ئەم ئازادییە لە مرۆڤ سەنرایەوە، چ چاکەکردن‌و چ خراپە، چەمکی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن. وەنەبێ موعتەزیلە یەکەم گروپو کۆمەڵ بووبێ، هەوڵی بەیەکەوە

گرێدانی عەقڵ و ئایینیان دابێ " بەڵکو دواتریش و بەدرێژایی مێژووی ئیسلام لەگەڵ هەر بزاڤ و جوڵەیەکی ئەم ئایینەدا، فکرو تێزی جۆراوجۆر دەرکەوتوون. جگە لەم حاڵەتانە دانەبێ کە کەسانێکی خاوەن عەقڵیەتی دوگمایی و چەقبەستوو، ڕێگربوون لەوەی ئەم ئایینە خۆی نوێ بکاتەوەو لەگەڵ ڕەوتی هەنگاوەکانی مێژوو هەنگاوبنێ و وەڵامگۆی خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ژیانی کۆمەڵگە بێ. هەر کاتێک موسڵمانان هەوڵیاندابێ ئەم پەیامە بەدەوروبەری خۆیان بگەیەنن، ڕووبەڕووی چەندین پرسیارو مشتومڕو لێدوانی نێوان خۆیان و بەرامبەریان بوونەتەوە. کە موعتەزیلە هێندە جەختیان لەسەر عەقڵ دەکردەوە، وەک دکتۆر (نەسر حامد ئەبوزەید) باسی دەکا، لەو سەردەمەدا چەندین ڕێبازی فەلسەفی و فکری و بیروباوەڕی جۆراو جۆر هەبوون، کەپێویستیان بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی عەقلانی هەبوو، موعتەزیلە ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ[٥٣]. عەقڵ ئەو چەکە بوو، کەلەبەرامبەر ڕوانین و فەلسەفەو عەقلانییەکی ئەوی دیکەدا بەکارهێنرا. ناکرێ چاو لەوڕاستییەش بپۆشین، کەلەمێژووی ئیسلامیدا، بەهۆی بەدحاڵیبوون و هەژاری مەعریفی و دوور لەهەر تێگەیشتن و ڕوانینێکی عەقلانی دژایەتی ڕەوت و بزاوتە عەقلانییەکان کراوە. دوور لە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە ئیسلام، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی چەندان دەست لە پشت برەودان یان ڕەتکردنەوەی ئەو تێزو بۆچوونانە بوون کەسەریان هەڵداوە. ئەوە ئایینی ئیسلام نییە کەهەندێک لەو تێزو بۆچوون و قوتابخانە فکری و عەقڵییانە ڕەت دەکاتەوە یان قبوڵیاندەکا " بەڵکو کۆمەڵگە لەپشت ئەو ڕەتکردنەوەو قبوڵکردنەوەوەیە، هەندێ جاریش ناهۆشیاری خەڵک و هەندێ جاری دیکەش دەسەڵات بۆ

مەبەستو مەرامی خۆی رۆڵی هەیە لەبرەودان. بەهەندێك تێزو رەتكردنەوەی هەندێكی دیكەدا. بەدرێژایی مێژوو عەقڵو ئایین لەتەنیشت یەكەوە بوون. ئەو پەیامەی پێغەمبەران هێناویانە بووەتە مایەی سەرنج و پرسیاری خەڵك، مشتومڕو لێدوانی نێوان هەڵگرانی پەیامی خوداییو ئەوانەی نكۆڵییان لەو پەیامانەكردووە، گەشەی بە بزاڤی عەقڵگەرایی داوە، چ ئەوانەی بڕوایان پێكردوونو چ ئەوانەی پەیامەكەیان رەتكردۆتەوە، بڕواهێنانو رەتكردنەوەكە، لەڕوانگەی لۆژیكو عەقڵەوەبووە. دەركردنی عەقڵ لەبازنەی ئایین، بەو پاساوەی كە ئایین سەرجەم بوارەكانی ژیان دەگرێتەوەووەڵامگۆی سەرجەم پرسیارەكانە، بانگەشەی كەسانێك بووە، كەویستوویانە لێكدانەوەی دەقەكانی ئایین بۆ خۆیان قۆرخ بكەن، زۆرجاری دیكەش ململانێیەكانی دەسەڵات، عەقڵیان خستۆتە پەراوێزەوە. موعتەزیلەوەك چەندین تێزو فكریی دیكەی ناو جیهانی ئیسلامی، جۆرە خوێندنەوەیەك بوو بۆ دەق و هەڵەیە ئەم تێزو بیرو بۆچوونانە لەبازنەكانی هەڵەو راستو گومراو ناگومرادا پۆلێن بكرێ. ئەم بۆچوونەی موعتەزیلە، ئەوە ناگەیەنێ، كە لە چوارچێوەی ئایین دەرچووبێ، ئاساییە كە نەیانتوانیبێ لە زۆربەی راو بۆچوونەكانیاندا راستی بپێكن، چونكە ئەمە سروشتی هەموو فكرو روانینێكی مرۆییە. دەقەكان بۆ ئەوە هاتوون، كەقسە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا بكەنو عەقڵی مرۆڤیش لە یەك ئاستدا نییەو عەقڵی یەكێك لەیەكێكی دیكەو لەقۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی دیكە دەگۆڕێ. لێكدانەوەی دەقی ئایینیو راڤەكردنی جیایە لە نكۆڵی لێ كردنو بەرپەرچدانەوەی، ئەوانەی بڕوایان بەدەقەكانی ئایین نەهێناوە،

زۆربەیان دوای چەندین بەڵگەو پەرەجوو نکۆڵییان لیّ کردووە، کەئەمەڕاڤەکردن‌و بۆچوون نییە " بەڵکو سەرکەشی‌و لادانە لەو پەیامانەی کەبەبەڵگەو پەرەجوو ڕاستییەکانیان سەلمێنراوە. کاتێک سروشتی ئایینی ئیسلام‌وابخوازیّ جێگەی ڕاو بۆچوونەکانی شافیعی‌و مالیکی‌و ئەوانی دیکە بکاتەوە، هەر هەمان سروشت‌وادەکا، جێگەی موعتەزیلەو چەندانی دیکەش بکاتەوە. (لالاند) دوو جۆر عەقڵ لەیەکدی جیادەکاتەوە، یەکێکیان عەقڵی پێکهێنەر یان کارا، کەبریتییە لەکۆی ئەو ڕوانین‌و بۆچوونانەی مرۆڤ بەرامبەر بەدەوروبەر هەیەتی، کەهەموو کەس لەم عەقڵەداوەک یەک بەشدارە، ئەمەش لەدوایدا لەشێوەی کۆمەڵێک بنەماو یاساو چەمکدا بەرجەستە دەبیّ. ئەوەی دیکە عەقڵی پێکهێنراو یان باوە، ئەمیش ئەو عەقڵەیە کەلە کۆمەڵێک بنەماو ڕێسای قبوڵکراو پێک دیّ، کە لە سەردەم‌و کاتێکی دیاریکراودا برەوی هەبووەو لەدواییداوەک کۆمەڵێک ڕاستی ڕەها خۆی نواندووە"[**]. (محەمەدعابد ئەلجابری) لەو ڕوانگەیەوە پێکهاتەی عەقڵی عەرەبی شی دەکاتەوەو پێی وایە کاتێک عەقڵی عەرەبی کۆمەڵێک یاساو ڕێساو چەمک دادەڕێژیّ‌و لەسەردەم‌و کاتێکی مێژوویی دیاریکراودا عەقڵی عەرەبی پیّ دەناسرێتەوە، بەبیّ ڕەخنەلیّ گرتن‌و تێپەڕاندنی ئەم عەقڵە ناتوانریّ عەقڵی عەرەبی لە قۆناغێکەوە بچێتە قۆناغێکی دیکە " بۆیە پێویستە پرۆسەی ڕەخنەگرتن لەعەقڵی باو دەستپێک بیّ بۆ گۆرانکاری لە عەقڵی عەرەبیدا. لەفکری یۆنانی‌و ئەوروپیدا عەقڵ لەو پەیوەندییەدا، کەلەگەڵ سروشتدا هەیبووە، گوزارشتی لەخۆی کردووە. بۆ دۆزینەوەی شوێنگەی عەقڵ لە مێژووی ئەم دوو شارستانییەتیەدا، دەبیّ لەو پەیوەندییەوە بڕوانریّ کە لە نێوان عەقڵ‌و سروشتدا هەیە. سروشت

بابەتێکە بۆ لێدوان‌و بیرکردنەوەو ڕامانی عەقڵییەتی یۆنانی‌و ئەورووپی.
کاتێک عەقڵیەتی یۆنانی لەجەوهەرو ناوەڕۆک‌و پێکهاتەی شتەکان دەکۆڵێتەوەو ڕەهەندێکی مەعریفییان دەداتێ. لەبەرامبەردا عەقڵییەتی عەرەبی ڕەهەندێکی بەهایی (القیمی) بەشتەکان دەبەخشێ. ئەوەندەی لەعەقڵییەتی عەرەبیدا لایەنی ئاکاریی‌و بەهایی گرنگەو ڕوانینی بۆشتەکان لەدیدگای (چاک، خراپ، جوان، ناشیرین)ەوەیە، ئەوەندە شیکارکردن‌و لێکۆڵینەوە نییە لەپێکهاتەی خودی شتەکان‌و ئەو بابەتەی کە پێویستە لێ ی بکۆڵرێتەوەو هەڵوێستەی لەبەرامبەردا بکرێ[٣٠]. لێرەدا دەردەکەوێ کەلەلای یۆنانی‌و ئەورووپییەکان، ڕۆڵ‌و ئەرکی عەقڵ تەنها ئەوەندە نییە کە، چاکی‌و خراپی‌و بەکەڵکی‌و بێ کەڵکی شتەکان دەربخاو هیچی دیکە، بەڵکو عەقڵ دەبێ لەدیوی دەرەوەی شتەکان‌و دیاردەکان نەوەستێ‌و ئەو سنووره تێپەڕێنێ‌و لە چییەتی‌و ناوەڕۆکی شتەکان وردبێتەوەو ڕەهەندێکی مەعریفییان پێ ببەخشێ. بۆدۆزینەوەی نهێنی‌و چییەتی هەردیاردەو شتێک، ڕامان‌ووردبوونەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆرو دیاریکردنی پێکهاتەوە ڕەهەندە جیاوازەکانی پێویستن. ئەو پرسیارەی کەلێرەدا دەشێ بکرێ، ئەوەیە کە ئایا دەشێ ئەم تێزەی جابری گشتگیربکرێ‌و لە هەموو قۆناغ‌و سەردەمێکدا عەقڵیەتی یۆنانی‌و ئەورووپی‌و عەقڵیەتی عەرەبی، هەمان دەرەنجامی هەبێ؟ جابری پێی وایە کەتایبەتمەندییەک لەعەقڵیەتی یۆنانی‌و ئەورووپی‌و عەرەبیدا، بووەتە هۆی ئەم جیاوازییە. عەقڵیش‌وەک بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی مرۆڤ، لەگەشەو نەشو نماکردن‌و گۆڕاندایەو چەندین هۆکار دەبنە یارمەتیدەر بۆگەشەی عەقڵ‌و لەهەمان کاتدا چەندین هۆکاریش دەبنە هۆی ئەوەی کەگەشەو بزاوتی عەقڵ بوەستێنن‌و

لەدۆگماییدا بیهێڵنەوە. هەریەك لە (هردەر)و (ئەدوارسابیر) پێیان وایە، کە زمان پەیوەندی بەعەقڵ و ڕوانینی مرۆڤەوە هەیە، زمان چۆنێتی بیرکردنەوەو عەقڵی مرۆڤ دیاری دەکا[١٠]. لەو ڕوانگەیەوە، گەر بمانەوێ لە عەقڵی گەل و نەتەوەیەك بگەین و ئاستی گەشەی ئەو عەقڵە دیاری بکەین، پێویستە لەزمانی ئەو گەلە بگەین. زمانی عەرەبی یەکێکە لەو زمانانەی کە لەناو گەلانی موسڵماندا وێڕای زمانی زگماکی ئەو گەلە موسڵمانانە، کاری لەعەقڵ و بیرکردنەوەی ئەو گەلانە کردووە. ئەگەر ئەو گەلە موسڵمانانە، لەلایەك بەزمانی زگماکی خۆیان دوابن، ئەوا لەلایەکی دیکەوە زمانی عەرەبی سنووری عەقڵ و بیرکردنەوەی دەست نیشان کردوون. هەروەك چۆن زمانی ئاخاوتن و قسەکردن لەزمانی شیعرو ئەدەب جیایە، بەهەمان شێوە زمانی فیکرو عەقڵ لەزمانی ئاخاوتن جیایە. بۆئەوەی عەقڵ لەگەشەیەکی بەردەوامدابێ، دەبێ زمانی عەقڵ بگۆڕێ، هەرئەم دۆگمایی و لەچوارچێوەی چەند ڕێسایەکی زمانەوانیدا بەندکردنی زمانە، بووتە هۆی گەشەنەکردن و نەشونمانەکردنی عەقڵی عەرەبی، بەعەقڵی ئیسلامشەوە. ئەو گەلانەی کەخاوەنی زمانی زگماکی خۆیان بوون و ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان قبوڵکردووە، لەگەڵ پاراستنی زمانەکەیان، کاریگەری زمانی عەرەبیشیان لەسەربووە " چونکە زۆر لەشاعیران و نووسەرانی ئەوگەلانە وێڕای ئەوەی کەبەزمانی زگماکی خۆیان شیعرو بەرهەمیان پێشکەش کردووە، بەزمانی عەرەبیش نووسیویانە. شاعیرێکی وەك نالی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا، شانازی بەزمانی کوردیەوە دەکاو لەودێڕە شیعرەدا، کەزۆریەی خوێنەری کورد لەبەریەتی، وەڵامی ئەوکەسانە دەداتەوەو بەنادان ناوزەدیان دەکا کەپێیان وایە شیعرنووسین بەزمانی کوردی زۆرلەخۆکردنە.

کاتێك شێوازو جۆری زمان، شێوازو پێکهاتەی عەقڵ دیاری دەکا " کەواتە بۆخوێندنەوەو ناسینی عەقڵیەتی عەرەبی، دەبێ زمانی عەرەبی بخوێندرێتەوەو بزانرێ. هەر لەو ڕوانگەیەوە جابری پێی وایە، کە ئەوهەوڵ و کۆششەی زانایانی ئیسلامی بۆ خزمەتکردن و داڕشتنی زمانی عەرەبی ئەنجامیاندا، وێڕای خزمەتکردن بەو زمانە نابێ ئەوڕاستییەش فەرامۆش بکرێ کەئەو ڕێساو یاسایانەی کەئەو زانا موسڵمانانە بەسەر زمانی عەرەبیدا سەپاندیان، لەگەڵ گرنگی و بایەخی ئەم هەوڵەیاندا، زمانی عەرەبیان چوارچێوە بەندکرد، بەشێوەیەك گەشەو گۆڕانیان لەو زمانەدا کوشت، کەزمان و عەقڵیش پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێ، کەواتە کوشتنی گەشەو گۆرانکاریی لەو زمانەدا دەبێتە هۆی کوشتنی گەشەو گۆرانکاریی عەقڵیش. ئەگەر گرنگیدان بەلایەنی زمانەوانی و قوڵبوونەوە لەو بوارەدا، بەشێك بێ لەبزاڤی عەقلگەرایی، ئەمە ئەو عەقڵە گشتگیر ناکا " چونکە بۆگەیشتن بەبزاڤێکی عەقلگەرایی گشتگیروەرچەرخانێك لەو بوارەدا گەشە پێدانی بەشێك و لایەنێك بەس نییە. ئەگەر لەلایەك زانستی زمانەوانی جووڵەیەکی بەعەقڵی عەرەبی _ ئیسلامیی دابێ، ئەوا لەلایەکی دیکە بەهۆی زۆر جەخت کردنە سەر ئەم لایەنەو گۆشەگیرکردنی ئەم لایەنەش لەچەند ڕێسایەکی نەگۆڕدا، لایەنەکانی دیکە کە بۆ گەشەو عەقڵ پێویستن لەکلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا پشت گوێ خراون. ئەگەر لە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی ئیسلامدا چەند فەیلەسوف و بیریارێك دەردەکەون و چەند ڕێبازێکی فکری و بۆچوونی فەلسەفی دەردەکەون، ئەوا مێژوویەکی درێژیش هەیە، کەبەدەگمەن ناوی فەیلەسوفێك یان بزاڤێکی فیکری و عەقڵی دێت. زانامو‌سڵمانەکان بۆداڕشتنی یاساکانی زمان، پەنایان دەبردە بەر

عەرەبە دەشتەکییەکان، لەکاتێکدا کە شارەکان لەڕووی وشەو زاراوەی شارستانێتی دا دەوڵەمەندبوون و لەهەمان کاتدا قورشانی پیرۆزیش پڕیەتی لەوشەو زاراوەی شارستانێتی، کەچی ئەوان پشت بەگۆکردن(التلفظ)ی دەشتەکییەکان دەبەستن، بەم شێوەیە زمانی زارەکی بووەتە سەرچاوەیەك، کە بونیادی عەقڵی عەرەبی پێك هێناوە. دیارە زمانی زگماکی و نووسین، هەر یەکێکیان کاریگەری تایبەتییان لەسەر پێکهاتەی عەقڵی مرۆڤ هەیە. لەئەنجامدا زمانی پاراو (الفصحی)ی عەرەبی کەلە عەرەبە دەشتەکییەکان وەرگیراوە، دەبێتە بەشێك لەخەیاڵدان و هەست و ئەستی عەرەبی و ئەمەش کەسی عەرەبی لەهەر پێشکەوتنێکی ژیاری و شارستانێتی دوور دەخاتەوەو ئەم جیهانەوشك و دوورلەگەشەو نامێژوویی و هەستی (الحسی) بیەی کە تاکی عەرەبی تێبدادەژی دەیگێڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو، چاخی نەفامێتی (العصر الجاهلی)، چاخی پێش پێکهاتەی دەوڵەت[11].

ئەگەر قۆناغی پێش نووسین لەگەڵ قۆناغی دوای نووسین، دوو قۆناغ بن، یەکەمیان بەقۆناغێکی ناژیاری بژمێرریێو دووەمیان بە قۆناغێك کە مرۆڤ ژیاری بنیاتناوە، ئەوا زمانیش کاتێك کە لەنووسیندا گوزارشتی لێکراوە، گەشەیەکی دیکەی بەعەقڵ داوە، عەقڵێك لەقۆناغی پێش نووسیندا جیایە لەعەقڵی دوای نووسین، لەگەڵ نووسیندا زمانیش گەشەی کردووە.

عەلی کەریم دەڵێ: ((زمان ئەو فکرەیە کە ژیاردەبزوێنێ زیاتر لەوەی کە میکانیزمێك بێت بۆ گوزارشت لێ کردن))[12] چالاکی و گەشەی ژیان لە چالاکی و گەشەی عەقڵیی جیاناکرێتەوە. چالاکی و توانا و ئاستی گەشەی عەقڵیی مرۆڤ لەزماندا گوزارشتی لێ دەکرێ. ئەگەر بڕوا بەو بیرۆکەیە

بکەین کە، پێی وایە زمانەکان لەبنەڕەتدا یەك یاسای ڕێزمانییان هەیەو هیچ زمانێك لەو ڕووەوە لەزمانێکی دیکە پێشکەوتووتر نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە زمانێك لەزمانێکی دیکە لەڕووی گەشەی فەرهەنگووشەو زاراوەوە جیاوازییان نییە. قۆناغەکانی گەشەی زمانی هەر گەلو نەتەوەیەك گوزارشتە لەئاستی گەشەی عەقڵیو فکری ئەو گەلو نەتەوەیە لەوقۆناغە دیاریکراوەدا. باسی جیاوازی ئەدەبی فۆلکلۆریو ئەدەبی نووسراوی هەر گەلو نەتەوەیەك تەنها جیاوازی شێوازی دەربڕینو بەکارهێنانی زمانی لێك جودای ئەو دوو ئەدەبەنییە " بەڵکو ئەم جیاوازییە عەقڵیش دەگرێتەوە، دەرەنجامی ئەم دوو شێوازە جودایەی زمان، دوو جۆر عەقڵی لێك جودایە. ئەگەر ئەو بیرو رایەی جابری کەلەبارەی زمانی عەرەبییەوە دەیخاتە ڕوو لەگەڵ زمانی کوردیدا بەراورد بکەین " دەبینین زمانی کوردیش ڕووبەڕووی هەمان حاڵەت بۆتەوە. ڕۆشنبیرو نووسەرو زانایانی زمانی کوردی، کاتێك بەچاوی ڕێزو شانازییەوە، سەیری فۆلکلۆری کوردیو شێوە ئاخاوتنی ناوچە شاخاویو گوندە دوورە شارەکانی کوردەوارییان کردووە، بەم کارەیان چەند ئەرکی نیشتمانیو نەتەوایەتییان جێ بەجێ کردووە، ئەوەندەش دەرگایان لەڕووی گەشەو بەرەو پێشەوەچوونی زمانی کوردیدا داخستووە. سنووردانان بۆ جوڵەو گەشەی زمان، لەهەمان کاتدا سنووردانانە بۆ گەشەو جوڵەی عەقڵیش. دوالیزمی زمان / عەقڵ بەیەکەوە هەناسەدەدەن " بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە لەبەر چاو نەگرین، کە ئەم حاڵەتەی گەلی کورد لەحاڵەتی گەلی عەرەب جیایە، میللەتی کورد لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوونو پاکتاوی ڕەگەزیدا بووە" بۆیە ناچار بووە بۆپاراستنی ئەو ڕەسەنایەتیو کەسایەتییە

هەرەشەلێکراوەی خۆی، پارێزگاری لە فۆلکلۆرو داب‌و نەریت‌ووشەو فەرهەنگی خۆی بکا، ئەم پاڵنەرەوای لەگەڵ کوردو تاکی کوردی کردووە، بەردەوام ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی لەپاراستنی ئەم ڕەسەنایەتییەدا ببینێ، کە سەرچاوەکەی شێوە ئاخاوتن‌و قسەکردنی ناوچەشاخاوی‌و گوندە دوورە شارەکانی کوردستان بووە. ئەگەر گەلی کورد، وەك گەلی عەرەب لەپشت بەستن بە شێوە ئاخاوتن‌و قسەکردنی ناوچە دوورە پەرێزەکان، لەوەدا ڕووبەڕووی گرفت بووبێتەوە، کە زمانی دووچاری چەقبەستن‌و بەوهۆیەوە عەقڵیشی دووچاری دوگمایی کردبێ، ئەوا گەلی کورد لەوەدا مەبەستێکی دیکەی هێناوەتەدی، ئەویش پاراستنی زمانەکەیەتی لەووشەو زارەوەی بێگانە، کاتێك کورد مامەڵەی لەگەڵ زماندا،لەو ڕوانگەیەوە نەکردووە، کە پەیوەندی نێوان زمان‌و عەقڵ ئاشکرا بکا، پاساوی ئەوە بووە کە زمان‌و بوونی نەتەوایەتی لەبەردەم هەڕەشەی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزیدا بووە.

پەیامی ئایینیو عەقلانییەت

پەیامی ئایینی کە خودا بەهۆی نێرراوەکانییەوە بۆ مرۆڤی ناردووە، مرۆڤی رووبەڕووی چەندین پرسیارو سەرسوڕمان کردووە. وەنەبێ تەنیا ئەوانەی بڕوایان بەو پەیامە نەهێناوە، ڕووبەڕووی پرسیار بوونەوەو لەبەرامبەر ئەم پەیامەدا هەڵوێستەیان کردبێ " بەڵکو ئەوانەی بڕواشیان پێ هێناوە، لە کێشەو گرفتی پرسیار ڕزگاریان نەبووە. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێ کەپەیامی خودایی بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادا و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم پەیامە پەیامێکی پڕ پێچو پەناو ئاڵۆزە بەڵکو پەیامێکە لەنادیاردا بەرجەستە دەبێو بەشێکی ئەم پەیامە باسی نادیارە، نادیاریش بەردەوام مرۆڤ دووچاری سەرسوڕمانو پرسیارو ڕاچڵەکان دەکا. محەمەد شبستەری دەڵێ: ((کاتێك جیهان، جیهانە کە نهێنییەکان ئاشکرا نەبن، ئەگەر بشێ نهێنییەکان ئاشکرا بن، ئەوا جیهان لەناو دەچێو مرۆڤ لە مرۆڤایەتی خۆی دەکەوێ))[١٦] ئەوەی بەردەوامی بەهەر پەیامێك دەبەخشێ، ئەم حاڵەتی سەرسوڕمانو دووچاری ڕاڕایی کردنەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە، ئاسۆی زیاتری لەبەردەمدا دەکرێتەوەو لەناخو دەروونەوە هەست بەجۆرێك لەگەشەو نەشونما دەکا. زیندوێتی مرۆڤیش بەبەردەوامی پرسیار کردنەوەوەیە، مەرگی مرۆڤ هاوکاتە لەگەڵ مەرگی پرسیارو سەسوڕمان. مەبەست لەسەرسوڕمانو ڕاڕایی ئەوە نییە، مرۆڤ سنوورەکانی ڕاستیو هەڵەو جوانیو ناشیرینیو چاکەو خراپەی بۆ لەیەکدی جودا نەکرێتەوەو ڕوانینەکانی بەئاسۆیەکی تاریك بسپێرێ، کەسی بڕوادار بەهۆی بڕواهێنانەوە، هەست بەئارامیو دڵنیایی دەکا " بەلام ئەمەوای لێ ناکا، کەنیدی واز لەپرسیار

بێنیّ‌ونەزموونەکانی ڕاچڵەکین بۆ چەندەمین جار دووبارەنەکاتەوە. پرۆسەی بڕوامێنان لەگەڵ گۆڕانی حاڵەتە سایکۆلۆژیو گۆڕانی هەل‌و مەرج‌و حاڵەتی جیاجیای ژیانی مرۆڤ ئەویش دەگۆڕێ، هەروەك زانایانی ئیسلام زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بڕوا کەم‌و زۆر دەبێ. ئەزموونی ڕاچڵەکین‌و سەرسوڕمان کە ئایین بەرجەستە دەکا، پانتاییەکی زۆری لەژیانی مرۆڤی بڕوادار داگیرکردووەو مرۆڤ ئەوەندەی لەم حاڵەتەدا هەست بەئارامی‌و ئاسوودەیەکی دەروونیی دەکا، ئەوەندە لەجێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ئاییندا هەست بەئارامی‌و ئاسوودەیی ناکا " چونکە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکان مرۆڤ دەگۆڕن بۆ ئامێرێك کە دووری دەخەنەوە لەهەر چەشنە نوێ بوونەوەو ڕاچڵەکینێك، بۆیە هەندێ جار جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی ئایین دەبێتە جۆرە خووپێوەگرتنێك، کەکەسی بڕوادار هەندێ جار بەبێ ئەوەی بەگیانێکی پڕ لەخۆشەویستی‌و هەست کردن بە نوێ بوونەوەو ڕاچڵەکین، جێ بەجێیان بکا لەلای دەبنە ئەرکێك کە هەندێ جار لەجیاتی ئەوەی هەست بەئارامی‌و ئاسودەیی بکا، بەبێزارییەوە ئەنجامیان دەدا. هەست کردن بەئارامی‌و ئاسودەیی لەکاتی جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خودادا، چەندە پتەوبوونی خۆشەویستی نێوان بەندەو خودایە، ئەوەندەش گوزارشتە لەو حاڵەتە دەروونییەی کە مرۆڤ لەوکاتانەدا هەستی پێ دەکا، کەپەیوەندی بە نادیارەوە دەکا. ئەمەتەنیا پەیوەندی بەئایینەوە نییە، مرۆڤ لەهونەرو ئەدەب‌و گەڕان بەدوای داهێنانە زانستییەکاندا هەست بە حاڵەتێك لەگەڕان بەدوای نادیاردا دەکا. چ ئەو نووسەرەی پرۆسەی نووسین ئەنجام دەداو چ ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە " ئەو چێژی نووسین‌و خوێندنەوەیەی هەستی پێ

دەکەن، چێژێکە مرۆڤ لەگەڕان بەدوای نادیاردا هەستی پێ دەکا. یەکێك لەبەهانەکانی، ئەوانەی نکۆڵێیان لەپەیامی پێغەمبەران کردووە، ئەوە بووە کە پێغەمبەران نادیارەکان ئاشکراناکەن، بۆیە داوای پەرەجوو (المعجزە) یان لەپێغەمبەران کردووە. کاتێك قورەیشییەکان بڕوایان بەپێغەمبەری ئیسلام نەهێناوە، بەهانەیان ئەوە بووە، کە پێغەمبەر کەسێکە بەبازاردا دەڕواو نیشانەیەکی پێ نییە، ببێتە هۆی سەرسوڕمان. دیارە کەسی ئاسایی، کەسێکە خاوەنی نادیار نییەو نهێنییەکی پێ نییە ئاشکرای بکا. ئەگەر مرۆڤ بەسروشت حەز بکا، سنووری دیاردە ئاسایی‌و باوەکان بشکێنێ‌و بیەوێ ئەو دیوی بینراوەکان ببینێ " ئەوا ئەو حەزو خولیایەی مرۆڤ لەگەڵ پێغەمبەرانی خودادا بەرجەستە بووە، کاتێكویستویەتی، پێغەمبەروەك کەسێکی ئاسای نەبینێ‌و کەسێك بێ جیا لەخەڵکی، گەران بەدوای جیاوازیدا، گەڕانە بەدوای نهێنی‌و نادیاردا، کە خەڵکی لەپێغەمبەرانی داوا کردووە. نهێنی‌و نادیار ڕووی جیاجیان هەیە، هەندێ جار ترس‌و هەندێ جاری دیکە خۆشەویستی‌وا لەمرۆڤ دەکەن، بەدوایاندا بگەڕێ. دیاردە ئاسایی‌و بینراوەکان ئابنەمایەی شڵەژان‌و سەرسوڕمان " بۆیە مرۆڤ دەیەوێ لەوان تێپەڕێنێ‌و دەرگایەکی دیکەی بەڕوودا بکرێتەوەو ئاسۆیەکی دیکە ببینێ کە بەلایەوە نهێنییەو نامۆیە پێی . بەختیار عەلی دەڵێ: ((نهێنی‌وەك ئەو ڕەگەزەی هەندێ جار بەرەو شتەکانمان ڕادەکێشێت‌و هەندێجار لەشتەکانمان دوور دەخاتەوە. هەندێجار ترسمان تیا دروست دەکات‌و هەندێجار خواستێکی قووڵمان تیا دەبزوێنێت بەرەو ڕووی بڕۆین.))[١٠] ئەو کەسانەی کەلە گوێ گرتنی نامۆژگارییە ئایینییەکاندا هەست بەبێزاری دەکەن، لەبەر ئەوەنییە کە بڕوایان بەو گوتانە لاواز بووبێ "

بەڵکو لەبەر ئەوەیە بۆ چەندەمین جار ئەو گوتانەیان گوێ لێ بووەو ڕەهەندی نادیار لەو گوتانەدا بەدی ناکەن. تەنانەت لەهەندێ جاردا کەئەو کەسەی پرۆسەی ئامۆژگاری ئەنجام دەدا، ئەگەر کەسێك بێ لەبابەتێکی تازە بدوێ، یان کەسێك بێ پێشتر ئەوانەی گوێ ی لێ دەگرن نەیاندیتبێ، ئامادەیی بۆ گوێ گرتن زیاترە. ئەمەش زیاتر لەبەر هەست کردن بەو نادیارییە کە لەلایەن کەسانی گوێگرەوە هەستی پێدەکرێ. نادیار تائەو کاتە خۆشەویستی‌و نهێنییەکی لەخۆیدا حەشاردلوە تا ئاشکرا نەبووە. ئاشکرا بوونی هەر نهێنی‌و نادیارێك، کۆتایی هاتنە بەحاڵەتی سەرسوڕمان‌و شڵەژانەو پرسیاریش لەوێدا کۆتایی دێ. پرسیارکردن گوزارشتە لەو حاڵەتەی مرۆڤ کە، دەیەوێ نهێنییەك بدۆزێتەوە. تانهێنی بمێنێ پرسیاریش دەمێنێ‌و پرسارو نهێنی ئەو دوالیزمەن کە بەتەنیشت یەکەوەن‌و پەیوەندیان بەیەکدییەوە هەیە. هەر بەتەنیا ئایین نابێتە هۆی شکاندنی ئەو تینوێتییەی کە گیانی مرۆڤ خوازیاریەتی‌و ڕەهەندێکی نادیاری لەخۆی گرتووە " بۆیە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ دوای ئەوەی ئایینی قبوڵکردبێ، وازی لە پرسیارو گەڕان بەدوای نهێنییەکانی ژیان‌و بووندا نەهێناوە. لەگەڵ ئایینــدا مــرۆڤ دەستبەرداری نــەدەبو هونــەر نــەبووەو ئــەمانیش سەرچاوەی ئەو نادیارەن کە مرۆڤ بەدوایداوێڵە. تەنانەت عارف‌و سۆفیەناسراوەکانی ناو مێژووی ئیسلامی لەگەڵ ئەو ئایینداری‌و خوداپەرستییەی ئەنجامیاندلوە، عاشقی شیعرو ئەدەبیش بوون‌و بەهۆی شیعرو ئەدەبەوە گوزارشتیان لەئاییندارى کردووە. مرۆڤ جگە لەئایین بەدوای سەرچاوەی دیکەشدا گەڕاوە، بۆ ئەوەی گوزارشت لەو حەزو تینوێتییەی بکا کەبۆنادیار هەیەتی، بۆ بوارەئەستوورییەکانی (ماددی)

ژیانیشی، کە عەقڵ ڕۆڵی تێدا دەبینێ، وەڵامی چەندین پرسیاری دەستگیر بووە، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە ئایین نەیتوانیوە، ئەووەڵامانە بە مرۆڤ ببەخشێ " بەڵکو هەر خودی ئایین ڕێگر نییە لەبەرامبەر عەقڵداو ناکۆکی لەنێوان عەقڵو ئاییندا نییە. هەندێك تێزی ئیسلامیوابیردەکەنەوە کە قسەکردنو بایەخدان بە عەقڵ، پشت گوێ خستنی ئایینەو بە ئایینکردنی عەقڵە. پێیانوایە کاتێك خودایەکی داناو زاناو پەروەردگاری جیهانیان بەرنامەیەك بۆ مرۆڤ بنێرێ، ناشێ بەرنامەیەك نەبێ کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤ نەگرێتەوەو قبولکردنی یاسایەکی دیکە کە بەرەنجامی عەقڵو هزری مرۆڤە، جۆرەهاوبەش دانانێکە بۆ خوداو ئەمەش دژبەبیروباوەڕی یەکخوداپەرستی (التوحید) ە. لای هەندێ کەس ناکرێو ناشێ ئەم جۆرە تێگەیشتنە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە تێگەیشتنو ڕوانینە بۆ ئایینوەك چەندین ڕاوبۆچوونی دیکە، بەرهەمی عەقڵو هزری مرۆڤە ناکرێ قسەی مرۆڤیش، هەڵوێستەی لەبەرامبەردا نەکرێو بەگومانەوە سەیری نەکرێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لێکدانەوەو بۆچوونی مرۆڤ بێ هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی دەبێ ڕەتبکرێتەوەو مرۆڤ بۆی نییە لەڕێگەی عەقڵی خۆیەوە بەدوای ڕاستیەکاندا بگەڕێ. بەڵکو مەبەست لەوەیە کە، قسەو بۆچوونی مرۆڤ دەشێ قبوڵبکرێو ڕەتیش بکرێتەوە، نەك بەپیرۆز سەیر بکرێ. کاتێك عەقڵ لەسنوورو تخوبەکانی خۆی دەچێتە دەرێو میتافیزیك دەکاتە بابەتی لێدوانو گفتوگۆ لەسەر کردنو دەیەوێ پەی پێ بەرێو هەوڵ دەدا بگاتە ئەو ڕاستییانەی کە، ئەرکی سروش(الوحی) یە، ڕووبەڕووی قەیرانو تەنگەژە دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە هەندێ جاریش ئایین

لەرێگەی هەڵگرانی پەیامەکەیەوە، بەجۆرێك گوزارشتی لێ دەکرێ، کەبۆئەوە هاتووە کە سەرتاپای ژیان بگرێتەوەو قسە لەسەر ئەو بابەتانە بکاو ئەو بوارانە بگرێتەوە، کە ئایین ئەو ئەرکەی پێ نەسپێرراوە. لێرەدا عەقڵ دەستەوەستان دەبێو ناهێڵرێ جوڵە بکاو لەبوارو سنوورەکانی خۆیدا ڕۆڵی دیاریکراوی خۆی ببینێ. بەرپرسیارکردنی ئایین بەئەرکێك کە پێی نەسپێرراوە، سەندنەوەی ئەرکێك لەعەقڵ، کە پێویستە ڕۆڵی خۆی تێدا ببینێ، بەدرێژایی مێژوو یەکێك بووە لەوکێشەو تەنگەژانەی کە هەڵگرانی پەیامی ئاینی لەگەڵ عەقڵگەراو بزووتنەوە ڕۆشنگەرییەکاندا ڕووبەڕووی یەکدی کردۆتەوە. ململانێی نێوان ئەم دووانە بەدرێژای مێژوو،شێوازی جۆراو جۆری بەخۆیەوە گرتووە. ئەم مل ملانێیە لە قۆناغی ڕۆشنگەری ئەورووپادا یەکلا بۆوە. لە مێژووی ئیسلامیشدا، ململانێی نێوان ئەم دوو بۆچوونو دیدەلێك جودایە، بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر گوزارشتی لێ کراوەو لەدەرەنجامدا چەندین قوتابخانەو ڕێبازی فکریی جیاجیا سەریان هەڵداوە.

ئایدۆلۆژیاو دەسەلاتیش، لەم ململانێیەدا دوورەپەرێز نەبوونو هەوڵیانداوە فکرو مەعریفە بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاربهێننو لەو ئەرکە دووری بخەنەوە کە پێویستە لەپێناویدا کاربکا. لەگەڵ هاتنی هەر ئایینێکدا ڕووبەڕوو بوونەوەو بەربەککەوتنێك لەگەڵ ئایینو عەقڵدا دەستی پێ کردووە. کاتێك مرۆڤ بەئەندازەی عەقڵی خۆی ژیانو بوونی لێکداوەتەوەو جۆرە تیۆرێکی لەو بارەوە لەلا فۆرمەلە بووە، کە بەرەنجامی ئەو ڕوانینو تێگەیشتنە بووە لە ژیانو بوون. لەو کاتەدا پەیامێکی خودایی لە دەرەوەی ئەم تێگەیشتنو ڕوانینەی مرۆڤ دێت،

ڕاستییەکی دیکەی پێییە، کە جیایە لەو ڕوانین‌و بۆچوونەی مرۆڤ پێشتر بڕوای پێ بووە. لێرەدا مرۆڤ لەبەرامبەر عەقڵی خۆیدا هەستی بەنامۆ بوون کردووەو بەگومانەوە سەیری ئەو بۆ چوونانەی خۆی کردووە. وەرگرتنی بیروڕایەکی نوێ‌و ڕەتکردنەوەی بیروڕایەك کە مرۆڤ بڕوای پێ بووبێ، مرۆڤی ڕوویەڕووی شۆك (الصدمە) کردۆتەوە. ئەم حاڵەتە کەمرۆڤی خستۆتە نێوان دوالیزمی قبوڵکردن‌و ڕەتکردنەوە، لەڕاڕایی‌و گوماندا بەرجەستە بووە. بڕواهێنانی کەسێك کە بۆیەکەم جار لەنێوە دورگەی عەرەبی، پەیامی خودایی پێدەگا، جیایە لە بڕواهێنانی ئەوانەی دوای چەندان سەدە، ئایین لەناویاندا ژیاوەو بەشێك لەهۆشیاری‌و کلتوری ئەوانی پێك هێناوە. ئەم هەست کردن بەنامۆیی‌و گومانە زیاتر لەوانەی کەلە سەرەتای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیدا بڕوایان هێناوە، بەرجەستە بووە، وەك لەوانەی دوای چەندین سەدە بڕوایان هێناوە، تەنانەت بڕوای ئەوانەی دواتروەك حاڵەتێکی ئاسایی‌و سروشتی بووەو حاڵەتی ڕامان‌و شڵەژانی کەمتر بووە. بڕوا هێنان بە بیروباوەڕێك کە ناسراوەو خەڵك پێی ئاشنایە " جیایە لەبڕواهێنانێك کە مرۆڤ بۆیەکەمجار بەو بیروباوەڕ ە ئاشنا دەبێ‌و بڕوای پێدێنێ. جائەو بیروباوەڕە ئایینی بێ یان نا. ئەوانەی ئێستا باسی چیرۆکی ئەو قورەیشیانەیان بۆدەکرێ، کەبەئاسانی بڕوایان نەهێناوەو سەرکەشییان لەگەڵ پێغەمبەردا کردووە. بەلایانەوە مایەی سەرنج‌و تێبینییە، کەچۆن بڕوایان بەو پێغەمبەرە دەستپاك‌و ڕاستگۆیە نەکردووە؟ بەڵام کاتێك دیمەنی ئەو کاتە بێنینە بەرچاومان، ڕوانینمان بۆ ئەو کەسانەی کەبڕوایان نەهێناوە دەگۆڕێ، لەکاتێکدا کە محەمەد بۆیەکەمجار، هەواڵی پێغەمبەرایەتی خۆی بلاودەکاتەوە، بۆکەسێك بڕواهێنان ئاسان

نییە، کەلەگەڵ بیروباوەڕو کلتورێکی دیکەدا ڕاهاتووە، جیایە لەو ڕوانینو جیهانبینییەی کە پێغەمبەر لەچوارچێوەی پەیامەکەیدا هێناویەتی. متمانەکردن ئەوکاتە گەشە دەکا، کە پێغەمبەروردەوردە دەست دەکا بەبلاو کردنەوەی پەیامەکەیو چەندین پەرەجوو(المعجزة) نیشان دەدا. بۆ هۆنی یە، کە ئەوانەی لەسەرەتای بلاوبوونەوەی ئاییني ئیسلامدا بڕوایان هێناوە، بەپەنجەکانی دەست دەژمێررێنو مێژووی ئیسلامیش بەشانازییەوە ناویان دێنێ. ئەمەش پاساو نییە بۆ ئەو بێ بڕوایانەی کەلەسەرەتای بلاوبوونەوەی ئاییني ئیسلامدا، لەپێغەمبەر یاخی بوونو دژایەتییان کردووە. سەرکەشیو دوژمنایەتی کردنی ئەوانە لەگەڵ پێغەمبەرو پەیامەکەی، هەرتەنیا لەسەرەتادا نەبوو " بەڵکو دوای ئەوەی پێغەمبەر بەچەندین بەڵگەو نیشانە ڕاستی پەیامو پێغەمبەرایەتییەکەی، سەلماند، ئەوان لەسەر دژایەتی کردنو دوژمنایەتی کردنی پێغەمبەرو ئایینەکەی هەر بەردەوام بوون. ئەو گوتارە ئیسلامییەی کە خۆی بە شوێنکەوتەی پێشینایەتی (السلفیه) دەزانێو پێی وایە بەپەیڕەو کردنی لەدەقەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) خۆی لەڕوانینی عەقڵانی پاراستووە، بیەوێو نەیەوێ، پەیڕەوی جۆرێك لە عەقڵانییەت دەکا، بۆیە بەعەقڵانیکردنی ئایینو ڕوانینێکی عەقڵیانە بۆ دەقەکانی ئایین، دیاردەیەکی بەردەوامی مێژووی مرۆڤایەتییە، کەلەگەڵ ئایینە یەك لە دوای یەکەکاندا هەنگاوی ناوە. ئەگەر بەهانەو پاساوی ئەم گوتارە پابەندبوونو لانەدان بێ لەدەقەکانی قورئانو فەرموودە، کاتێك ڕوانینو بۆچوونەکانی دەردەبڕێو ڕاڤەی ئەو دەقانە دەکا، ئەم پرۆسەیە لەدواجاردا، دەبێتە پرۆسەیەکی عەقلانی. جیاوازی نێوان قوتابخانە جیاجاکانی مێژووی ئیسلامی، جیاوازی نێوان

بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیابووە بۆ دەقەکانی ئیسلام. ئەگەر یەکێك لەو قوتابخانەو ڕێبازانە خۆی بە ئەرسەدوکسێکی ئیسلامی بزانێ و پێی وابێ ئەو لەوانی دیکە باشتر لەدەقەکان گەیشتووە، ئەوا دەیەوێ فیکرو مەعریفەو لێکدانەوەیەکی تایبەت بەزۆر بسەپێنێ. زۆر جار لەمێژووی ئیسلامدا ئەم ململانێ فکری و مەعریفییە، بووەتە ململانێ ی سیاسی و دەسەلات، چەندان بیریارو زانای ئیسلامیی ڕووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجە بوونەتەوەو بیروڕاکانیان دوور لەکەش و هەوایەکی ئازادانەو کراوەدا قبوڵنەکراوە. لەکلتورو مێژووی ئێمەدا، دوو پرۆژەو تێزی وەك موعتەزیلەو ئەشعەری، کەبە ململانێیەکی فیکری و مەعریفی دەستیان پێکردو زەمینەیان سازکرد بۆ گەشەکردن و فورمەلەبوونی قوتابخانەو ڕێبازی عەقڵانی، لەدواییدا دەسەلات هەر یەکێکیانی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکار هێنا. کاتێك ئەو دەسەلاتەی فەرمانڕەوایی دەگرتەدەست و موعتەزیلەی دەکردە ستراتیژی خۆی،لەبەرامبەردا دژ بەهەر دەنگێك دەوەستا موعتەزیلەی ڕەت دەکردەوەو کە پێچەوانەی موعتەزیلە بوایە. کاتێکیش دەسەلاتێکی دیکە دەهات بۆ قایمکردنی کورسی دەسەلاتی خۆی و سەلماندنی بوونی خۆی ئەشعەریانە بیری دەکردەوە. ئەو بیریارو ڕۆشنبیرانەی کە دروشمی فیکری و مەعریفیشیان بەرزکردۆتەوەو بەمەبەستی گەشەپێدان و بەرەوپێشەوە بردنی پرۆژەی عەقڵی و فیکریی، کاریان کردووە، نەیانتوانیوە لە کاریگەری هێزە دەسەلاتخوازەکان بەدووربن و لە پرۆسەی عەقڵی و کارەمەعریفییەکانیاندا، سێبەری دەسەلاتیان بەسەرەوە بووە. هەندێکیان لەژێر ئەو سێبەرەدا پاساویان بۆ دەسەلات هێناوەتەوەو هەندێکیشیان لەژێر ئەو سێبەرە هاتوونەتە دەری و باجی ململانێیان

لەگەڵ دەسەڵاتدا دلوە. ئەوەی ئەم گرفتەی قوڵترکردۆتەوە، ئەوە بووە کەقسەکردن بەناوی تیزو فیکرێکەوە، ڕەهەندێکی ئاییني پێ بەخشراوە، بۆیە ئەوانەی دژ بەو فیکرو بۆچوونانە وەستاون، بەوە تاوانبارنەکراون کە دژ بەدەسەڵاتو فیکرەی دەسەڵاتن، بەڵکو بەلادەر لە ئایین ناوزەدکراون. بە پێچەوانەشەوە تێزو بۆچوونێکی ئیسلامی کەدەسەڵاتێکی لەپشتەوە بووبێ. یان لەلایەن زانایەکی ئیسلامییەوە، کە بەخواناس و شارەزا ناسرابێ، بانگەشەی بۆ کرابێ، وەك ئەرسەدو کسێکی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو جۆرە پیرۆزییەکی پێ بەخشراوە. هەندێ جار قسەی زانایەك یان پشتگیریکردنی تێزێك لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەس بووە بۆئەوەی ئەو تێز یان قوتابخانەیە بەرگێکی پیرۆزی بەبەردابکرێ، یان ڕەت بکرێتەوە. ئەگەر تێزو قوتابخانەیەك ڕەتکرابێتەوە یان قبوڵکرابێ، بەرەنجامی چوارچێوەو میکانیزم و میتودێك نەبووە کە، بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنی هەر تێزو قوتابخانەیەکی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی پێویستە. ڕاڤەکردنی هەر دەقێك کە، ئایدۆلۆژیاو دەسەڵاتێکی لەپشتەوە بێ، جیایە لەو ڕاڤەکردن و گفتوگۆکردنەی کەلەسەر هەمان دەق دەکرێ، لەکەش و هەوایەکی دوور لەئایدۆلۆژی و گوتاری سەپاو. دەرەنجامی هەر یەکێك لەم دوو لێدوان و ڕاڤەکردنە جیایە. لێکدانەوەو ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی فەیلەسوف یان بیریارێك بۆ فەلسەفەی مارکسی جیایە لەو لێکدانەوەو بۆچوونەی سیاسی و هەڵگری پەیامێکی ئایدۆلۆژی کە بۆ مەبەستی مەرامەکانی دەسەڵات، ئاراستەی هەمان تێزی دەکا. خوێندنەوەی ئالتوسێرو ئەریك فرۆم و چەندانی دیکە، جیایە لەو خوێندنەوەو ڕوانینەی کەسانی سیاسی و بۆمەبەستی بەهێز کردنی ئایدۆلۆژی خۆیان بۆ مارکس

ئەنجامیان داوە. دەقی ئایینی‌و تێزو بۆچوونە ئایینییەکانیش بەهەمان چاوەوە سەیریان دەکرێ‌و دەست تێوەردانی دەسەڵات‌و گەمەو چالاکییە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەیە لەگۆڕینی بۆچوون‌و ڕوانینە فکریی‌و مەعریفییەکاندا. نەك هەر ئەمە، خەیاڵدان‌و هۆشیاری خەڵکیش ڕۆڵی هەیە لەبەخشینی پێناسەیەکی دیکەی جیا لەو پێناسەیەی کە لەناوەندو ئاستێکی هۆشیاری دیکەدا بەو تێزوبۆچوونە دەدرێ. بەخشینی ماناو پێناسەیەکی دیاریکراو بەچەمك‌و گوتەزایەك لە کەش‌و هەواو زەمینەو باروبۆخێکی ناهەموارو دژوارو نائارامدا، جیایە لە کەش‌و هەواو زەمینەیەکی هێمن‌و ئارامدا. زۆر جار بیریارو فەیلەسوفێك لە هەل‌و مەرج‌و باروبۆخێکدا بانگەشە بۆ جۆرە ڕوانین‌و تێزێك دەکا، دوایی ئەنجامی گۆڕانی ئەو هەل‌و مەرج‌و باروبۆخە، لەو بیروڕایەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، یان بانگەشە بۆ جۆرە ڕوانین‌و بیرۆکەیەکی دیکە دەکا. خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئایینیش لەم یاسایە بەدەر نییە، ئەوە ڕوانین‌و بۆچوونی خەڵك‌وکۆمەڵگەیە، کەدەقێکی ڕاڤەکراو دەخاتە چوارچێوەیەکی دەست لێنەدراوو بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك نەوەیەك دەیداتە دەست نەوەی دوای خۆی. چ پەیوەندی نێوان ئایین‌و عەقڵ‌و چ ململانێی نێوانیان، شێوازی جۆراوجۆری لە مێژوودا بەخۆیەوە گرتووە. ئەم پەیوەندی‌و ململانێیە لەوڵاتێکەوە بۆوڵاتێك‌و لەفەرهەنگ‌و کلتورێکەوە بۆ فەرهەنگ‌و کلتورێك‌و لەسەردەمێکەوە، بۆ سەردەمێکی دیکە بە چەندین وێنەی جیا دەرکەوتووە. چەندین عەقڵی دوگماو دژ بەهەر پرۆژەیەکی چاکسازیی‌و گۆڕانکاری، لەئەنجامی ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ هەریەکێك لە ئایین‌وعەقڵ ڕوخساری هەریەکێك لەمانەیان شێواندووە. ئەفلاتون مرۆڤ لەسێ پێکهاتەدا دەبینێ، کە بە

هۆی ئەو سێ پێکهاتەوە ئاڵوگۆڕو کارلێك کردنی نێوانیان، هەڵس و کەوت و ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکرێ. بەلای ئەفلاتونەوە ئەم سێ پێکهاتەیە لەمرۆڤدا هێزەکانی هەوەس (النفس الشهوانية) و توڕەیی (النفس الغضبية) و عەقڵە (النفس العاقلة). هەریەکێك لەم هێزانە لە سنووری تایبەتی خۆیدا ئەرك و لێپرسراویتی هەیە. مرۆڤ کاتێك دەبێتە بوونەوەرێکی خۆویست و نەوسن و ئارەزووباز، کە هێزی هەوەس زاڵبوو بەسەریداو لە سنووری دیاریکراوی خۆی تێپەڕاند. ئەگەروانەبوو ئەوا ئەو هێزەش وەك هێزەکانی دیکە بۆ مرۆڤ پێویستە، ئارەزووی خواردن و خواردنەوەو زاوزێ (سێکس) و ئاوەدان کردنەوەی زەوی و ئەوانی دیکە، کەبەشێکن لەو ئارەزووە، پێویستن، بەڵام لەهەندێك حاڵەتدا، کە لە سنووری خۆیان لایاندا، دەبنە هێزی خراپ و مرۆڤ دەگۆڕن بۆ بوونەوەرێکی چاوچنۆك و خۆویست و نەوسن. توڕەیی و تۆسنی، کاتێك بەچاکە دەژمێررێ کە، ببێتە هۆی ئازایەتی و جوامێری؛ ئەمیش پێویستە لەحاڵەتێکدا بهێڵرێتەوە، کە لە خۆگری (العفة) بەدوور نەبێ؛ ئەگەروانەبێ، ئەوا ئەویش مرۆڤ بەرەو شەڕەنگێزی دەبا. هێزی عەقڵ بەلای ئەفلاتوونەوە گرنگترینیانەو پێی وایە، دەبێ دوو هێزەکەی دیکە لەژێر چاودێری عەقڵدابن. ئەفلاتون لەشارە ئایدیالی و نموونەییەکەیدا، ئەو هێزە، کە هێزی عەقڵە بە هێزی سەرەکی دەزانێ و ئەرکی سەرپەرشتی کردن و ڕێنوێنی کردنی دوو هێزەکەی دیکەی پێ دەسپێرێ. لاوازبوونی دەسەڵاتی عەقڵ یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە دەلاقە بەڕووی هێزی غەریزەو هەوەس و ئارەزووە ئەستوویی (ماددی) یەکانی مرۆڤدا دەکاتەوەو لەم حاڵەتەدا، ئەم ئارەزووانە مرۆڤ دەگۆڕن، بۆ بوونەوەرێکی، شەڕەنگێزو خۆویست و دووری دەخەنەوە لە ئاکاری

چاكو بەهای بەرز. لەوكاتەدا عەقڵ ئەو ناوبژیوانەیە كە دەست دەخاتە ناو هەرێمی ئەو دوو هێزەوەو هاوسەنگییان لەنێواندا رادەگرێ. دیارە عەقڵی مرۆڤەكانیش لەیەكدی جیایەو ئاستی تێگەیشتن و زانین و دانایی خەڵكوەك یەك نییە " بۆیە ئەفلاتوون فەیلەسوف بەو عەقڵە دەناسێنێ و متمانەی ئەوەی پێ دەكا، كە بتوانێ فەرمانڕەوایی دەوڵەت بكا. جگە لەفەیلەسوف كە ئەفلاتوون ئەو شوێنگەیەی پێ دەبەخشێ، لەناو كۆمارەكەیدا شوێنی عەقڵەكانی دیكەش دیاری دەكا. هەر چین و توێژەی نێودەوڵەتشارەكەی ئەفلاتوون بەكاری تایبەتی خۆیان هەڵدەستن و كەس دەست ناخاتە ناو ئیش و كاری كەسەوە، ئەگەروانەبێ ئەوا ئەو دادگەرییەی ئەفلاتون بانگەشەی بۆدەكا، نایەتەدی. ئەگەر دەوڵەت، وێنەی مرۆڤ بێ و لە مرۆڤیشدا وا پێویست بێ عەقڵ فەرمانڕەوای جەستەو بەشەكانی دیكەی پێكهاتەی مرۆڤ بێ، ئەوا لەدەوڵەتیشدا بەهەمان شێوە، پێویستەعەقڵ فەرمانڕەوا بێ، ئەو عەقڵەش، عەقڵێكی ئاسایی نییە " بەڵكو عەقڵی فەیلەسوفە"[13]. چەمكی عەقڵ لەلایەن، بیرمەندو زانا ئیسلامییەكان و قوتابخانە جۆراوجۆرەكانی مێژووی ئیسلامی، بەچەندین شێواز گوزارشتی لێ كراوەو بووەتە مایەی لێدوان و گفتوگۆی نێوان هەریەك لە قوتابخانەی سۆفیگەری و موعتەزیلەو ئەشعەری. عەقڵ بەلای ماوەردی و زۆربەی ئەو زانایانەوە، دووبەشە، عەقڵێك كە بە عەقڵی پێویست(ضروري) ناوزەدی دەكەن، ئەویش ئەو عەقڵەیە كە بەرەنجامی رامان و ئەزموونی مرۆڤ نییە " بەڵكو عەقڵێكە بەدەر لەویستی مرۆڤ، عەقڵێكە مرۆڤ بە هەوڵ و كۆشش وەدەستی نەهێناوە، بەشێكە لەسروشت و زگماكی مرۆڤ، كاتێك كەسێك چاودەكاتەوە، بەبێ هیچ ویستێكی ئەو كەسە چاوی بەدرەخت،

ڕووبار، هەرشتێك دەكەوێ كە لەبەردەمیدایە، خەڵك لەوەدەست هێنانی زانیاری بەهۆی ئەم عەقڵەوەهەموویان وەك یەكن. زانین و زانیاری بەهۆی ئەم عەقڵەوە، پەیوەندی بەڕادەی هۆشیاری و ناهۆشیاری و ئەزموونی مرۆڤەوە نییە، عەقڵی دووەم عەقڵی وەدەست هێنراوە (المكتسب) ئەم عەقڵە سنوورێكی دیاری كراوی نییە، وەك عەقڵی یەكەم نییە بەدەر بێ لەویست و ڕۆڵی مرۆڤ، خەڵكی لەم عەقڵەدا لەیەكدی جیان، ئەم عەقڵە بەردەوام لەزۆری و كەمیدایەو لەیەكێكەوە بۆ یەكێكی دیكە دەگۆڕێ[11].

لەكلتوری ئیسلامیدا عەقڵ ئەو پێگەیەی پێ بەخشراوە، كەبووەتە سەرچاوەی ئاكار، جیاكردنەوەی چاكەو خراپەو جوانی و ناشیرینی و دەست نیشانكردنی هەریەكێك لەمانەو مانا پێ بەخشینیان، پرۆسەیەكی عەقڵییەو تەنانەت موعتەزیلە لەوبڕوایە دابوون كە بۆناسینی خوداو جیاكردنەوەی كرداری چاكو خراپو پەیڕەوی كردن لە ئاكاری چاكو دووركەوتنەوە لە ئاكارو ڕەوشتێك كە خراپو ناپەسندە، پەیوەندی بەعەقڵی مرۆڤەوە هەیە " ئەگەر خودا پەیامیشی نەناردبایە مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە، ئاكاری چاكو خراپ لەیەكدی جیادەكردەوە. ئەشعەرییەكانیش تارادەیەك ئەوڕایەی موعتەزیلە دەسەلمێنن، كە مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە دەتوانێ چاكەو خراپە بناسێ و لەیەكدییان جودابكاتەوە " بەلام ئەوان پێیان وایە ئەنجامدانی كارێكی چاكو دووركەوتنەوە لەكاری خراپ، كاتێك دەبێتە ئەركێك لەسەر مرۆڤ، ئەمەیان ئەركی ئایینە نەك عەقڵ. كەواتە بەڕای ئەشعەرییەكان ناسینی چاكەو خراپە لەڕێگەی عەقڵەوە، نابێتە ئەركو فەرمانێك بۆ ئەوەی مرۆڤ جێ بەجێی بكا، بەلام ئایین ئەو چاكەو خراپەیەی كە عەقڵ ناسیویەتی، دەیگۆڕێ بۆ ئەركێك لەئەركەكانی ئایین. ئایین تەنیا

بەوەندەواز ناهێنێ کەئاکاری چاکو خراپ بەمرۆڤ بناسێنێ، بەڵکو ئەو ئاکارە جوانو ناشیرینو کردەوە چاکو خراپانەی مرۆڤ بەهۆی عەقڵو رامانی خۆیەوە لەیەکدییان جیادەکاتەوە، دەکا بەئەرکێکی ئایینی. رۆڵی پێغەمبەرانیش ئەوەنەبووە ئاکاری چاکو خراپ بۆ مرۆڤ روون بکەنەوەو پێی بناسێنن " بەڵکو ئەوان ئاکارە چاکو خراپەکانیان بەهۆی پەیامی خوداوە لەناسینەوە گۆڕیوە بۆ ئەرکێکی ئایینی. ئەگەر چی لەکلتوری ئیسلامیدا، ئایین پانتایەکی زۆری پێ بەخشراوە " بەلام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە، بواری کارو چالاکییەکانی عەقڵ بخرێتە پەراوێزەوەو مامەڵەیەوەك پێویستی لەگەڵدانەکرێ. راستە بەهۆی ئەو پاساوەی کە، ئایینوەڵامگۆی پرسیارە چارەنوسسازەکانی مرۆڤە، ئەمە لەلای هەندێك ئەمە لەلای هەندێك لە بیرمەندو بیریاری ئیسلامیی پاساوێك بووە، بۆ ئەوەی عەقڵ بخرێتە پەراوێزەوە. ئەوانەی لەمێژووی ئیسلامیدا، باسی ئاکاریان کردووە دانیان بەوەداناوە، کەچێژو خۆشی (اللذة) هەڵسو کەوتو ئاکاری مرۆڤ دیاری دەکاو رۆڵی هەیە لە ئاراستە کردنی مرۆڤ بەرەو ئەوەی جۆرە رەفتارێك بنوێنێ " بەلام لەکۆتاییدا جیاکردنەوەی ئاکارو رەفتارەکانی مرۆڤو دەست نیشانکردنی ئەوەی کە ئەم کردەوەیە چاکەو ئەمەیان خراپە " کاری عەقڵەو عەقڵ دەتوانێ چاکو خراپ لەیەکدی جیابکاتەوە. سەرچاوەی کارەخراپەکان لە لای بیرمەندە ئیسلامییەکان ئارەزوو(الهوی) یەو سەرچاوەی کاری چاکەو باشیش دەگەڕێتەوە بۆعەقڵ. لە کلتورو شارستانیەتی ئیسلامیدا ئایین سەرچاوەی ئاکار نییە، ئەگەر هەندێك لە بیریارانی ئیسلامی ئەم بیرۆکەیەویژدانی ئایینییان ئازار دەداو پێیان قبوڵناکرێ، ئەوە دەسەلمێنن کەبەتەنیا، ئایین سەرچاوەی ئاکار نییە لە کلتوری

ئیسلامیدا. (قازی عەبدولجەبار) یەکێکە لە بیرمەندانی (موعتەزیلە) پێی وایە جیاکردنەوەی کارێکی چاك لەخراپ، بەهۆی عەقڵی غەریزییەوەیە، کەبە عەقڵی پێویست (ضرورة) ناوی دەبا،

یان بەهۆی عەقڵیوەدەست هێنراو (المکتسب)ەوە دەبێ. ئەگەر بەهۆی یەکێك لەم دوو عەقڵەوە نەبێ نازانرێ، چونکەوردبوونەوەو بەڵگەگەرایی (النظروالاستدلال) لەلایەن کەسێکەوە، ئەنجام دەدرێ کەعەقڵی تەولوبێ، ئەمەوا لەرکەسە دەکا، کە لێپرسراوبێ بەرامبەر کردەوەکانی. لێرەدا دەردەکەوێ کە موعتەزیلەکان، پێگەیەکی گرنگ بەعەقڵ دەبەخشن. عەقڵ لەلای ئەوان، سەرچاوەی ئاکارە. ئەوەی کردلری چاکەو خرلپە لەیەکدی جیادەکاتەوە، عەقڵە. ئەوەی بەلای سۆفیگەراو عاریفەکانیشەوە گرنگەو لەجیاتی عاقڵ بەکاری دێنن، عاریفە. کەسی عاریف پێویستی بەچەندین پلە هەیە، تادەگاتە حاڵەتێك، راستییەکانی بۆ ئاشکرا دەبن‌و زانین بەدەست دێنێ. سەرچاوەی زانین لای عاریفو سۆفیەکان عەقڵ نییە " بەڵکو دڵە. کەسی عاریف کە، خولیای گەیشتن بەخۆشەویستەکەیەتی‌و بەدوای زانینداوێڵەو ڕێگەی گەیشتن بەمەرامەکانی دەگرێتەبەر، سەرەتا خۆی لە ئارەزووە جەستەییەکان دوور دەخاتەوەو دەکەوێتەجەنگێکی درێژخایەن لەگەڵ خۆیدا، سەرکەوتن بەسەر خوندا، ئەو هەنگاوەیە، کەکەسی عاریف دەگەیەنێتە مەبەستو مەرامەکانی. کاتێك عاریفو سۆفیەکان بڕوایان‌وابێ مرۆڤ لەڕێگەی بەسەرخودا زاڵبووندا دەگاتە زانین‌و زانیاری بەدەست دێنێ، کەواتە عەقڵ لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەوڕۆڵەی نییە. لەکلتوری عەرەبیدا، زمان‌و عەقڵ ئەو دوالیزمەن، کەلە یەکدی جیاناکرێنەوەو هەریەکەیان، کاریگەری لەسەر ئەوەی دیکە

هەیە، وەك چۆن لاشە لە خوێن و گۆشت پێك دێ، زمان و عەقڵیش بەهەمان شێوە.

زمان بەبێ ڕێنوێنیکردنی عەقڵ، لەچەند دەنگێکی بێ مانا زیاتر هیچی دیکە نابەخشێ. ئەم بیرۆکەیە، ڕوانینی یۆنانییەکانمان بیردێنێتەوە، کە لۆژیك و زمان بەیەکەوە گرێدەدەن. لەپەندو قسەی نەستەقی عەرەبیدا، ئەم گوتەیە، زۆر دووبارە دەبێتەوە کە دەڵێ: ((عەقڵ هاوڕێ ی مرۆڤەو نەزانینیش دوژمنیەتی)). (جابری) پێی وایە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کلتووری عەرەبی ئەوەیە، کەکەڵکی لەسەرجەم کلتورەکانوەرگرتووە، بۆیە خاوەنی ڕێبازێکی ئاینی تایبەت نییەو دەرگای بەڕووی ئاین و بۆچوونە جیاجیاکاندا کردۆتەوە. چۆن لەقۆناغی نەفامێتیدا، مامەڵەی لەگەڵ بۆچوونەکانی دەوروبەردا کردووە، دوای هاتنی ئیسلامیش، باوەشی بۆ ئەمیش کردۆتەوەو بەرامبەر بەشارستانیەتییەکانی دیکەش بەهەمان شێوە[١٧].

عەقڵو ئاكار

مرۆڤ چەندە خاوەنی ئەو سروشتەیە، كەبەهۆیەوە كاری چاكە ئەنجام دەدا، لەهەمان كاتدا ئەو سروشتەش لە مرۆڤدا بەرجەستەیە، كەبەرەو شەڕەنگێزیو خراپەكاری دەبا. كاتێك جابری باسی ئاكار دەكا، لەكلتوری عەرەبیدا پێنج سەرچاوە دیاری دەكا، كە ئاكارو ڕەوشتیان لەو كلتورەدا ئاراستەكردووەو بەهۆیانەوە ئاكار لە كلتوری عەرەبیدا فۆرمەلە بووە. ئەوانیش:

١- كەلەپوری عەرەبی پوختە. (الموروث العربي الخالص).

٢- كەلەپوری ئیسلامی پوختە (الموروث الأسلامي الخالص).

٣- كەلەپوری فارسی (الموروث الفارسي).

٤- كەلەپوری یۆنانی (الموروث اليوناني).

٥- كەلەپوری سۆفیگەرا (الموروث الصوفي).

كەلەپوری هەریەك لەمانە، لەیەكدی جیایەو هەر یەكەیان، خاوەنی جۆرە ئاكارێكە، كە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەوانی دیكەی جیادەكاتەوە.

مرۆڤوێرای عەقڵو سۆزو غەریزە، خاوەنی چەندان ئاكاری چاكو خراپە، زانایانو بیریاران هەریەكەیان بەجۆرێك سروشتی مرۆڤیان پێناسە كردووەو خوێندنەوەی هەریەكێكیان دەربارەی سروشتو ئاكارەكانی مرۆڤ لێك جیایە. هەندێكیان لەو بڕوایەدان كە مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا چاكە خوازەو هەندێكی دیكە خەسڵەتی شەڕەنگێزیو خراپەكاری دەدەنە پاڵ مرۆڤو پێیانوایە مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا خراپو شەڕەنگێزە.

ڕەواقیەکان، لەوبڕوایەدابوون کەمرۆڤ چاکە خوازەوئەوەی وا لە مرۆڤ دەکا، ئەو سروشتە چاکەی بگۆڕێو بیکا بە بوونەوەرێکی خراپ، کۆمەڵگەو ئەو دەوروبەرو ژینگەیەیە کەتێیدا دەژی. کەسانێکی دیکەش لەپێش ڕەواقیەکاندا، پێیان‌وابوو مرۆڤ بوونەوەرێکە لە سروشتی خۆیدا خراپە، بەڵام بەهۆی ئامۆژگاریو پەروەردەوە دەتوانرێ، ئەم سروشتە خراپیەی مرۆڤ بگۆڕێ بەرەو چاکە خوازی[١٨]. ئەرستۆ بڕوای بەوە نەبوو، کەمرۆڤ خاوەنی ئاکارو ڕەوشتێکی نەگۆڕ بێ‌و پێی‌وابوو، ڕەوشت‌و ئاکاری خراپی‌مرۆڤوەك خۆی نامێنێتەوەو بەهۆی ئامۆژگاری‌و پەروەردەوە، لەحالەتێکەوە دەگۆڕێ بۆ حالەتێکی دیکە، ئەمەش پێویستی بەئامۆژگاری‌و پەروەردەیەکی بەردەوام هەیە، چونکە گۆڕانی مرۆڤ لە خراپیەوە بۆ چاکی کارێکی ئاسان نییەو ئەمەش بەئەندازەی ئامادەیی ئەو کەسە بۆ گۆڕنکاری دەگۆڕێ. زاناو بیرمەندە ئیسلامییەکان، وەك چۆن لەباسی عەقڵدا، دوو جۆر عەقڵیان دەست نیشان کردووە، یەکێکیان عەقڵی پێویست (الضرورة)و ئەوی دیکەش عەقڵی بەدەستهێنراو (المکتسب). ئەوا لە بواری ئاکاریشدا هەندێکیان پێیان‌وابوو، ئاکار لە مرۆڤدا سروشتیەوبۆ ئەم مەبەستەشیان ئەو ئایەت‌و فەرموودانەیان دەکردە پاڵپشتی ڕاکانیان، کە پشتگیریان لەو بۆچونەیان دەکرد. هەندێکی دیکەش ڕایان‌وابوو کە، ئاکار لە حالەتێکی جێگیرو نەگۆڕدا نامێنێتەوەو بەهۆی ئامۆژگاری‌و پەروەردەوە، دەتوانرێ ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤ لە خراپەوە بەرەو باشە بگۆڕدرێ. قسەکردن‌و ڕا دەربڕین، دەربارەی سروشتی چاکە خوازانە یان خراپی مرۆڤ، لەدوای یۆنانیەکانیش لەلایەن بیریارو فەیلەسوفانی ئەورووپا گوزارشتی لێ کراوە. چەمکی (جەنگی هەمووان دژی هەمووان)ی هۆبز

گوزارشتە، لەسروشتی خراپ و شەڕەنگێزی مرۆڤ. یەکێکی وەك ڕۆسۆش بەپێچەوانەی هۆبزەوە، مرۆڤ بەبوونەوەرێکی بەسروشت چاکە خواز، پێناسە دەکا.

بینینی دیوی چاکەخوازی مرۆڤ، وای لەهەندێك بیریارو فەیلەسوف کردووە، کەدیوە خراپ و شەڕەنگێزییەکەی مرۆڤ نەبینین. هەل و مەرج و باروذۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری، ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەیە، لەدیاریکردنی فکرو بۆچوونی فەیلەسوف و بیریاراندا، ناکرێ ئەوە فەرامۆش بکرێ، کەلەحاڵەتێکی پڕ لە ئاشوب و جەنگدا فەیلەسوف و بیریارێك مرۆڤ بەشەڕەنگێزو خراپ ناوزەد بکا، لەکەش و هەوایەکی ئارام و هێمنیشدا، بەجۆرێکی دیکە. ئەو متمانەیەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بەعەقلیان بەخشی و پێیان وابوو، بەهۆی عەقڵەوە مرۆڤ سەروەریتی وەدەست دێنێ. کەواتە گۆڕینی ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤیش، دەکەوێتە ئەستۆی عەقڵەوە، ئەگەر ڕۆسۆ سروشتی مرۆڤی بەچاکە خواز ناوزەد کردو، هۆبز بەپێچەوانەوە، ئەوا گۆڕینی سروشتی مرۆڤ لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، بەڕای فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە ئەستۆی عەقڵدایە. (کانت) بیروڕای خۆی دەربارەی هەریەك لەسروشتی چاکە خوازی و خراپە خوازی، لە مرۆڤدا ئاشکرا دەکاو دەربارەی سروشتی ڕەسەنی خراپە خوازی لە مرۆڤدا، ئاشکرا دەکاو دەربارەی سروشتی رەسەنی خراپەخوازی لەمرۆڤدا، گوتەیەکی شاعیری لاتینی، هۆراس وەك دروشمێك بەکار دێنێ کەدەڵێ: ((مرۆڤ نییە بەبێ خراپە، لەدایك ببێت))[٬٬] . ئەم گوتەیە ئەوەمان پێدەڵێ، کە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سروشتی خراپە خوازییانەی مرۆڤ بەرەو چاکێتی و ئاکاری جوان و پەسەند، کارێکی ئاسان نییەو ئەم بیرۆکەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا،

کـە (کانـت) بەرامبـەر بـە سروشـتی چـاکەخوازیو گـۆرانی مـرۆڤ لـە خراپییەوە بەرو چاکە، گومـان بکـا. لەهـەمان کاتـدا ئـەو ئامادەگیـەش فەرامۆش ناکا، کەمرۆڤ بۆ گۆران بەرەو چاکە هەیەتی، ئامادەگی گۆران لە خراپەوە بەرەو چاکە، هەر تـەنها بـەئامادەگی بـەرەو گـۆڕانو چـاکە خوازی نایەتەدی، چونکەوەك چۆن مـرۆڤ ئامـادەگیو توانـای ئـەوەی هەیە کارێکی خراپ بکا، بەهەمان شێوە ئامادەگی ئەوەشی هەیە چـاکە خواز بێ. کرداری چاکو خراپ ئەو کاتـە دەبنـە مایـەی پاداشـتو سـزاو ستایشو سەرزەنشت، کە مرۆڤ لە ئەنجامدانیانـدا خـاوەنی ئیـرادە بـێو سەربەسـت بـێ لـە جـێ بـەجێکردنی هەریەکێکیانـدا. ئـەو کاتـە مـرۆڤ بەرامبەر بەهەر کردەوەیەك کە ئەنجامی دەدا لێپرسراوە. ئەم حاڵەتە لە کلتـوری ئیسـلامیدا بـووە مایـەی لێـدوانو ململانێـی فکـری نێـوان تێـڕو بۆچوونو قوتابخانە جیاجیاکانی نێو مێژووی ئیسلامیو بیرۆکەی جەبر / ئیختیارو جیاکردنـەوەی کردەوەو بـڕوا لـە یەکدی بەرهـەمی ئـەم بـیرو بۆچوونە لێك جیایەبوو.

دیارە لە ئایینی مەسیحیشدا، بیرۆکەی لەم چەشنە هەڵگرانی پـەیامی ئەو ئایینەی بەسەر چەندین قوتابخانەو تێڕی لێك جیادا دابەش کردووە. ئەگـەر بـڕوا بـە ڕوانـینو بۆچـوونی ئـەو بیریـارو فەیلەسـوفانە بێـنین، کەپێیانوایە مرۆڤ بەسروشت چاکە خواز یان خراپە خـوازەو مـرۆڤ بـەبێ هیچ ئیرادەیەکی خـۆی کـاری چـاك یـان خـراپ ئـەنجام دەدا، ئـەو کاتـە عەقڵ ڕۆڵو ئەرکی خۆی لە ڕێنوێنی کردنی مرۆڤ بەرەو چاکە یان خراپە لەدەست دەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاداشتو سزاو ستایشو سەرزەنشـت کـردن، کـە بـەرەنجامی کـاری چـاك یـان خـراپن، مانـای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست بدەن.

هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی جۆرێك لە مۆراڵو ئاکاری تایبەت بە خۆیەتی، کەلە کۆمەڵگەیەکی دیکەی جیادەکاتەوە، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کەموراڵو بەهای هاوبەش لەنێوان سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نییە،لەو ڕوانگەیەوە کەوێکچوونو هاوبەشییەك لە پێکهاتەی نێوان مرۆڤێكو مرۆڤێکی دیکەدا هەیە، مرۆڤ خاوەنی بەهاو مۆراڵی هاوبەشە. کاتێك مۆدێرنە بە پشت بەستن بە عەقڵ هاتو ئەو شێوە مۆراڵە باوەی پێش خۆی ڕەتکردەوە، ئەو ڕاستیەشی فەرامۆش نەکرد، کە کۆمەڵگە پێویستی بە جۆرێك لەبەهاو مۆراڵی دیکە هەیە، بۆ ئەوەی لەبری ئەوانی پێش خۆی بەکاریان بێنێ. یەکێك لە جیاوازییەکانی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە، ڕوانینی جیای هەریەکێکیان بوو، دەربارەی ئاکار، کە هەر کۆمەڵگەیەك لەژیانیداو بۆ بەرجەستەکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەگەڵ خۆیانداو لەگەڵ کۆمەڵگەدا پەیڕەوی دەکا. ئەگەر دەرەنجامەکانی مۆدێرنە، کۆمەڵگەیەکی سەرتاپاگیری یەك ڕەنگو یەك دەنگو کپ کردنی دەنگە جیاوازەکان بووبێ، ئەوا پۆست مۆدێرنە بە پێچەوانەوە، فەیلەسوفانی ئەو قۆناغە بانگەشەی فرە دەنگیو فرە ڕەنگیو خوێندنەوەی جیاوازییەکانیان دەکرد. مەریوانوریا قانیع دەڵێ: ((لێرەوە ئەگەر سوسولۆژیای مۆدێرنە سوسولۆژیای داخراو بێت ئەوا سوسولۆژیای پۆست مۆدێرنە سوسولۆژیای کرانەوەیە. لەیەکەمیاندا بیرۆکەی جەوهەر، وێکچوونو یەکێتی بالا دەستە لە دووەمدا بیرۆکەی دەرکەوت،جیاوازیونەمانیسێنتەرو ناوەندێکی هاوبەش))[٣٠] وەك چۆن مۆدێرنە پێناسەیەکی دیکەی پێیە، بۆ دیاردەکانو چەمکەکان سەر لە نوێ بە تێگەیشتنێکی دیکە دادەڕێژێتەوە، پۆست مۆدێرنەش بەهەمان

شێوە پێناسـەیەکی دیکـەو ڕوانینێکـی دیکـەی هەیـە، کەلـە مۆدێرنـەی جیادەکاتەوە. چەمکی ئاکاریش لەو چوار چێوەو پێناسـەیە دەرناچـێ، کەپۆسـت مۆدێرنـە بـۆ چـەمك و پێـدراوو گوتـەزاکان دەیکـاو مانایـەکی دیکەیان پێدەبەخشێ. سیستەمی بەها دەرهاویشتەی ئەزموونی خەڵك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـەکانی هـەر گـەل و نەتەوەیەکـە، کـە لەدواییـدا لەخەیاڵدانیکۆمەڵگەدا، وەك یاسایەکی چەسپاوو باوەڕپێکراو پـەیڕەوی لێدەکرێ و لـە بوارەکـانی ژیـانی کۆمەڵگـەدا ڕەنـگ دەداتـەوە، سـارتەر دەڵێ: ((سیستەمی بەهای هەر کۆمەڵگەیەك ڕەنگدانەوەی بونیادی ئـەو کۆمەڵگەیەیە)). هەرچەندە ئاکارو بەها، ئەو چەمك و گوتەیەیە کـە زیـاتر پەیوەندی بە کۆوە هەیە، وەك لە تاك، بەڵام ئەمە بـەو مانایـە نییـە کـە تاك ڕۆڵی نییـە لـە دەسـت نیشـانکردن و دیـاریکردنی جۆرێـك لـە ئاکـارو ڕەتکردنەوەی جۆرێکی دیکە، یان جیاکردنەوەو لێك هـەڵاوێردی ئاکـاری چـاك و خـراپ و کـردەوەی چـاك و خـراپ. پێغەمبـەران و بیریـاران و فەیلەسـوفان ڕۆڵیـان هـەبووە، لەسـەرەتاداوەك تـاك دەسـت نیشـانی ئاکـاری چـاك و خـراپ بکـەن و دوایـی ئـەو ئاکارانـە ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتییان وەرگرتووەو بوونەتە بەشێك لـە خەیاڵدانی کۆمەڵگـەو لـە کۆنەسـتی کۆمەڵگـەدا جێگیربـوون. ئاکـارو بـەها هـەروەك (ئەندریـە بریدو)لێکی دەداتەوە، لەسەرەتادا. بڕیارو بۆچوونێکی تاکەکەسییە،کە بەپێی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکـانی ئـەو کەسـە بڕیـاری لەسەردەدرێ و دوایی لەناو کۆمەڵگەدا، دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەگشتێندرێ[٣]. ئەگەر چی نکۆڵی لەوە ناکرێ، کە کۆمەڵگە ڕۆڵی هەیـە لە دیاریکردن وچەسپاندنی ئاکارو بەهادا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیـەنێ کـە

کۆمەڵگـە لـەبری عـەقڵ‌و غـەریزەکانی مـرۆڤ قسـەدەکاو‌ەلامگۆی پێداویستییە عەقڵی‌و غەریزەییەکانی دەبێ[٣٢].

زۆر جارئـەو ئاکـارو بەهایـەی کۆمەڵگـە بریـاری لەسـەر دەداو لـە دارشـتن‌و فۆرمەلەبوونیـدا بەشـدارە، لەگـەڵ غـەریزەو عـەقڵی مرۆڤـدا ناکۆکـە، هەنـدێ جـاریش بەپێچـەوانەوە، هاوسـەنگی‌و گونجـان لـە نێوان‌ویست‌و خواستـەکانی مـرۆڤو ئـەو بەهایانـەدا هەیـە، کـە کۆمەڵگە پەسـەندی دەکـاو دەیسـەپێنێ. هـەل‌و مـەرج‌و بـارودۆخی سیاسـی‌و ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتی‌و ئـەو ژینگـەو دەوروبـەرەی مـرۆڤ تێیـدا دەژی، ڕۆڵیان هەیە لە دەستنیشانکردن‌و سەپاندنی جۆرە ئاکارو بەهایەکداو ڕەتکردنەوەو قبوڵنەکردنی جۆرە ئاکارو بەهایەکی دیکەدا.

دەشێ لە ژینگەیەکی گوند نشیندا جۆرە ئاکارو بەهایەك باڵادەست بێ‌وجۆرە ئاکارو بەهایەکی دیکە، کـە لەگـەڵ ئـەو ژینگـەو دەوروبـەرەدا نـەگونجێ کەئـەو خەڵکـە تێیـدا دەژی ڕەت بکرێتـەوە. قبـوڵکردن‌و ڕەتکردنـەوەی هـەرجۆرە ئاکـارو بەهایـەك، پەیوەنـدی بـەو حاڵەتـە سایکۆلۆژییەوە هەیە کە ئەوکەسە تێیدا دەژی.

دەشـێ بریـاردانی چـاکی‌و خراپـی کردەوەیـەك لـە دوو حاڵـەتی سایکۆلۆژی لێك جیادا، دوو بریاری جیاواز بێ. هەروەها تەمەن‌و ئاستی گەشەی عەقڵی‌و ڕادەی تێگەیشتنی ئەو کەسە لە چەمکی چاکی‌و خراپی هـەر کـردەوەو هەڵوێسـتێك ڕۆڵیـان هەیـە، لـە چـۆنێتی دیـاریکردن‌و دەستنیشانکردنی ئەو بریـارەدا. پرۆسەی پەشیمان بوونـەوەو داننـانی مرۆڤ بەو تاوانانـەی دەیانکـا، یـان هـەوڵی مـرۆڤ بـۆ چـاکبوون‌و گـۆڕینی کردەوەو هەڵوێستەکانی لە خراپەوە بۆ چاکە گوزارشتە لـەو حاڵەتـەی

کە مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا ناتوانێ بڕیاری یەکلایی کەرەوەو کۆتایی دەربارەی ئاکارو بەها بدا.

زۆر جار مرۆڤ لە قۆناغێکی تەمەنیدا بڕیارو هەڵوێستێکی دەربارەی ئاکارو بەها هەیەو لە قۆناغێکی دیکەی تەمەنیدا بڕیارو بۆچوونی دەربارەی هەمان ئاکارو بەهایە جیایە. یۆنانییەکان پێیان وابوو لێک نزیکییەك لە نێوان سروشتو مرۆڤدا هەیەو ئەمەشیان کردە بنەمایەك بۆ ئاکار ناسی، چوار ڕەگەزی سەرەکیان لە سروشتدا دیاریکرد کە لە (ئاوو گڵ و هەواو ئاگر) پێك دێن. (ئەبقرات) قوتابخانەو تیزەکەی لەسەر ئەم بۆچوونە بنیاتنا، کە دیدێکی پزیشکی بوو بۆ لێکدانەوەی مرۆڤو پێکهاتەکانی. بەڕای (ئەبقرات)وەك چۆن ئەم چوار ڕەگەزانە لەسروشتدا تێکەڵیو کارلێکردنی ئەم چوار ڕەگەزانە لە جیهانی ئەستوویی (ماددی)دا شێوازی جۆراو جۆر بە بوون دەبەشێ، مرۆڤیش بەهەمان شێوە بەرەنجامی تێکەڵاوبوونی ئەم چوار ڕەگەزانە، دەبێتە خاوەنی ئاکارو ڕەوشتو خوو خدەی جۆراوجۆر.

سۆفستاییەکانیش بیرو ڕایەکی دیکەیان هەبوو، ئەوان پێیان وابوو لەم سروشتو گەردوونەداو ناو جیهانی بوونەدا، ڕاستییەکانو ئەو بەهایانەی بەبوون بەخشراون، ڕێژەیینو مرۆڤ بۆخۆی خاوەنی ئەو بەهایانەیەو ئاکاری چاكو خراپو ئاکارو بەهاکانی دیکەش لەلایەن مرۆڤەوە مانایان پێدراوە، بۆیە مرۆڤ پێوانی هەموو شتێکەو ئاکاریش بەردەوام لە گۆڕاندایەو لە حاڵەتێکی جێگیرو نەگۆڕدا نامێنێتەوە. بەڵام هەندێکی دیکە بڕوایان بەوە نەبوو مرۆڤ پێوانە بێ بۆ دیاریکردنو بڕیاردانی ئاکاری چاكو خراپو جوانیو ناشیرینی. (سوقرات) یەکێك بوو لەو فەیلەسوفانەی کە پێی وابوو لەو دیو ئەم ڕێژەگەراییەی

سۆفستاییەکانەوە بەهای جێگیرو نەگۆڕ هەیە. ڕزگارکردنی کەسێك لە خنکان و تێرکردنی برسییەك لەهەموو کات و شوێنێك و هەرکەسێك ئەنجامیان بدا کاری چاکە. سوقرات پێی‌وایە ئەوانەی چاکەکار نین و خراپە دەکەن، ناتوانن ئاکاری چاك و خراپ لە یەکدی جیابکەنەوە، بۆیە بۆ ئەوەی کەسێك چاکە بکاو لە خراپە دوور بکەوێتەوە، پێویستە پێشتر هەریەك لە چاکەو خراپە بناسێ. بۆیە زانینیش بە بەشێك لە ئاکاری چاك دەژمێردرێ. چونکە بەهۆی زانین و شارەزاییەوە مرۆڤ زیاتر نەزانراوەکانی بۆ ئاشکرا دەبن و دوای ئاشکرا بوونی ئەو نەزانراوانە، مرۆڤ دەتوانێ دەستنیشانی چاکی و خراپی و جوانی ناشیرینییان بکا. ئەگەر بۆ ئەو بۆچوونەی سوقرات نموونەی کەسێك بێنینەوە کە لە ژوورێکی تاریکدایەو بەهۆی تاریکی ژوورەکەوە، کەلوپەلەکانی نێو ژوورەکە نابینێ، دوای ئەوەی ژوورەکە ڕووناك دەبێتەوە دەزانێ چی لەنێو ژوورەکەدایە. بەڵام بۆ ئاکارە بەرزو بەها چاکەکان کە مرۆڤێکی چاکە خوازی پێ لەمرۆڤێکی خراپ جیادەکرێتەوە، تەنها زانین و ناسین بەس نییە، چونکەپێویستە مرۆڤ دوای ئەوەی ئاکاری چاك و خراپی ناسی و بۆی لەیەکدی جیاکرایەوە، دەبێ هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەریاندا دیاری بکاو ئەو کاتە لێپرسراو دەبێ. ئەگەر مرۆڤ بەهۆی نەزانینەوە کارێکی خراپی ئەنجامدا، لەسەرەنجامی‌ئەو کارە بەرپرسیار نابێ. کاتێکیش بڕیاری پەشیمان بوونەوەی داو دانی بە تاوانەکەیدانا، ئەوا بەپێی لێبووردەیی ئەو کەسەی کەخراپەکەی بەرامبەرکردووە، دەخشرێ یان بەپێچەوانەوە. زانین و تێگەیشتن هۆکارێکن بۆئاشکرابوون و دەرکەوتنی نادیارو ئەوەی بەلای مرۆڤەوە شاراوەیە. زانین و ئاشکرابوون مرۆڤ لەو ڕاڕایی و گومانە ڕزگار دەکەن، کە بەهۆی نەزانین و

نەشارەزاییەوەرووبەرووی دەبێتەوە. بەڵام بۆئەوەی مرۆڤ ببێتەکەسێکی چاکە خوازوواز لەخراپە بێنێ، ناسین بەس نییە، چونکە مەرج نییە هەر خراپەیەکی مرۆڤ دەیکا بەهۆی نەزانینەوە بێ. زۆرجار مرۆڤ دوای ئەوەی چاکەو خراپەشی بۆ لەیەکدی جیادەبێتەوەو دەیانناسێ، بەڵاموازلەخراپە ناهێنێو چاکە ناکا. بۆیە ناکرێ ئەم بۆچوونەی سوقراتوەك چەمکێکی هەمەکیو نەگۆڕ لێی بڕواندرێوگشتگیر بکرێ.

(ئەفلاتون) کە فەیلەسوفێکی دوای سوقراتە، پێیوایە ئەو گوتەیەی سوفستاییەکان کەدەڵێن((مرۆڤ پێوانەی شتەکانە)) بۆ جیهانی بەرهەستو هەمیشە گۆڕاو ڕاستە، بەڵاموێڕای ئەم جیهانە هەستیار(المحسوس)ە، کەلەحاڵێتیکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێو مرۆڤیش بەئەندازەی کاریگەری ئەم جیهانە لەسەری، بۆچوونو بڕیارەکانی دەگۆڕێن. مرۆڤو ئەم ژینگەیەی تێیدا دەژی کار لەیەك دەکەنو پەیوەندی مرۆڤیش بەسروشتو ژینگەوە دەگۆڕێ لە حاڵەتێکی نەگۆڕدا نامێنێتەوە. بەڵاموێڕای ئەم جیهانە هەستیارە گۆڕاوە، جیهانێکی دیکە هەیە، کەلای ئەفلاتون جیهانی ئایدیا(عالم المثل)ە، کە جێگیرو نەگۆڕە. ئەگەر سەیری درەخت بکەین، دەبینین چەندان جۆری درەخت هەیە، قەیسی، سێو. . . هتد ئەمانە درەختن، لەنێوان ئەم درەختانەدا کامە درەختە؟ ئەفلاتونوەڵامی ئەم پرسیارە بەوە دەداتەوە، کە مەبەست لەدرەخت ئەو درەختەیە، کەلەجیهانی ئەبستراکتو ئایدیادایەو چەمکێکی عەقڵییەو هەموو ئەو تایبەتمەندیو خەسڵەتانەی تێدایە، کەلە درەختەکانی دیکەدا هەن. درەختی ڕاستەقینە ئەوە نییە کە ئێمە دەیبینین، بەڵکو ئەوەیە کە لەعەقڵو جیهانی ئەبستراکتدا نیشتە جێیە. ئەفلاتون ئەم نمونەیە دەگوازێتەوە

بۆ بواری ئاکارو پێیوایەوەك چۆن لەسەرووی ئەم درەختانەوە کە دەیانبینین خودی درەخت هەیە، کە لە جیهانی عەقڵ و ئایدیا دایە. ئاکاریش بەهەمان شێوە، تێرکردنی برسییەك، یارمەتیدانی لێقەوماوێك، ئەمانە کرداری چاکن، بەڵام لەودیوی ئەم کردەوە بەرچاوو بینراوانەوە، خودی چاکەو چاکەکاری بەشێوەیەکی ئەبستراکتو لە جیهانی ئایدیاو عەقڵدا هەیە. ئەفلاتون بڕوای بە دوو جیهان هەیە، یەکێکیان هەستپێکراووبەرجەستە، ئەوی دیکە جیهانی ئایدیاو عەقڵییە. لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە ئێمە ڕۆژانە لەنێوان جیهانێکدا هەڵسوکەوت دەکەین و ئەوەی دەیبینین وێنەیەك یان سێبەرێکی جیهانی ئایدیاو عەقڵە، ئەوەی ئێمەوەك ڕاستی یان چاکی و جوانی دەیبینین، وێنەو سێبەری جیهانێکی سەرووی ئەم جیهانە هەستپێکراوو بینراوەن.

ئەرستۆ فەیلەسوفێکی دیکەی یۆنانییە، کەباسی ئاکاری کردووە، ئەرستۆ پێیوایە کایەی بیرکاری و ئەو زانستانەی کەبە بەڵگە دەسەلمێنرێن((الرياضيات،العلوم البرهانية)) لەکایەی ئاکار جیایە، چونکە ئاکار بەپێی سروشت ونارەزووی کەسەکان و ئاستی تێگەیشتنیان دەگۆڕێ، بەڵام بەلای ئەرەستۆوە زانستی سیاسی لە هەموو زانستەکانی دیکە زیاتر پەیوەندی بەئاکارەوە هەیە. کاتێك سیاسەت پەیوەندی بەبەڕێوەبردنی دەوڵەتشارەوە هەبێ و چۆنێتی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێکبخا، ناکرێ ئاکار ڕۆڵی خۆی تێدا نەبینێ و پەیوەندی پێوە نەبێ. وەك چۆن ئاکار پێناسەی جیاجیا هەڵدەگرێ، سیاسەتیش بەهەمان شێوە چەندین پێناسەی جیاجیای هەیە. لای ئەرەستۆ چاکە لەناوەندی دووخراپە دایە (الفضيلة،وسط بين رذيلتين)وەك ئازایەتی، بریتییە لەحاڵەتێك کە دەکەوێتە ناوەندی

سەرکەشی‌و ترسنۆکییەوە. لەهەمان کاتدا چاکە دژ بەهەر یەك لەو دوو خراپانەیە. کەواتە کاتێك چاکە دەکەوێتە ناوەندی دوو خراپەوە سەر بەهیچ یەکێك لەودووانە نییەو ناکۆکە لەگەڵ هەریەکێکیاندا. ئەگەر بەلای هەریەکێك لەم دووانەدا بچی‌وناوەندەکە بەجێ بێڵێ، پێدەنێتە سنووری خراپەوە، کەبەهۆی زیادەڕەوی(الأفراط) یان کەمڕەوی (التفریط)ەوە دەبێ. ئازایەتی کەدەکەوێتە ناوەندی سەرکەشی‌و ترسنۆکییەوە کاتێك دەبێتە سەرکەشی،کەزیادەڕەوی تێدا بێ‌و کاتێکیش دەبێتە ترسنۆکی، کەبەلای کەمڕەویدا بێ‌ولەهەردوو حاڵەتەکەدا لەناوەند دوور دەکەوێتەوە. کاتێك ئازایەتی لەناوەند دوور دەکەوێتتەوەو خەسڵەتی سەرکەشی‌وەردەگرێ، لەخەسڵەتی ئازایەتییەوە نزیکترە، وەك لەوەی لەترسنۆکی نزیك بێتەوە. سەرکەشی زیاتر لەئازایەتییەوە نزیکە، وەك لە ترسنۆکی، ئەم هاوکێشەیە لەهەموو حاڵەتێکداوەك یەك نییەو بەپێی جۆری ئاکارەکە، چ چاك، چ خراپ دەگۆڕێ. ناوەندی نێوان سەرکەشی‌و ترسنۆکی، کە ئازایەتییە، وەك ناوەندی نێوان بێشەرمی‌و ناپاکی نییە،لەناوەندی ئەم دووانەدا ئاکاری چاك نییە.

دوای زانین‌و ناسینی چاکە کارپێکردنی ئەم چاکەیەش بەلای ئەرستۆوە مەرجە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو ئەمەش‌وای لێدەکا لەناو کۆمەڵگەدا شێوازی ژیانی دیاری بکا، ئەمەش پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیەوسیاسەتیش بەدادگەریەوە گرێ دەدا‌و پێی‌وایە دەبێ ئەو دادگەریە بۆهەمووان بێ. پرۆسەی سیاسەتیش پرۆسەیەکی عەقڵییە، بۆیە ئەرستۆ ئەو چێژو خۆشییەی کەبەرەنجامی عەقڵ ڕامانە جیادەکاتەوە لەو چێژەی کەمرۆڤ لەخواردن‌و خواردنەوەدا هەستی پێدەکا، چێژی ئەمانە بەردەوام نییە، بەڵام چێژی عەقڵ‌وچالاکییە

عەقڵییەکان بەردەوامەو کاتی نییە، بەلای ئەرستۆوە ئەو خۆشییەی کە مرۆڤ لەچالاکییە عەقڵییەکاندا دەیبینێ لەچێژە جەستەییەکاندا نایبینێ، ئاکاری ئازایەتی بۆئەوەی بچێتە قۆناغی جێ بەجێکردنەوە، دەبێ بابەتێك هەبێ تاکو مرۆڤ ئازایەتیەکەی تێدا بەرجەستەبکا، بەلام چالاکی لۆژیکیو عەقڵی مرۆڤ دەتوانێ بەتەنیا لەگەڵ خۆیدا ئەنجامیان بدا[٣٣].

پێناسەو بۆچوونی جیاجیا، دەربارەی ئاکار ئەوە ناگەیەنێ، کە ئاکاروەك سوفستاییەکان بۆی دەچن، مرۆڤ پێوانەی شتەکانەوئەوەیوامان لێبکا، گومان لەبوونی ئاکاروەك پێدرلوێکی بابەتیوچەمکێکی نەگۆڕ بکەینوپێمانوابێ لەدەرەوەی سنووری غەریزەو هەست سۆزو عەقڵی مرۆڤ، ئاکارو بەها شوێنگەیەکی نییە. ڕاستە مرۆڤ بەهۆی هەستو سۆزو غەریزەو عەقڵەوە، مانایەك بەچەمكو گوتەزایەکان دەبەخشێو ئەمانیش بەئەندازەی ئەو سنوورو تخوبو تایبەتمەندییەی هەیانە، ئەومانایانە دەبەخشنو گۆڕانی کاتو شوێنو ئاستی تێگەیشتنو ڕادەی هوشیاری مرۆڤ ڕۆڵیان هەیە لە بەخشینی مانای جیاجیا بە چەمكو گوتەزاکان. بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە چەمکی بەهاو ئاکار لەخودی خۆیاندا و بەدەر لە هەلومەرجو کاتو شوێنگە جیاجیاکان، کەدەبنە هۆی ئەوەی مانای جیاجیایان پێببەخشن، خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆیان نییەو ناتوانن بەتەنیشت ڕەهەندی گۆڕاوی ئەو چەمكو گوتەزایانەوە، ڕەهەندێکی نەگۆڕیشییان پێببەخشن. دەشێ ئەوەی سوفستاییەکان باسی دەکەن، لەوڕوانگەیەوە بەڕاست بزانین، کەمرۆڤ ئەنجامی ناهوشیاریو بێتوانایی و لاوازی ئاستی تێگەیشتنی، ببێتە پێوانەی شتەکانو ئەمەش وا لەمرۆڤ بکا دوگماییانە بیربکاتەوەو ئەوەی بۆخۆی لەوکاتەدا

بەڕاستی دەزانێ ڕاستییەکی دیکەقبوڵنەکا. بۆیە ناکرێ ڕوانینی سوفستاییەکان گشتگیربکرێ‌ووەك یاسایەکی نەگۆڕ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

ململانێی نێوان ڕێژەگەراییەکان‌و ڕەها گەراییەکان، دیاردەیەك نییە لەسەردەمی یۆنانییەکاندا سەری هەڵدابێ‌ویەس، بەڵکو بەردەوام چەمك‌و گوتەزاو پێدراوەکان بەبۆچوون‌و ڕوانینی جۆراوجۆر لێك دراونەتەوە. هەموو کاتێك ڕاستییە ڕەهاو سەلمێنراوەکان لەلایەن ئەوانەی دوگماییانە بیریان کردۆتەوە، بەئاسانی دانیان پێدانەنراوە، یان بەردەوام تکوڵییان لێکراوە، بەپێچەوانەوە، ئەو چەمك‌و گوتەزایانەی ڕەهەندی ڕێژەییان هەیەو لەناهوشیاری مرۆڤەوە، بەرگی ڕەهایی‌و پیرۆزییان بەبەرداکراوە، لەلایەن ئەوانەی داکۆکییان لێکردوون‌و لەلایان پیرۆز بوون بەئاسانی‌وازیان لێنەهێنراوە. مێژووی ئاین، چەندان چیرۆکی ئەو گەل‌و نەتەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەبتیان پەرستووەو بەئاسانیش‌وازیان لەو بت پەرستییە نەهێناوە. ئەمەش مرۆڤی دووچاری نامۆبوون کردووە، کاتێك مرۆڤ دەستبەرداری سەربەخۆیی‌و تواناکانی خۆی دەبێ‌و خۆی دەداتە دەست بوونەوەرێکی بێگیان‌و دەیپەرستێ، لەکاتێکدا کەدەبێ مرۆڤ بالاّ دەست‌و سەرووەری ئەو بوونەوەرە بێگیانەبێ. پەیوەندی مرۆڤ بەو بوونەوەرە بێدەسەلاّت‌و بێتوانایەوە، دەبوو لەو ڕوانگەیەوە بێ، کەمرۆڤ بۆ پێویستییەکانی ژیانی هەوڵی کەلکوەرگرتن‌و دەست بەسەرداگرتنی ئەو سروشتەبدا، کە دواتر بەهۆی گەشەکردنی هوشیاری مرۆڤوکەیشتن بە قۆناغێك کە مرۆڤ بەهۆی زیاتر ئاگایی‌و هوشیارییەوە، دەستی بەسەر سروشتدا گرت. کەواتە ناهوشیاری‌و بەدحاڵیبوونی مرۆڤ دەست نیشانی چۆنێتی هەڵس‌و کەوت‌و ڕەفتاری مرۆڤ دەکات‌و بە

پێچەوانەوە هوشیاریو خود ئاگایی مرۆڤیش، والەمرۆڤ دەکا کەجۆرە ڕەفتارو ئاکارێك بنوێنێ، کەبەرەنجامی ئەو هوشیاریو ئاگاییەتی.

مرۆڤ پەیوەندی بەسروشتو دەوروبەرو تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆنێتی ئەو پەیوەندی کردنەیە، هوشیارییەکی ڕاستەقینە جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان مرۆڤو سروشتدا فۆرمەلە دەکا، کە جیایە لەو پەیوەندییەی لەناهوشیارییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەریك فرۆم دەڵێ: ((مەعریفە لەهەڵوێستی لێکترازانو جیابوونەوەی نێوان خودو بابەتدا بەدەست نایەت، بەڵکولە هەڵوێستی وابەستەبووندا بەدەست دێت)). هەروەك گوتە پێی وابوو: ((مرۆڤ هێندە خۆی دەناسێ، کەجیهانیش دەناسێت))(٣٠). لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ سروشتو دەوروبەرو ئەو ژینگەیە بناسێ، پێویستە پەیوەندی بکاو مامەڵەی لەگەڵدا بکا. ئەنجامی ئەو پەیوەندیو مامەڵە کردنە، ڕوانینو تێگەیشتنی جۆرلو جۆر لەبیرو هزری مرۆڤدا فۆرمەلە بووە. هەندێ جار لەسروشت ترساوەو هەندێ جاری دیکەش لەنێوان ترسو خۆشەویستیدا، پەیوەندی نێوان مرۆڤو سروشت بەرجەستەبووە. پەیوەندی مرۆڤ بەسروشتەوە لەحاڵەتێکدا کە تێی نەگەیشتووەو نیاردە سروشتییەکان مایەی سەرنجو ڕامانی بوون، جیابووە لەو قۆناغەی کە مرۆڤ لەسروشت گەیشتووەو دەستی بەسەردا گرتووە. ئەگەر لەهەندێ حاڵەتدا مرۆڤ لەو ڕوانگەیەوە، کە گۆڕانی هوشیاریو ئاستی تێگەیشتنی، ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی چەندین مۆراڵو ئاکاری جیاجیا بەرهەم بێنێو دەستکاری شێوازو ڕووخساری هەندێك لە بەهاو ئاکارەکان بکا، خاوەنی ئەو سروشتەشە، کەهەندێك ئاکارو بەهای

تایبەتی هەیە، لە دەرەوەی شوێنکات ئامادەیەو بەردەوام لەگەڵیدا دەژی.

لۆژیکی نییە بانگەشەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی چەمك و گوتەزاکان و ڕەتکردنەوەی ئاکارو بەها باوەکانی ئەو سەردەمە، کە هەندێك لەو بۆچوون و ڕوانینانە عەقڵیەتی دوگمای قەشەو پاپاکان بەرهەمیان هێنابوو، پاساوێك بێ بۆ ئەوەی کە ئیدی بەپشت بەستن بەعەقڵ مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ئەو ئاکارو ڕەوشتەبەرزانەی مرۆڤ دەکەنە بوونەوەرێکی چاکەخوازو مرۆڤ لەدەرەوەی عەقڵ و تواناکانی خۆی، پێویستی بە بەهاو ئاکارێکی دیکە نییە. ئایینەکانیش بۆ ئەوە نەهاتوون سەر لەنوێ مرۆڤ دروست بکەنەوە. مرۆڤ پێش ئایین و ڕۆشنگەری ووەرچەرخانەکانی دیکە، بوونەوەرێکی دروستکراو بووەو پێویستی بە سەر لەنوێ دروستکردنەوە نییە، بەڵکو پێویستی بەوەیە ڕوانینەکانی دەستکاری بکاو خۆی لەو دوگماییانە ڕزگار بکا، کەبەرەنجامی بێتوانایی و ناهوشیاری خۆیەتی. ڕاستەمرۆڤ خوازیاری گۆڕانکاری و بەخشینی مانای نوێیە بەچەمك و گوتەزاکان و مشت و مڕو لێدوان و گفتوگۆی نێوان بیریارو فەیلەسوفان بیرو هزری مرۆڤیان بەچەندین ماناو لێکدانەوەی جیاجیا دەربارەی ژیان و بوون ئاشناکردووە. وەك چۆن بیریاروفەیلەسوفان بۆخۆیان لەوململانێی فکری و فەلسەفییەی نێوانیان، چالاکی زیاتریان بەبیروهزری خۆیان داوە، خەڵك و

کۆمەڵگەشیان ڕووبەڕووی پرسیاروەڵامی جۆراوجۆر کردۆتەوەوئاسۆی بیرو هزری خەڵکیان فراوانتر کردووە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مێژوو بەردەوام مرۆڤی بەشێوەیەك گۆڕیوە، کەمرۆڤی

دوێنــیّ بەتــەواوی بــەجیّ هێڵراوەودەســتكاری كــردن‌و تێپەڕانــدنی مانــاو گوتەباوەكان بەو مەبەستە نییە كەسەرجەم مۆراڵ‌وپێدراوی نــویّ مــژدە بەخش‌و مایەی ئاسوودەییەو ئــەوەی ترانسیۆن‌ویاوە، هــەمووی مایــەی نەهامەتی‌و بەشمەینەتییەو دەبیّ مرۆڤ دەستبەرداری ســەرلەبەریان بــیّ. زاناو بیرمەندانی ئیسلامی بەكاریگەری فكری یۆنــانی بەچــەندین ڕوانــین‌و بۆچــوونی جیاجیــا لــەئاكاریان ڕوانیــوە. هەریــەك لەكنــدی‌و رازی‌وفــارابی. . . هتــد، قســەیان لەســەر ئاكــار كــردووە. كنــدی بەئامادەبوونی جالینوس لە ئاكار دەدویّ، كندی پێی‌وایە، نابیّ مرۆڤ بــۆ لەدەستدانی ئەوانەی پەیوەندییان بەلایەنی هەستی (الحسی)یەوە هەیە غــەمباریێ، چــونكە ئارەزووەهەســتیەكان بــەردەوام نــابن‌و ئێمــەش، بەپێچەوانەی ئەو سروشتەی هەیانــە دەمانــەویّ بــەردەوام بــن، ئەمــەش دووچــاری خەفــەتمان دەكــا، بۆیــە پێویســتە گرنگــی بەچــالاكیە عەقلیــەكانمان بــدەین، كەئــەوان خەســڵەتی بــەردەوامییان هەیــەو لەدەســتمان دەرناچــن‌و دەتــوانین بــەردەوام لەگەڵیانــدا بــین. رازی لەبەرئــەوەی كــە پزیشــك بــووە، مامەڵــەكردنی لەگــەڵ جەســتە، چ لەشساغی‌و چ نەخۆشی جەستەوای لێكردووە كەبەهەمان شێوە مامەڵــە لەگەڵ ئاكاریشدا بكاودەروونی مرۆڤی‌وەك جەستە تەماشاكردووە، وەك چۆن لەش نەخۆش دەبیّ‌و چاك دەبێتەوە، دەروونی مــرۆڤیش بەهــەمان شێوە نەخۆش دەبیّ‌و چاكیش دەبێتەوە.

بــەلای ڕازییــەوە، سەرچــاوەی ئاكــاری جــوان عەقڵــەو مــرۆڤ بــەهۆی عەقڵــەوە دەتــوانیّ زاڵبــیّ بەســەر ڕەوشــتە نــزم‌و ناپەســندەكاندا، كەسەرچاوەیان هەوەس‌و ئارەزووی بەدە، كەمرۆڤواڵیدەكەن دوای ئــەو ئــارەزووە خراپانــە بكــەویّ. كاتێــك ڕازی زاڵبــوون بەســەر جەســتەدا،

بەهۆکارێك دەزانێ بۆ ئازادی عەقڵ‌و ئاسودەیی گیانیی، مەبەستی لەوەنیە ڕێگەیەکی سۆفیگەرا بگرێ‌و جەستە ڕەتبکاتەوە، بەڵکو پێی‌وایە بەهۆی عەقڵ‌و فەلسەفەوە مرۆڤ دەتوانێ زاڵبێ بەسەر ئەو ئارەزووە جەستەییانەدا، کەمرۆڤ بەرەو خراپەکاری دەبەن. هەروەها رازی بەکەڵکوەرگرتن لەئەفلاتون بنەمای چێژ دیاری دەکا. کاتێك باسی چێژ دەکرێ، دەبێ باسی ئازاریش بکرێ، چونکە چەشتن حاڵەتێکە مرۆڤ لەو ئازارە ڕزگاری دەکا، کەبەبێ ئەو چەشتنە هەستی پێ‌دەکا. مرۆڤ لەکاتی چەشتندا دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی پێش ئازار چەشتن. ڕازی، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەمە، کەسێك بەنموونە دێنێتەوە، کەلەژێر سێبەرێکدا بووەو دوایی چووەتە بەر هەتاوو گەرمای بووە، کاتێك دێتەوە بەر سێبەرەکە تائەو کاتە هەستکردن بەچێژوو چەشتن بەردەوام دەبێ تا دەگاتەوە حاڵەتی یەکەم جاری، کەلەبەر سێبەرەکەبووە. لێرەدا دەردەکەوێ کەبۆ تێگەیشتن لە ئاکارو ڕەفتاری مرۆڤ، تێگەیشتن لەجەستەی مرۆڤ پێویستە. ئەگەر لەشساغی‌و تەندروستی مرۆڤ ئەوە بێ جەستەی مرۆڤ نەخۆش نەبێ‌و ئازاری نەبێ، ئەوا دەروون‌و ئاکاری مرۆڤیش بەهەمان شێوە، دووچاری نەخۆشی‌و چاکبوونەوە دەبێ‌ووەك چۆن نەخۆشی جەستە پێویستی بە چارەسەرە، ئەوا لایەنی دەروونی مرۆڤیش لەکاتی نەخۆشیدا پێویستی بەچارەسەر هەیە. ڕق‌و کینەو ئیرەیی‌و خەم‌و خەفەت‌و چەندان نەخۆشی دیکە، کەپەیوەندییان بەلایەنی دەروونی‌وئاکارەوە هەیەڕێگا چارەی جۆراجۆریش هەیە بۆ چارەسەریان. لەبەرامبەر ئەم ئاکارانەدا کەبەنەخۆشی ئاوزەدمان کردن ئاکاری چاکیش هەیە، کە لەدڵنەرمی‌ولێبوردەیی‌وبەزەییدا بەرجەستە دەبن(٢٢٢).

ئەگەر نەخۆشی جەستە، تێکچوونی هاوسەنگی مرۆڤ بێو لەشساغی گەڕانەوەی ئەو هاوسەنگییە بێ، ئەوا نەخۆشی دەروونیش وەك نەخۆشی جەستە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی هاوسەنگیو مرۆڤ لەو لادانە ڕزگاری بێ. دیارە چارەسەرکردنی نەخۆشی جەستە بەو دەرمانانە دەبێ کە بۆ چاکبوونەوەی جەستە تاقیکراونەتەوەو دەبنە هۆی چاکبوونەوەی لەش. دەروونی مرۆڤیش پێویستی بەوە هەیە لەڕێگەی جۆراو جۆرەوە چاك ببێو لەئاکاری بەدو ناپەسند بگۆڕێ بۆ ئاکاری چاك. ئەمەش وەك جەستە نییەو پێویستی بەمیکانیزمی تایبەتی هەیە، ئەگەر ئامۆژگاریکردن یەکێك بێ لەومیکانیزمانە، ئەوا دەشێ هەندێ جار ئامۆژگاریش ئەو ڕۆڵە نەبینێو ئەو کەسە دووچاری جۆرێك لەڕا لەخۆبوونو نکوڵی کردن بێ. کردەی ئاکار کردەیەکی ناوەکییەو دەبێ ئەو کەسە لەناخی خۆیدا گۆڕانکاری بەرپا بکا. ئەگەر مرۆڤی توشبوو بەنەخۆشی جەستەیی خوازیاری چاکبوونەوە بێ، ئەوا کەساتی نەخۆش بەئاکارە خراپەکان زۆر جار، نەك هەر هەوڵی گۆڕانکاری نادەن، بەڵکو دەیانەوێ لەسەر ئاکارەکانیان بەردەوام بن. ئەگەر نەخۆشی جەستەییو دەروونی لەڕواڵەتدا جۆرە لێکچوونێکیان لەنێواندا هەبێ، ئەوا لەناوەرۆکدا جیان. فارابیش لەشارەکەیدا باسی ئاکاری کردووەو لەئاکاری چاكو خراپ دواوەوجیاکاری کردووە لەنێوان ئەو چێژانەی سەرچاوەکەیان جەستەیەو ئەوانەی سەرچاوەکەیان عەقڵە. فارابی پێیوایە مرۆڤ بەسروشت خاوەنی هێزو ئامادەگییە بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە لەیەکدی. سروشتو توانای خەڵکوەك یەك نییە. هەندێك لەڕووی فکرو عەقڵەوە بەهێزنو دەتوانرێ بۆ بەڕێوەبردنی شار کەڵکیان لێوەربگیرێ وهەندێکی دیکەلەپیشەدا شارەزان وبەهۆی شارەزاییان لەو

پیشانەدا ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن. بۆیە پێویستە هەرکەسە بەپێی توانا و شارەزایی ئەو بوارەی خۆی کەڵکی لێوەربگیرێ تاکو شارلەهەموو ڕوویەکەوە بەشە جیاجیاکانی بەیەکەوە گرێبدرێن. فارابی چەمکی ناوەندواتا، نە زیادەڕەویکردن ونە کەمڕەویکردن لەئاکاردا، کە چەمکێکی ئەرستۆیە بەگرنگ دەزانێ و پێی چاکە پەیڕەوی لێبکرێ. هەروەها پێیوایە ئەمەش بەهۆی بەکارهێنان و پڕاوە لەسەر کردن مرۆڤ دەتوانێ بیکاتە ئاکارێکی بەردەوام لەخۆیدا و لەسەری ڕابێ.

فارابی لەنێوان ئەفلاتون و ئەرستۆدا ڕوانین و بۆچوونەکانی دەربارەی ئاکار و چۆنێتی بەڕێوەبردنی شار و پەیوەندی نێوان تاکەکانی دەردەبڕێ. ئەگەر ئەرستۆ ڕوانگەی بۆچوونەکانی یۆنانییە و پێیوایە، خەڵکی یۆنان لەچەند چین و توێژێك پێك هاتوون و هەندێکیان کۆیلەن و کۆیلەش بەحاڵەتێکی سروشتی دەزانێ، ئەوا فارابی بەکاریگەری بیرۆکەی کسرەویەتی ئێرانی، بیرۆکەی پاشایەتی بەرجەستە دەکا و پێیوایە سروشتیە کە هەندێ کەس دەبێ پاشا بن و داوا لە خەڵکیش دەکا ملکەچی بن، چونکەوەك چۆن لای ئەرستۆ کۆیلایەتی سروشتییە، ئەوا لای فارابی پاشایەتی سروشتییە. کاتێك فارابی لەشارەکەیدا بەراووردی نێوان ئەو سیستەمە دەکا کە لەگەردووندا هەیە و ئەمەش بەسەر شارەکەیدا پیادە دەکا. لەم بیرۆکەیەدا لە ئەفلاتون نزیك دەبێتەوە و لەئەرستۆ دوور دەکەوێتەوە[٢٦].

عەقڵ لەنێوان کرانەوەو داخراندا

ئەگەر دان بەڕوانینو بۆچوونی، ئەوبیرمەندوفەیلەسوفانەدا بنێین، کەعەقڵ وەك پێدراوێکی سروشتیوزگماکی پێناسەدەکەن، ئەوا متمانەبەئەگەری گۆڕانی عەقڵی داخراوودوگما، بەرەو کرانەوەو گۆڕان کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانەشەوە، هەندێك لە بیریاروفەیلەسوف لەوباوەڕەدان کەئەگەری گۆڕانی عەقڵ بەگشتیوعەقڵی دوگما بەتایبەتی لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، چاوەڕوانکراوە.

گۆڕانی هەلومەرجو بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی، ڕۆڵی دیارونائاشکرای هەیە، لەگۆڕانی عەقڵی هەرگەلونەتەوەوتاکێکی ئەوگەلو نەتەوەیە، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە. خوێندنەوەی عەقلیەتی هەرگەلونەتەوەیەك لە کاتێکەوە بۆ کاتێكو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ. پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتو ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی چۆنێتی عەقڵو بیرکردنەوە مرۆڤ دیاری دەکا.

عەقڵی یۆنانی لەڕوانگەی ئەزموونەوە پەیوەندی بە سروشتەوە کردووەو ڕووداوو دیاردەکانی سروشت، لەلای یۆنانیەکان لەڕوانگەی ئەو هۆکارانەوە لێکدراونەتەوە کەبەرەنجامی چەند ئەزموونوتاقیکردنەوەیەکی دیاریکراوبوون، بەلام عەقڵی عەرەبی وەك جابری باسی دەکا ڕەهەندی هەستو سۆز ڕۆڵی دیوە لەم پەیوەندیەدا[٣٣]. ئەگەر عەقڵی عەرەبی لەخودەوە بەرەو بابەت جوڵەی کردبێ، ئەوا عەقڵی یۆنانیو لەدواییدا ئەورووپی سەرەتا لە لەبابەتیان کۆڵیوەتەوە. عەقڵو ڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە چەندە بەرەنجامی بیرکردنەوەو ڕامانی ناوەکیو خودی ئەوتاکانەیە، ئەوەندەش بەرەنجامی ئەو بەریەککەوتنو مامەڵەیەکەئەو تاکانە لەگەڵ ژینگەو

ئـەو کۆمەڵگەیـەی تێیـدا دەژیـن لەلایـەن فۆرمەڵـە دەبـێ. ئـەو بـەر یەککەوتن‌و پەیوەندییەی نێوان تاك‌و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، دەشێ لە لایەك عەقڵێکی داخرلو بەرهەم بێنـێ‌و لەلایەکی دیکـەوە عەقڵێکی کـراوە. عـەقڵی داخـراو نایـەوێ لەوچوارچـێوەو سـنوورە دەرچـێ کەبەرەنجامی پەیوەندی نێوان تـاك‌و سروشـت‌و ژینگـە فۆرمەڵـە بـووەو نایـەوێ عـەقڵی بـاو تێپـەڕێنێ‌و بەچـەندین پاسـاوی جۆراوجـۆرەوە، پارێزگاری لەوڕوانین‌و بۆچوونانە دەکا، کەلەسەردەم‌و قۆناغی جیاجیادا نەوەکان یەك لەدوای یـەك پاراستوویانە. یـەکێك لـەو هۆکارانـەی‌وادەکا کەعەقڵی هەر کۆمەڵگەیـەك داخـراوی بمێنێتـەوە ترسان‌و سڵکردنەوەی هـەڵگرانی پـەیامی چاکسـازی‌و گۆڕانـە، بۆیـە (کانـت) ی فەیلەسـوفی ڕۆشـنگەری جـەختی لەسـەر ئـەوەدەکردەوە کـەمرۆڤ دەبـێ بوێرانـەو سەربەخۆییانە عـەقڵی خـۆی بەکاربێنێ[٢٨]. کێشـەی هـەڵگرانی پـەیامی خـودایی لەگـەڵ کۆمەڵگەکانیانـدا ئـەوە بـووە، خـەڵك بەئاسـانی دەستبەرداری داب‌و نەریت‌و بۆچوون‌و ڕوانینی باوك‌و باپیرانیان نەبوون. چ هـەڵگرانی پـەیامی خـودایی‌و چ فەیلەسـوف‌و بیریـاران بەبەرامبـەر ڕوانین‌و بۆچوونێك کـە پێچەوانەی ڕوانین‌و بۆچوونی کۆمەڵگـە بـووە، ڕووبـەڕووی کێشـەو گرفـت بوونـەوەو بەچـەندین شـێوازی جۆراوجۆردژایەتییان کـراوە. مـرۆڤوەك چۆن بۆپاراسـتنی بـوونی خـۆی لـەڕووی جەسـتەییەوە بەرپەرچـی هـەر هێـرش‌و پـەلامارێك دەداتـەوە کەبکرێتە سەری، بۆ پاراسـتنی عەقڵ‌وبۆچوونە عـەقڵی‌و فکریەکانیشـی ئەو بەرگرییە دەکا. ئەو باوەڕو بۆچوونانەی مرۆڤ دەربارەی ژیان‌و بوون لـەلای فۆرمەڵـە دەبـن، تێکـەڵ بەهەست‌و نەست‌و هۆشیاری دەبـن‌و بەسـۆزو خۆشەویسـتییەوە گوزارشـتیان لێدەکـا. ئـەم سـۆزو

خۆشەویستییەی مرۆڤ بۆ ئەو ڕوانینو بۆچوونو دابو نەریتانەی پێشینانی دەبێتە هۆی ئەوەی دووچاری چەقبەستنو دۆگمایی ببێو بەئاسانی دەستبەردار یان نەبێ. ئەرکی هەڵگرانی پەیامی چاکسازی بیریارو فەیلەسوفان دەبێ بوێرانە بێو بەمتمانە بەخۆبوونەوە دەستکاری ئەو چەمكو گوتەزایانە بکەن، کە بەپاساوی جۆراو جۆرەوە بەبێ دەستکاری کردنو قسەلەسەرکردنیان لە هوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەدا ماونەتەوە. دەستکاری کردنو هەوڵدان بۆ بەخشینی مانایەکی جیا لەوانەی دیکە بەهەر چەمكو گوتەزایەك، مانای ڕەتکردنەوەو قبوڵنەکردنی ئەو گوتراوانە نییە. دەستکاری کردن بەهەر ئامانجێك بێ چالاکییەکی عەقڵییەوعەقڵ لەوچوارچێوەیە دەرئێنێ کەبواری جوڵەی نادا. هەندێ جار گەڕانەوە بۆ فکرونیدی سەدەکانی پێشترو جارێکی دیکە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنیان، جۆرێکە لە گۆڕانکاریو چالاکی عەقڵیووزەبەخشینە بەتواناعەقڵیوفکرییەکانی مرۆڤ. (لیوتارد)دەڵێ: ((پۆست مۆدێرنەبریتی نییە لەمۆدێرنەیەك لەدواهەمین قۆناغەکانی ژیانیدا، بەڵکو بریتییە لەمۆدێرنەیەك لەبێشکەدایەو هەرگیز لەوبێشکەیەش نایەتە دەرەوە))[٧٦]

عەقڵی داخراو نایەوێ لەو چوارچێوەیەی بۆخۆی بڕوای پێیەتی بێتەدەرێو لە هەمان کاتدا بڕوای بەبۆچوونو ڕوانینەکانی دەرەوەی عەقڵی خۆشی نییە، بۆیە چەندەعەقڵی خۆی ناخاتە ژێر پرسیارەوەو بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکا، بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەوی دیکەدا بەگومانەو نایەوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکاو هەندێ جار نەك هەر عەقڵی بەرامبەر ڕەتدەکاتەوە، بەڵکوئامادە نییە گوێشی لێبگرێ. ئەمەش پێچەوانەی عەقڵی کراوەیە کە بەردەوام دەیەوێ لە دایەلۆگو گفتوگۆ

دابێ و نەک هەر ئامادەیە گوێ لەئەوی دیکە بگرێ و گفتوگۆی لەگەڵدا بکا، بەڵکو ڕوانین و بۆچوونەکانیشی قبوڵدەکا. عەقڵ لە ئەنجامی کرانەوەو چالاکبوونیدا، زیاتر سروشت و دەوروبەر دەناسێ و چەمکوواتای دیکە بەدیاردەو بینراوەکانی نێو ژیان و بوون دەبەخشێ و بەپێچەوانەوە کاتێک عەقڵ دەرگا لە ڕووی بەرامبەر دادەخا، لەچوارچێوەی ئەو گوتەزاو زانینانەدا دەمێنێتەوە کە پێشتر بەرهەم هاتوون.

عەقڵیەتی کراوەو داخراو، تایبەت نییە بەتیۆرو فکرو باوەڕێک، ئەوەی کە کەسێکی خاوەن عەقڵیەتی دوگما لەکەسێکی خاوەن عەقڵیەتێکی کراوە جیادەکاتەوە، دوو ڕوانین و فکرو فەلسەفەی لێک جیای ئەو دوو کەسە نییە، بەڵکو لەنێو یەک جۆر فکرو ڕوانین و ئاییندا، عەقڵیەتی داخراووکراوە هەیە. ئەگەر دوو فکرو ڕوانین و ئایینی لێک جیا داخراوانە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن و ئەمیان ئامادەنەبێ ئەوی دیکە بخوێنێتەوە، ئەوا لەنێو لایەنگرانی یەک جۆر ئایین و فکرو فەلسەفەدا عەقڵی داخراووکراوە هەیە. نابێ وابزانین کەکەسێک هەڵگری فکروئایدۆلۆژییەک بێ و بانگەشە بۆ جۆرە فەلسەفەو ڕوانینێک بکا، ئەوا لەژیانی ڕۆژانەو کردەیی ئەوکەسەدا، ئەو ڕوانین و فکرە بەرجەستە دەبێ، دەشێ زۆر جار بەپێچەوانەی فکرو ڕوانینەکەیەوە ڕەفتار بکا. ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی هوشیاری و حاڵەتی سایکۆلۆژی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێک جیا، وێنەی جیا بەفکرو ڕوانینەکان دەبەخشێ. عەلی حەرب دەڵێ:((فکر بەرهەمی ئەزموونی ڕاستەقینەمانە، نەک لەبەرزاییەوە دابەزێ بۆ لامان)) [٨]. چۆنیتی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو فکرو ئایدۆلۆژییەی بانگەشەی بۆ دەکا، ئەو فکرو ڕوانین و

ئایدۆلۆژییە بەرەو داخران یان کرانەوە دەبا. چۆنێتی مامەڵەکردن و ئەزموونەکانی ژیان فکرێکی وەک فکری مارکسی بەرەو داخران یان کرانەوە دەبا، ئەمە بۆ فکرەکانی دیکەو فکری ئایینیش ڕاستە، بۆیە ڕاست نییە فکرێک بەشێوەیەکی گشتی و سەرتاپا گیر بەداخراو یان کرانەوە ئاوزەد بکرێ. دەشێ هەندێک فکرو ڕوانین و فەیلەسوفانیش لەبنەڕەتداو لەخودی خۆیاندا هەلگری دیدێکی داخراو یان کرانەوەبن. کاتێک عەقڵ و فکرێک دووچاری ئەرجسیەت و بڕوا بەخۆبوونێکی کوێرانەو بێبنەما دەبێ، ناتوانرێ بەئاسانی ئەو دەرگاو دەلاقانەی بەڕوودا بکرێنەوە کە بەپاساوی جۆراوجۆرەوە نایەوێ بیانکاتەوە. عەقلیەتی کراوە بەپێچەوانەی داخراو، دەرگاو پەنجەرەکان دانانخاو گوێ لەفکرو بۆچوونی بەرامبەر دەگرێ، چونکە لەوە گەیشتووە کەبەگوێگرتن لەبەرامبەرو ئامادەگی بۆ گفتوگۆو بەیەکەوە دانیشتن و ڕاگۆڕینەوە، نەک زیان بەفکرو بۆچوونەکانی خۆی ناگەیەنێ، بەڵکو دەبێتە هۆی گەشەو چالاکی زیاتری ئەو عەقلیەت و فکرەی بانگەشەی بۆ دەکاو لەئاستێکەوە دەگەیەنێتە ئاستێکی دیکە.

زۆرجار عەقڵی داخراو ئەنجامی گرێی خۆبەکەمزانین، دەرگا دادەخاو ئامادەی ئاڵوگۆڕی فکری و مەعریفی نابێ و ئەوەی دیکە بەزیاترو گەورەتر دەزانێ لەخۆی و پێی وایە ئەو جوان و ئەم ناشیرینەو ئەو زاناو ئەم نەزانە. . . . بەپێچەوانەشەوە هەندێ جار تووشی گرێی خۆبەزلزانین دەبێ و خۆی لەبەرامبەر بەزاناترو بەتواناترو بەجوانتر دەزانێ، بەبێ ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی خۆی بکاو ناتەواوییەکانی خۆی ببینێ، بەدوای ناتەواوییەکانی ئەوی دیکەدا دەگەڕێ، بەڵام عەقلیەتێک کە دەیەوێ زیاتر لەجیهان و بوون بگاو نادیارەکانی بۆ ئاشکرابن و بەدوای وەڵامی

پرسیارەکاندا دەگەڕێ، بەلایەوە ئاساییە لەدەرگاکان بداو پەنجەرەکان بکاتەوەو پرسیاریکاو بەدوای وەڵامدا بگەڕێ.

کاتێک عەقڵی داخراو لە ژوورە بچکۆلەکەی خۆیدا دادەنیشێ وپەنجەرەو دەلاقەکان دادەخا، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیدی واز لەوی دیکە دێنێ و قایلە بەو ڕەخنەو تێبینییانەی لەبەرامبەر ئەم داخراوی و دوورە پەرێزییەی ئاراستەی دەکرێ. بەڵکو ڕەخنە لەوی دیکە دەگرێ و تۆمەتی نابەجێی دەداتە پاڵ و چاوەڕوانی ئەوەی ئەوەی لێدەکا، ئەویش وەك ئەم پەنجەرەکان دابخاو لەژوورەکەی خۆی دانیشێ. ئەوەی زیاتر عەقڵی داخراو بەرەوە داخراوی دەباو لەئەگەری گۆڕان دووری دەخاتەوە، ڕوانینی تاکرەهەندانەو پێداگرتنیەتی لەسەر بەکارهێنانی یەك میکانیزم و ڕوانگە کە بەهۆیەوە خۆی و دەوروبەرو ئەوی دیکەی پێ پێناسە دەکاو یەك چاوی هەیە بۆ بینینی جیهان و یەك راڤەو یەك خوێندنەوەی هەیە بۆ چەمك و گوتەزاو دیاردەکان و پێی وایە ئەو راڤەو خوێندنەوانە بەسن بۆ ناسینی ژیان و بوون و جگەلە مانا باوو ئەوەی دیارو بینراوە، ماناو گوتراوو نادیارێکی دیکە نییە بۆ لێکدانەوەو راڤەی ژیان و بوون.

بۆ ئەوەی عەقڵی داخراو خۆی لەو ژوورە بچوك و گۆشەگیربوونەی تێیدا دەژی ڕزگار بکا، پێویستی بەکردنەوەی دەرگاو قبوڵکردنی گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوەیە لەگەڵ ئەوی دیکەدا. پێویستی بە بەکارهێنانی زیاتری وزەو تواناکانیەتی تاچیدیکەلەگۆشەگیری و دوورە پەرێزیدا نەژی. پێویستە زیاتر چالاکییەعەقڵییەکانی گەشە پێبداو لە ئاسۆو دەلاقەو ڕوانگەیەکی دیکەوە بۆ ژیان و دەوروبەربڕوانێ.

پێویستە عەقڵییەتی کراوەش، ڕا لەخۆبوون و متمانەیەکی بێبنەماو کوێرانەوای لێنەکا خۆی لە سەرووی ڕەخنەو تێبینییەوە ببینێ و لەدواییدا ئەمەش بەرەو ئەگەری داخرانی بەرێ. چونکەوەک چۆن لەعەقڵی داخراودا ئەگەری کرانەوەو گۆڕان هەیە، بەهەمان شێوە دەبێ عەقڵی کراوەش پێشبینی ئەو ئەگەرە بکا، کە ڕووڵە داخران و گۆشەگیری بکا، بۆیە بەردەوام پێویستی بەسەر لەنوێ خۆ نوێکردنەوەو بەرچاو ڕوونی هەیە.

پەراوێزەکان

١. الاسلام بين الشرق،الغرب علي عزت بيكوفيچ ص ٦٣

٢. كانت ملامح عن حياته،اعماله الفكرية. تاليف. د. عماد عبدالسلام رؤوف ص ١٩.

٣. فلاسفة اوروبيون. من ديكارت الى برگسون. الدكتور موسى الموسوى.

٤. هەمان سەرچاوە ص ١٧ –١٨.

٥. محمد عابد الجابري. نحن،التراث. دار الطليعة. بيروت.

٦. قەیرانی فیکری هاوچەرخ. د. طه جابر العلواني. وەرگێرانی. ئیبراهیم مەلازادە.

٧. نحن،التراث. الدكتور محمد عابد الجابري ص ٢٨٧.

٨. هەمان سەرچاوە ص ١١١.

٩. فردريك نيتشه. عوسمان ياسين لا ١١٥.

١٠. گۆڤاری رەهەند. ژمارە (٩ – ١٠) ی ٢٠٠٠ لا ٢٠٢.

١١. فريدريك نيتشه. عوسمان ياسين لا ٥٢.

١٢. گۆڤاری هەژان. ژمارە (٦) دەسەڵاتو سیستەم نووسینی. هێمن قەرەداغی لا ١٩.

١٣. ابن رشد، سيرة،فكر. الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية ص ١٥٤.

١٤. المسألة الثقافية في الوطن العربي. الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية ص ٦٣ – ٦٤.

١٥. المسألة الثقافية في الوطن العربي. محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية ص ٦٣ ٦٧.

١٦. پۆشنگەری: تیزێکی ئایدۆلۆژی یان تیزێکی رەخنەگرانە. رێبین هەردی. گۆڤاری رەهەند ژمارە (١١)ساڵی (٢٠٠٠).

١٧. محاضرات جديدة في التحليل النفسي: سيجموند فرويد. ترجمة: جورج طرابيشي. ص ٢١٦.

١٨. گۆڤاری رەهەند. ژمارە ١١ ساڵی ٢٠٠٠ لا ٦٧.

١٩. گۆڤاری پۆشنگەری. ژمارە (١١ – ١٢) لا ١٠٢.

٢٠. مغامرة المنطق البنيوي. ابراهيم محمود ص ٢٢٣ – ٢٣٠ الجزء الاول. البنيوية كما هي !

٢١. استراتيجية التسمية. مطاع صفدي ص ٢١١. في نظام الانظمة المعرفية.

٢٢. لە نێوان مودێرنەو ئیسلامی سیاسی دا. مەریوان وریا قانیع گۆڤاری رەهەند. ژ. ١١ لا ٢٩.

٢٣. محمد اركون. اسلام. اوروبا. الغرب. ترجمة:اسهام. هاشم صالح ص ٢٥

٢٤. گۆڤاری رەهەند. ژمارە ٩ – ١٠ / ٢٠٠٠ مۆدێرنیتی: لەخەونی گۆڕانەوە بۆ خەونی مردن. رێبین هەردی لا ١٨.

٢٥. کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەرکورد. عەتا قەرەداغی لا ١١٥.

٢٦. هەمان سەرچاوەو لاپەرە.

٢٧. محمد اركون. اسلام. اوروبا. الغرب. ترجمة:اسهام هاشم صالح ص ١٩–٢٥.

٢٨. پۆشنگەری سەردەمی عەقڵانیەت. نووسینی: حیتحلی ئووزی‌یەوەرگێڕانی: سەلام مارف. گۆڤاری پۆشنگەری ژمارە ١١ – ١٢ لا ١٣٨ – ١٣٩.

٢٩. فلسفة هيجل. العقل في التاريخ. ترجمة‌تقديم‌تعليق. د. امام عبدالفتاح امام. دار التنوير. بيروت. ١٩٨٣ ص٤٩.

٣٠. فلسفة هيجل / فلسفة الروح. ولترستيس. بيروت. لبنان ص ٥٤.

٣١. هەمان سەرچاوە ص ٥٥.

۳۲. هەمان سەرچاوە ص ٦۳.

۳۳. گۆڤاری ژیار. ژمارە (۸) لا ۲٤ ساڵی ۲۰۰۱.

۳٤. محمد ارکون. نافذة على الاسلام. ترجمة صباح الجهيم. ص ۱۲٥ الطبعة الثانية. ۱۹۹۷ دار عطية.

۳٥. المسألة الثقافية في الوطن العربي. الدكتور. محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الثانية. بيروت. اذار. مارس ۱۹۹۹ ص ۹۹.

۳٦. هەمان سەرچاوە ص ۷۳.

۳۷. یادەوەرییو زەمەن. ڕەهەند. ژمارە (٦) بەختیار عەلی لا ۳۸.

۳۸. محمد اركون. الاسلام. اوروبا. الغرب. رهانات المعنى وارادات الهيمنة. ترجمة واسهام. هاشم صالح ص ۲۹.

۳۹. لقد وعدنا نحن و آباؤنا هذا من قبلُ إن هذا الا اساطير الاولين. سورەتی (المؤمنون) ئایەتی (۸۳).

٤۰. مرۆڤ لەڕوانگەی مارکسەوە، ئەریك فروم. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی. محمد سيد رصاص. وەرگێڕانی بۆ کوردی. هەنگاو لا (۳۳) ساڵی ۱۹۹۹.

٤۱. بیروت پوست مودیرنیزم. شازاد حەمە. بەشی یەکەم. چاپی دووەم. هەولێر لا ۱۷۹ ساڵی ۲۰۰۲.

٤۲. هەمان سەرچاوە لا ۷۹.

٤۳. حديث النهايات. فتوحات العولمة ومازق الهوية: علي حرب. المركز الثقافي العربي. بيروت. لبنان. ص ۲۰.

٤٤. پاکس ئەمەریکانا (سەردەمی هەیمەنەی ئەمریکی) فاروق ڕەفیق. ۲۰۰۲ لا ۲۰.

٤٥. سێ قۆناغەکەی عەقڵ لە فەلسەفەی (هیگل) دا. گۆڤاری (جەماوەر) ژمارە (٦۹) ساڵی (۱۹۹۷) لا ۲۲: عومەر میراودەلی.

٤٦. تكوين العقل العربي:نقد العقل العربي(١): الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. ص ١٨.

٤٧. تكوين العقل العربي: نقد العقل العربي(١): الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. ص ٢٢.

٤٨. بیری پۆست مۆدێرنیزم: ئازاد حەمە: بەشی یەکەم. چاپی دووەم: هەولێر ٢٠٠٢ لا ٨٦.

٤٩. ئایینداری، لێبووردن، مەدەنیەت. وتووێژ لەگەڵ د. عەبدولکەریم سروش، گۆڤاری هەژان. ژمارە (٩- ١٠) لا ٢٣.

٥٠. دەربارەی فەلسەفەی ئیسلام و ڕۆشنگەری. (وەڵامێك بۆ كتێبەكەی كاك مەلا بەختیار) لا ٣٢٣. لەبڵاوكراوەكانی نیوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی ساڵی ٢٠٠٢ نووسینی: مەریوان وریا قانیع.

٥١. وەحی و ئازادی عەقڵی مرۆڤ. نووسینی محەمەد موجتەهید شەبستەری. وەرگێڕانی:شۆڕش سلێمانیوور. گۆڤاری ژیار: ژمارە (١٠ – ١١) ساڵی ٢٠٠٢ لا ٧٧.

٥٢. المثقفون في الحضارة العربية . د. محمد عابد الجابري مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الثانية. بيروت. ٢٠٠٠ ص ٤٤.

٥٣. المثقفون في الحضارة العربية. د. محمد عابد الجابري. ص ٤١. مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الثانية ٢٠٠٠.

٥٤. الاتجاه العقلي في التفسير. د. نصر حامد ابو زيد. الطبعة الثانية ١٩٨٢. دار التنوير للطباعةوالنشر. ص ٢٢.

٥٥. الاتجاه العقلي في التفسير. د. نصر حامد ابوزيد. الطبعة الثانية. ١٩٨٢. دار التنوير للطباعةوالنشر. ص ٢٣ – ٢٤.

٥٦. الاتجاه العقلي في التفسير. د. نصر حامد ابوزيد. الطبعة الثانية. ١٩٨٢. دار التنوير للطباعةوالنشر. ص ٤٧.

٥٧. الاتجاه العقلي في التفسير. د. نصر حامد ابوزيد. الطبعة الثانية، ١٩٨٢، دار التنوير للطباعةءالنشر. ص ٤٥.

٥٨. تكوين العقل العربي. نقد العقل العربي. الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. ص ١٥ – ١٦.

٥٩. هەمان سەرچاوە لا ٣٠ – ٣٣.

٦٠. سەرچاوەی پێشوو لا ٧٦ – ٧٧.

٦١. هەمان سەرچاوە لا ٨٧ – ٨٨.

٦٢. عەقڵی کوردیو گۆران: عەلی کەریم محەمەد لا ٤٩. چاپخانەی سیما – سلێمانی. ٢٠٠٢

٦٣. نقدی برقرائت رسمی أزدین. (بحرانها، چالشها، راه حلها).

سازمان

چاپو انتشاراتوزارت فرهنگیو ارشاد اسلامی. نوبت چاپ. چاپ اول. ١٣٧٩ ص ٣٣١ محمد مجتهد شبستری.

٦٤. گۆڤاری رەهەند. ژمارە (١٢ – ١٣) ساڵی ٢٠٠١ کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی. . . بەختیار عەلی. لا ٣٩.

٦٥. العقل الاخلاقي العربي. نقد العقل العربي (٤). د. محمد عابد الجابري ص ٢٦١ – ٢٦٦ مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الاولى. بيروت، اذار / مارس ٢٠٠١.

٦٦. هەمان سەرچاوە ص ١١٠ – ١١٨.

٦٧. هەمان سەرچاوە ص ١٠٢ – ١١٥.

٦٨. العقل الأخلاق العربي. د. محمد عابدالجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الأولى. ٢٠٠١ ص ٣٦–٣٩.

٦٩. فەلسەفەی ئاینو پەروەردە لای کانت. نووسینی د. عەبدولرەحمان بەدەوی، وەرگێڕانی سامان عەلی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. لا ٣٦.

٧٠. مەریوان‌وریا قانیع. دەسەڵاتو جیاوازی. کۆمەڵەوتار. چاپی دووەم ٢٠٠١ لا ٢٣٥

٧١. العقل الأخلاقي العربي (نقد العقل العربي ٤). الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الأولى. بيروت. آذار– مارس ٢٠٠١ ص٥٥–٥٦

٧٢. هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

٧٣. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٥٨–٢٨٠

٧٤. لەو دیوو زنجیرەکانی‌وەهمەوە. ئەریك فرۆم. وەرگێڕانی عەبدوللاسیوەیلی. ٢٠٠٣سلێمانی. چاپو پەخشی سەردەم. لا١٨٢

٧٥. العقل الأخلاقي العربي (نقد العقل العربي ٤). الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. الطبعة الأولى. بيروت. آذار– مارس ٢٠٠١ ص ٢٩١–٣٠٠

٧٦. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٤٥–٣٥٢

٧٧. تكوين العقل العربي: نقد العقل العربي(١): الدكتور محمد عابد الجابري. مركز دراسات الوحدة العربية. ص ٢٨–٣٠.

٧٨. دەربارەی فەلسەفەی ئیسلامو ڕۆشنگەری. (وەڵامێك بۆ كتێبەكەی كاك مەلا بەختیار) لا ٢٦١. لەبڵاوکراوەکانی نیوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ساڵی ٢٠٠٢ نووسینی: مەریوان‌وریا قانیع

٧٩. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٥٩

٨٠. أسئلة الحقيقةورهانات الفكر. علي حرب. دارالطليعة للطباعةوالنشر. بيروت ١٩٩٤ ص ٩